# ئەنفالی سێ‌و
# کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی
# لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال



توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەهەردوو ناحیەی شۆڕش‌و رزگاری


توێژەران

هێمن باقر عەبدول

بەرهەم عومەر عەبدوڵا

ناوی کتێب: ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال

بابەت: توێژینەوە

ئامادەکردنی: هێمن باقر عەبدول- بەرهەم عومەر عەبدوڵڵا

تایپ: بەرهەم عومەر عەبدوڵڵا

هەڵەچن: ئومێد محەمەد

مۆنتاژو بەرگ: عومەر حسێن ئەحمەد

وێنەی بەرگ: فایەق حەمەسالح

وێنەی ناوەوە: ئەرشیفی مۆزەخانەی (تا لەیادمان نەچێت)

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠٠٤

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٣-

# بەخێربێن بۆ دۆزەخ

**دەستنووسی پاسەوانێک**

**لەسەر دەروازەی سەرەکیی**

**قەڵای نوگرە سەلمان**

لەکتێبی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، لاپەڕە(٣٩٢)

پێشکەشە بە:

# ئەلشەزرەجی

ئەنفالچی دوێنێ و بێتاوانی ئەمڕۆ!



نزار خەزرەجی لەکاتی ئەنفالکردنی گوندی عەسکەردا

# وتەیەک

وەك ئەوەی ئەنفال بووە خاڵێكی ڕەشی سیاسەتی شۆڤینیانەی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكیو ناسنامەی نەتەوایەتی گەلی كوردو ڕەمزی چەوساندنەوەی، ژنانی پاشماوەی ئەنفالیش بوونە خاڵێكی ڕەشتری سیاسەتی ئەو حیزبەو ئەركێكی نەتەوایەتی لەسەرشانی گەلی كوردو دەسەڵاتە سیاسییەكەی، گرنگیدانی دەسەڵاتی كوردیو ڕێكخراوە حكومییو ناحكومییەكانی كوردستانو سەرنجڕاكێشانی ڕێكخراوە بیانییە مرۆڤدۆستەكانیشی بۆ ناوچەی گەرمیان لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەو ناوەندەشدا یەكێتی ژنانی كوردستان لەخەمی خزمەتكردنی ژنانی پاشماوەی ئەنفالدا هەوڵی جیاجیای داوەو چاپكردنی ئەم لێكۆڵینەوەیەش لەچوارچێوەی ئەو هەوڵانەدایە، ئەویش بەمەبەستی خستنەڕووی كێشەكانی ئەو ژنانە بەشێوەیەكی زانستیو دواتریش هەوڵدان بۆ بەگەڕخستنی ئەو زانیارییانەی لەم لێكۆڵینەوەیە بەدەستكەوتووە بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەی جیاجیا كە وەڵام بەكێشەكانی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بداتەوە.

پرۆژەی ئەم لێكۆڵینەوەیە پێش ساڵێك بڕیاربوو یەكێتی ژنانی كوردستان لەگەڵ لێكۆڵەرەوانی لێكۆڵینەوەكە بەئەنجامی بگەیەنن، بەڵام لەسەر داواو ئارەزووی لێكۆڵەران بۆ ئەنجام گەیاندنی لێكۆڵینەوەكەیان بۆ زانكۆی سلێمانی وەك بەشێك لەداواكارییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەزانستی سۆسیۆلۆجیادا، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ دوای پێشكەشكردنی لێكۆڵینەوەكەیان بەبەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانیو لەبەر گرنگیی لێكۆڵینەوەكە بڕیاری چاپكردنمان دا بەو هیوایەی بتوانین لەلایەك خەمی ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەچوارچێوەی توێژینەوەیەكی مەیدانیدا بخەینەڕوو لەلایەكی تریشەوە خەونی توێژەرانی ئەم لێكۆڵینەوەیە بێنینەدی لەدەرخستنی قەبارەی گرفتو كێشەكانی ژنانی پاشماوەی ئەنفال.

لەكۆتاییدا ئەنفال خەمی هەموومانەو ئەركی هەموومانە لەهەر لایەكەوە پێمان بكرێ دەروازەیەك لەسەر لایەنێك لەلایەنەكانی ئەو كارە[illegible] بكەینەوەو لەو دەروازەیەوە چارەسەر بۆ گرفتەكانیان بدۆزینەوەو چرایەك بۆ داهاتوویان هەڵبكەین.

**ڕاگەیاندنی**
**یەكێتی ژنانی كوردستان**

## وتەی سەرپەرشتیار

ئەنفالی مەرگەسات، یان پرۆسەی قڕکردنی کورد لەکوردستانی باشووردا، دەیان باس و توێژینەوەو چیرۆک و رۆمان و دیمانەی رۆژنامەنوسی ئەوێت تا بەشێکی کەم لەو تاوانە قێزەونەی کۆتایی سەدەی پێشوو، بخاتەڕوو ببنە زەنگی وریابونەوەو ناساندنی دوژمن و ئاکارە رەشەکانی بۆ نەوەی ئێستاو ئایندە لەئەمڕۆدا کە شاهید حاڵەکانی ئەو کارەساتەو ژنان و منداڵانی پاشماوەی ئەو دۆزەخە لەژیاندا ماون و تاڵاوی ئەنجامەکانی ئەچێژن، توێژینەوە بەشێوازی زانستی و بەپێی ئامارو دیمانەی راستەوخۆو دیاریکردنی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، ئەرکی هەموو پسپۆڕو زانایان و خوێندکارانی دواقۆناغەکانی زانکۆو پەیمانگکانە بەتایبەت ئەوانەی لەبواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و راگەیاندن و ئابوری و مێژوویدا، تایبەتمەندن، لەبەرئەوەی ئەم قڕکردنە بەکۆمەڵە، بەهەموو ئەم بوارانەدا بەقووڵی رۆچووەو دیمەنی پڕ ئەشکەنجەو ئازاری بەسیمای کۆمەڵی کوردەوارییەوە دیارو ئاشکرایە، پاشماوەکان و چارەنووسی ئەو مرۆڤانەی بەر ئەم شاڵاوە کەوتوون، زیندووەکانیان، رۆژانە روبەرووی دەیان کێشەو دەردەسەری ئەبنەوە بەتایبەت ژنان کە لەرووی جەستەی و دەرونی و بژێوی ژیانەوە سەخترین ساتەکانی تەمەن بەسەرئەبەن، ئەم توێژینەوەیە (ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەلایەتیەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال) هەوڵ و چالاکیەکی زانستیە وەك باسی دەرچوون، هەردوو خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی کۆمەڵناسی (هێمن باقرو بەرهەم عومەر) پێشکەش بەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی‌یان کردو دیارە ئەم ئەرکە زانستیەیان پێش پرۆسەی رزگاربوونی عیراق ئەنجامداوە واتە پێش ٢٠٠٣/٤/٩، هەر لەبەرئەوەدیە تا ئەوکاتە رێژەی ٩٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال چاوی هیوایان بەدوای چارەنوسی هاوسەرو منداڵەکانیان وێڵ و گەرۆك بوون، هەموو سات و چرکەیەك لەچاوەڕوانی بیستنی هەواڵ و پەیامێکدا بوون، بەڵام دوای ئەو پرۆسەیەو رزگاربوونی کوردستان و عیراق لەرژێمی پەتر سێدارەو کیمیاباران و ئەنفال، ئەو ئاواتە نەهاتەدی و

دەرکەوت کە هەموو هاوسەرو ئەندامانی خێزانەکانیان لەناوبراون و زیندە بەچاڵ کراون.

ئەو توێژینەوە بەدەر لەهەنگاوە زانستیەکانی، لەکۆتاییدا چەند ئەنجام و راسپاردەی خستۆتەروو کە ئەکرێ بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی ئەو کێشەو نەهامەتیانەی رووبەڕووی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بوونەتەوە سوودیان هەبێت و هەروەها دەشێت ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەك بێت بۆ باس و لێکۆڵینەوەی قوڵترو فراوانتر سەبارەت بەو برین و زامە نەتەوەییە، تا بتوانین بەهۆی ئەم توێژینەوانەوە زیاتر لەدادگا خۆماڵی و نێودەوڵەتی و کۆڕو سیمینارە جیهانیەکاندا، تاوانباران بناسێنین و زیاتر رسوایان بکەین و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بدەین کە ئەو رەشەکوژییە، هۆکاری بووە، لەکۆتاییدا وێڕای دەستخۆشی بەهەردوو توێژەری ئازیز، سوپاس و رێزی زۆر بۆ یەکێتی ژنانی کوردستان کە هەر لەسەرەتاوە هاوکارو هاندەربوون و ئێستاش ئەرکی لەچاپدانیان لەئەستۆ گرتووە.

د. محەمەد دلێر ئەمین

سەرپەرشتیار

# پێشەکی

پرۆسەو ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال بەگەورەترین کارەساتی مرۆیی دادەنرێن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوەو یەکێکیشە لەگەورەترین ئەو تاوانانەی کە سەدەی رابردوو بەخۆیەوە بینیووە.

گەورەیی ئەم تاوانە بەتەنها لەزۆریی ژمارەی ئەو کەسانەوە نایەت کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە لەناوبران، بەڵکو لەو شێوازە دڕندەو نامرۆڤانەشەوە دێت کە لە بێسەروشوێنکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکدا گیرایەبەرو ئەو ئاسەوارە دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە گەورانەش کە لەدوای خۆی بەجێیهێشت لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

بۆیە هەڵەیە ئەگەر وا بزانین ئەنفال کارەساتێکە بەتەنها (٢٠٠) هەزار کەسی تێدا بێ سەروشوێنکراوەو لەزەمەنێکی مێژوویدا بووەو تەواو، بەڵکو ئەنفال بۆ زیاتر لەنەوەیەکو بۆ زیاتر لەزەمەنێك درێژ دەبێتەوەو بەدرێژایی ئەم ماوەیەش کاریگەریی خۆی بەجێدەهێڵێت، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کە قوربانیانی ئەنفال بەتەنها ئەوانە نین کە لەو پرۆسەیەدا بێسەروشوێنکراون، بەڵکو هەموو ئەوانەش کە لەدوای ئەو کارەساتە بەجێماون بەجۆرێك لەجۆرەکان قوربانیی ئەو پرۆسەیەن، بەبڕوای ئێمە ئەنفال پرۆسەیەك نییە لەخاڵێکدا کۆتایی بێت، بەڵکو ئەنفال پرۆسەیەکە تا هەنووکەو تاچەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوەو لەفۆرمو شکڵو شێوەی نوێدا خۆی بەیان دەکاتو کاریگەریی خۆی بەسەر دەوروبەرەوە پەخشدەکات، هەموو ئەوانەش وا دەکەن ئەنفال گەورەترین برینی نێو جەستەی کۆمەڵگەی کوردی بێت، برینێك کە ئازاری بەسوێ بێتو ساڕێژکردنیشی ئاسان نەبێت، گەورەیی کارەساتەکە بەو قەبارەیەو ئەو ئاسەوارە گەورەو قووڵانەی بەجێهێشتووە لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی کەسوکاری پاشماوەی ئەنفالو کۆمەڵگەی کوردی پێویستی دەکرد لەسەرمان لەڕێگەی توێژینەوە زانستییەکانەوە ئەنفال بخەینە بەر باسولێکۆڵینەوە، ئەمەش بەپلەی یەکەم لەئەستۆی دامەزراوە ئەکادیمیو زانستییەکانە، چونکە توێژینەوەی زانستی دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باشمان بێت بۆ تێگەیشتن لەئەنفالو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیو بینینی ئاسەوارو ئەنجامەکانیو بەرچاو روونی لەبەرامبەر ئەوەی دەبێت چیبکەینو چۆن بکەین بۆ کەمکردنەوەو بەرگرتن لەئاسەوارەکانی ئەم پرۆسەیە.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند

توێژینەوەیەکی زانستی لەم بارەیەوە بەرهەمهێنراون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قسەکردن لەسەر ئەنفال قۆناغی ئینشای بڕیووەو دەبێت لێرە بەدواوە ئەکادیمییانە قسە لەسەر ئەنفال بکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین ئەو توێژینەوانەی تائێستا لەمەڕ بابەتی ئەنفال ئەنجامدراون سەرجەم گیربوون و ویستویانە لەیەك کاتدا سەیری هەموو ڕەهەندەکانی پرۆسەی ئەنفال بکەن، ئەمەش وایکردووە کە چوارچێوەی توێژینەوەکانیان ئەوەندە بەربڵاوبێت لەدووتوێی سەدان لاپەڕەدا نەتوانن وەکو پێویست مافی خۆی بدەنێ، بۆیە ئێمە بەسودوەرگرتن لەو ئەزموونانەی پێشوو بەپەیڕەوکردن لەو میتۆدەی (بۆردیۆ) کە دیاردەکان دابەشدەکات بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی و پاشان لەسەر هەریەکەیان بەجیا توێژینەوە دەکات لەسەر ئەو بناغەیە ئێمەش بەپێویستمان زانی ئەنفال بۆ ڕەهەندە جیاواکانی دابەشبکەین و لەنێو ئەوانیشدا ڕەهەندێك لەڕەهەندەکانی ئەو دیاردەیە وەربگرین کە بریتیبوو لەکاریگەریی ئەنفال بۆ سەر توێژی ژنانی پاشماوەی ئەنفال، پاشان بۆ زیاتر تەرکیزکردن لەڕووی لایەنی جوگرافییەوە ناوچەیەك لەناوچەکانی ئەنفالمان هەڵبژارد بۆ توێژینەوە کە ناوچەی گەرمیانە، بەمەش ناونیشانی توێژینەوەکە بوویە (ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال) کە توێژینەوەیەکی تیۆریی و پراکتیکییە لەهەردوو ناحیەی شۆڕشی سەر بەقەزای چەمچەماڵ و ڕزگاری سەر بەقەزای کەلار ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لەشەش بەشی سەرەکیی پێکهاتووە: لەبەشی یەکەمدا گرفتی توێژینەوەو گرنگیی و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەو بوارەکانی توێژینەوەو گریمانەکان خراونەتەڕوو چەمك و زاراوەکانی نێو توێژینەوەکەش دەستنیشانکراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەش کە لایەنی تیۆریی دەگرێتەوە دابەشدەبێت بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا:

تەوەری یەکەمیان: تایبەتە بەپرۆسەکانی ئەنفال و جینۆساید لەکوردستاندا و لەسێ باسی سەرەکیی پێکهاتووە، لەباسی یەکەمدا قسە لەسەر گرنگترین ئەو ڕایەڵانە کراوە کە ئەنفال دەبەستێتەوە بەتاوانی جینۆسایدەوەو ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەنفال دەچێتە خانەی جینۆسایدەوەو دەبێت لەچوارچێوەی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەو تاوانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەباسی دووەمیشدا پرۆسەی قڕکردن و جینۆسایدکردنی کورد هەر لەسەرەتای هاتنەسەر حوکمی حیزبی بەعسەوە تا سەردەمی ئەنفال خراوەتەڕوو، لەباسی سێیەمدا پەلاماری ئەنفالی سێ لەناوچەی گەرمیان بەوردی باسکراوە، هەروەها تەوەری دووەمی ئەم بەشە تایبەتە بەبارودۆخی ژن

لەئەنفالداو بەسەر سێ باسی سەرەکیدا دابەشکراوە، لەباسی یەکەمدا وەك سەرەتایەك بۆ زانینی پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا باس لەژن و رۆڵی ژن کراوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لەباسی دووەمیشدا ئەرك و رۆڵی ژن لەگوندنشینی کوردیدا قسەی لەسەر کراوە، لەباسی سێیەمیشدا بارودۆخی ژن لەئەنفالی سێدا خراوەتەڕوو هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەوە تاکو دەگاتە ژیانی نێو زیندان و چارەنووسیشیان.

دابەشکردنی بابەتەکان بەسەر ئەو تەوەرانەدا لەبەرئەوە بوو کە پێمانوابوو بۆ ئەوەی بتوانین لەئەنفال بگەین پێویستە بەر لەهەموو شت لەو ژینگەیە ئاگاداربین کە ئەنفالی تێداکراوە، ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت لەتێگەیشتن لەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆی ئەنفالەوە دوچاری ژنی کورد بۆتەوە، هەروەها لەبەشی سێیەمدا چەند توێژینەوەیەکی پێشوو (دراسات سابقە) لەسەر ئەنفال خراوەتە ڕوو گفتوگۆیان کراوە، ئەگەرچی ئەم توێژینەوانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال نین و گشتگیرییان پێوە دیارە، بەڵام لەکۆی گشتی ئەو ئەنجامانەدا کە بەدەستیانهێناوە چەند ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە لەمەڕ بارودۆخی ژنی ئەنفال.

لەبەشی چوارەمی توێژینەوەکەشدا رێوشوێنە میتۆدییەکانی لایەنی مەیدانیی باسکراوەو هەموو ئەو کەرەستەو ئامرازە ئامارییی و رێوشوێنە زانستییانە خراونەتەڕوو کە سیفەتی ئەکادیمیبوون بەتوێژینەوەکە دەبەخشێت.

لەبەشی پێنجەمی توێژینەوەکەشدا بارودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال و کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژنی مێرد ئەنفالکراو لەڕێگەی ئەو زانیارییە مەیدانییانەی کە بەدەستهاتوون لەچوارچێوەی چەند خشتەیەکدا خراونەتەڕوو رێژەو قەبارەیان دیاریکراوە، لەبەشی شەشەمیشدا گرنگترین ئەو ئەنجام و دەرەنجامانە خراوەتەڕوو کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامەش کۆمەڵێك راسپاردەو پێشنیار خراوەتەڕوو.

لەکۆتاییدا پێویستە بوترێت کە ئەم توێژینەوەیە ئەوەندەی توێژینەوەیەکی ئاسۆییە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەوەندە توێژینەوەیەکی ستوونی نییە، بەو مانایەی کە توێژینەوەکە بەدوای ئەو ئامانجەوە بووە کە قەبارەی گرفت و کێشەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال دەربخات بەشێوەیەکی گشتی نەك قەبارەی گرفتەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسی.

هێمن باقر عەبدول - بەرهەم عومەر عەبدوڵلا

# ئەنفالی سێو
# کاریگەرییە
# کۆمەڵایەتییەکانی
# لەسەر ژنی
# پاشماوەی ئەنفال

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم:
# چوار چێوەی گشتی توێژینەوە

هەواڵنامەی کتێب

باسی یەکەم گرفتی توێژینەوەو گرنگییەکەی

یەکەم: گرفتی توێژینەوە

دووەم: گرنگیی توێژینەوەو پێویستی بۆی

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

چوارەم: میتۆدی توێژینەوە

پێنجەم: بوارەکانی توێژینەوە

شەشەم: گریمانەکان

باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکو زاراوەکان

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

## باسی یەکەم/ گرفتی توێژینەوەو گرنگییەکەی

### یەکەم: گرفتی توێژینەوە

ئەنفال بەیەکێك لەگەورەترین کارەسات و برینەکانی نێو جەستەی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لەو پرۆسەیەدا جگە لەوەی بەهەزاران پیرو منداڵ و گەنج لەهەردوو رەگەزی نێرومێ شوێن بزر دەکرێن و چارەنووسیان بەنادیاریی دەمێنێتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەنفال خۆی بۆ خۆی وەك دیاردەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردی و تاکی پاشماوەی ئەنفالەوە بەجێهێشتوە، کە سەرەنجام چەندین کێشەوگرفت لەواقیعی کۆمەڵایەتیدا دەخولقێنێت. یەکێك لەو توێژانەی کە باجی گەورەی ئەم پرۆسەیەیان داو بوونە قوربانیی ئەنجامە نێگەتیڤەکانی پرۆسەی ئەنفال ژنی پاشماوەی ئەنفالە، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی مێردەکانیان بێ سەروشوێنکران و جێگایان لەنێو خێزاندا چۆڵبوو، ئیتر سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خێزانێکی روخاو لەرووی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کەوتە ئەستۆی ژنان.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەخستنەرووی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، لەبەرئەوەی ئەنفال لەرووی شوێنیشەوە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە کە دابەشدەبێت بەسەر هەشت قۆناغی جیاوازداو لەچەند ناوچەیەکی

دیاریکراوی کوردستانی عیراق ئەنجام دراوە، توێژەران ویستویانە خۆیان لەگشتگیرێتی قسەکردن لەسەر سەرجەمی پرۆسەی ئەنفال بپارێزن، بەمەبەستی وردی و ئەکادیمیبوون لەو ئەنجامانەی کە پێیدەگەن. بۆیە لەنێو قۆناغەکانی ئەنفال قۆناغی سێیەمی پرۆسەکە هەڵبژێردراوە کە بەئەنفالی گەرمیان ناسراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەنفالی سێ بەگەورەترین شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنرێت، هەر لێرەشەوە زۆرترین ژنی پاشماوەی ئەنفال دەکەونە ئەم ناوچەیەوە.

## دووەم: گرنگیی توێژینەوەو پێویستی بۆی

گرنگیی توێژینەوە لەکاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال لەچەند روویەکەوەیە:

١- بۆ یەکەمجارە کە وا بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی لەنێو توێژینەوەکانی بواری کۆمەڵناسیدا قسە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال بکرێت و بەشێوەیەکی سەرەکیی و راستەوخۆ ئاماژە بەکاریگەرییەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر توێژی ژنان بکرێت.

٢- تەنها لەرێگەی توێژینەوەی زانستییەوە دەتوانین رووی راستەقینەی کێشەو گرفتەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال بزانین و بەرەوش و بارودۆخی ژیانیان ئاشنابین، لەرێگەی ئەو ئەنجامانەی کە لەئەنجامی توێژینەوەکەوە بەر دەستدەکەوێت.

٣- کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال بەتەنها رەنگدانەوەی لەسەر ژنان خۆیان نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر خێزان و پەروەردەی منالیش بەجێدەهێڵێت.

٤- گەر بمانەوێت چارەسەری ئەو کێشانە بکەین کە لەئەنجامی پرۆسەیەکی لەم جۆرەوە وەك دەرهاویشتەیەکی ئەو پرۆسەیە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رەنگیداوەتەوە، ئەوا دیسانەوە دەبێت بۆ توێژینەوە

زانستییەکان بگەڕێینەوەو لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر کە توێژینەوە زانستییەکان پێیگەیشتوون.

هەموو ئەوانەی سەرەوە گرنگیی قسەکردن و توێژینەوە لەبابەتێکی لەم جۆرە دەردەخەن، لێرەشەوە ئەم توێژینەوەیە سوودی دەبێت بۆ هەموو ئەو دەزگاو لایەنە حکومی و ناحکومییانەی کە دەیانەوێت هاوکاریی بکەن لەکەمکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی ئەنفال و ژنی پاشماوەی ئەنفال، وەدەتوانێت ببێتە چاوساغ و ڕێنیشاندەر لەپرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خێزانی پاشماوەی ئەنفالدا.

بەتایبەتی لەدوای هەرەسهێنانی ڕژێمی دیکتاتۆریی عیراق و پەسەندکردنی بڕیاری قەرەبووکردنەوەی کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال لەلایەن حکومەتی ئایندەی عیراقەوە کە بەکۆی دەنگ و لەکۆبوونەوەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەمانگی (١١)ی ساڵی ٢٠٠٢ دا بڕیاری لەسەردرا.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان بکەین:

١- زانینی ڕەوش و باروودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئێستاداو ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ڕەنگیانداوەتەوە کە بەگرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە دادەنرێت.

٢- ڕەوشی خێزانی پاشماوەی ئەنفال لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و پەروەردەییەوەو ڕۆڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وەك سەرۆکی خێزان لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا.

٣- خستنەڕووی کاریگەریی قەبارەی پرۆسەی ئەنفال و ئەو دیاردانەش کە دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفالن لەسەر لایەنی دەروونیی و تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

٤- خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز بۆ زاڵبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییە سلبییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر خێزان و ژنی پاشماوەی ئەنفال، لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیدەگات.

٥- خستنەڕووی ڕاستی یان ناڕاستی گریمانەکان و ساغکردنەوەیان.

## چوارەم: میتۆدی توێژینەوە

میتۆد بریتییە لەو ڕێگەیەی کە بەهۆیەوە ڕاستییەکی زانستی دەدۆزرێتەوە لەڕێگای کۆمەڵێك ڕێسای گشتی کە دەست دەگرن بەسەر ژیانی مرۆڤداو دەستنیشانی چالاکییەکانی دەکەن، بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی ڕۆشن (الحسن، ١٩٨٢: ٣٣٢).

ئەو میتۆدەی لەهەر توێژینەوەیەکی زانستیدا بەکار دەهێنرێت دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ جۆرو بابەتی توێژینەوەکەدا (دزەیی، ٢٠٠١: ١٨١)، لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە (کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفالی سێ لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال) کە ئامانجی خستنەڕووی ئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفالی گەرمیانە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال لەو ناوچەیەو ئەو گیروگرفتانەی کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە ڕووبەڕویان بۆتەوە پشتی بەچەند ڕێبازو میتۆدێکی زانستی بەستووە، چونکە تەنها ڕێبازێك یان میتۆدێك ناتوانێت گشت ڕاستییەکان بخاتەڕوو(دزەیی، ٢٠٠٢: ١٨١).

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم میتۆدانە بەستراوە:

١- رووپێوی کۆمەڵایەتی: بریتییە لەتوێژینەوەیەکی پنت فراوانی پانتاییەک لەپانتاییەکان (الحسن، ١٩٨٢: ١٥٦). لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەرخستنی باروودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفالە لەناوچەیەکی فراواندا پشت بەم میتۆدە بەستراوە کە گونجاوە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەدا کە رەوتی ئیشکردن تیایدا لەسەر هێڵێکی ئاسۆییە نەک ستوونیی بەتایبەتی لەلایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەدا.

٢- میتۆدی مێژوویی: ئەو میتۆدەیە کە لێکۆڵینەوە لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەشێوەیەک کە واقیعی کۆمەڵگە پەیوەست دەکات بەرابردووەوە، واتە ئەو هۆکارە مێژووییانە دەخاتەڕوو کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر دیاردەکان و فراوانبوون و گەشەکردنیان لەواقیعی کۆمەڵایەتیدا (الحسن، ١٩٨٢: ٤٠٤).

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەمیتۆدی مێژوویی بەستراوە بەتایبەتی لەلایەنە تیۆرییەکەیدا، بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سەرەتاو ساتەوەختی روودانی پرۆسەکەو ئاگاداربوون لەقۆناغەکانی خۆئامادەکردن و دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی پرۆسەکە.

## پێنجەم: بوارەکانی توێژینەوە

١- بواری جوگرافیی: شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە سنووری ناوچەی گەرمیانە، کە تیایدا هەردوو ناحیەی (رزگاری و شۆڕش) هەڵبژێردراوە، هەڵبژاردنی ناوچەی گەرمیان لەلایەن توێژەرانەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

*ئەنفالی گەرمیان بە بەرفراوانترین و زیانمەندترین قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال دادەنرێت. هەر لەبەرئەوەشە زۆرترینی ژنی پاشماوەی ئەنفال دەکەونە ئەم سنوورەوە.

*بەئاسانیی دەتوانرێت سنوورو چوارچێوە جوگرافییەکەی دیاریبکرێت.

هەڵاڵەی کتێب

٢- بواری مرۆیی: هەموو ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە مێردەکانیان لەکاتی پرۆسەی ئەنفالی گەرمیاندا بێسەرو شوێنکراون و تائێستاش شوێیان نەکردۆتەوە یان شوێیان کردۆتەوە.

٣-بواری کات: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی کارەکە، کە نزیکەی چوار مانگی خایاندووە (لە١ی کانونی دووەم-ی ٢٠٠٣ تاکو ١ی نیسانی هەمان ساڵ).

## شەشەم: گریمانەکان

١- پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی هەبووە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزانی نوێ و کردنەوەی خێزانەکان بەخێزانی لێکدراو.

٢- ئاسەوارە سلبییەکانی کارکردن لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال راستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی ماوەی کارکردندا.

٣- بەهێزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگای کوردیدا وایکردووە کە هاوکاریی خەڵکیی بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال زۆربێت.

٤-ژنی پاشماوەی ئەنفال توانیویانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ژینگەی ئێستادا خۆیان بگونجێنن.

٥- پرۆسەی ئەنفال بۆتەهۆی گۆڕینی سەرۆکی خێزان لەباوکەوە بۆ دایک.

٦- پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

٧- زیندانیکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر باری تەندروستییان.

٨-زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال لەدوای ئەنفالکردنی مێردەکانیانەوە شوێیان نەکردۆتەوە.

٩- ژنی پاشماوەی ئەنفال توانیویانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ژینگەی ئێستادا خۆیان بگونجێنن.

١٠- ژنی پاشماوەی ئەنفال ژێنەری سەرەکیی خێزانەکانیانن.

# باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکو زاراوەکان

## ١. ئەنفال:

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییەو کۆی (نەفل)ە، ئەموشەیە لەنێو فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا چەند مانایەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: (نفل) بەمانای دەستکەوت دێت، هەروەك (راغب) دەڵێت (**النفل قيل هو الغنيمة بعينها لكن اختلفت العبارة عنه باختلاف الاعتبار فانه اذا اعتبر بكونه مضفورا به يقال له، نل ومنهم من فرق بينهما من حيث العموم والخصوص فقال: الغنيمة ما حصل مستغنماً بتعب كان او غير تعب وباستحاق كان او غير استحاق، والنفل ما يحصل للأنسان قبل القسمة من جملة الغنيمة**) (اصفهاني،١٩٩٢: ٨٢).

دووەم: (**نفل**) بەمانای زیادە دێت (**النفل: أي الزيادة على الواجب**)، (اصفهاني،١٩٩٢: ٨٢)، واتە ئەو کارانەی لەدوای ئەرکەکانەوە ئەنجامدەدرێن بەئارەزومەندانە، ئەوەتا خوای گەورە نوێژە سونەتەکانی دوای نوێژە فەرزەکان بە(نفل) ناودەبات،وەك لەئایەتی (٧٩)ی سورەتی (الاسراء)دا دەفەرموێت (**ومن الليل فتهجد به نافلة لك**) (صدیق،٢٠٠٢: ٣٨٧)، یان کاتێك خوای گەورە باس لەوە دەکات کەوەك زیادە رێزێك بۆ ابراهیم: اسحاق و یەعقوبی پێبەخشیووە، هەروەك دەفەرموێت (**ووهبنا له اسحاق ويعقوب نافلة وكلا جعلنا صالحين**)، (**سورة الانبياء، اية:٧٢**)، کەواتە لێرەشدا (نفل) بەمانای (زیادە) هاتووە.

سێیەم: (**نفل**) بەمانای (**الفيئ**) دێت کە بریتییە لە(**ما أفاء لله من اموال المشركين على المسلمين بلا حرب ولا ايجاف عليه مثل جزية الرؤس**)، (**ابن منضور،١٩٩٨: ٩٢**)، ئەحمەد بەدەوی شاعیریش لەدێرە شیعرێکدا کە بەسەر جەنگەکانی پێغەمبەری خواداوتویەتی ئەنفال بەم مانایە بەکار دەهێنێت و دەڵێت:

وفيئهم الفيئ في الانفال     مالم يكن اخذ عن القتال
اما الغنيمة ففي الزحافي     والقتل عنوة لدى زحاف

(اصفهاني،١٩٩٢: ٨٢)

هەروەها ڕاڤەکاری قورئان (ناصری سوبحانی ) لەمەڕ وشەی ئەنفال دەڵێت: (ئەنفال بریتییە لەو شتە خۆڕسکانەی کە موڵکییەت هەڵناگرن، واتە ماڤ گشتییەو هەموو کەس ماڤ تێیدا هەیە وەك کانەکان، ئاو، ئاگر، لەوەڕگەکان، بەبەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت (قل الانفال لله )... نافەرموێت (وللرسول)، بەڵکو فەرمویەتی (والرسول) واتە تەنها موڵکی خودایەو پێغەمبەریش وەك پێشەوای موسوڵمانان سەرپەرشتیارە بەسەریەوە (عبدالرحمن،٢٠٠٢ :٧) دوای خستنەڕووی مانا جیاوازەکانی ئەنفال لەزمانی عەرەبیدا پێویستمان بەوە دەبێت ڕاڤەی ئەنفال بکەین.

ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لەقورئانی پیرۆزداو یەکەم ئایەتی سورەتەکەش لەبارەی ئەنفالەوەیەو دەفەرموێت: (دابەزینی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی بەدر ساڵی دووی کۆچی، لەئەنجامی ئەم جەنگەدا پێغەمبەر و یاوەرەکانی بەسەر قورەیشەکاندا سەرکەوتن و دەستکەوتی زۆریشیان بەردەست کەوت، هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە قورەیشییەکان زۆر زیاتربوون .

سەبارەت بەهۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە لەجەنگی (بەدر)دا ڕاڤەکارانی قورئان هاودەنگبوون کە بەهۆی جیاوازیی موسوڵمانان لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی پاش تەواوبوونی جەنگی بەدر هاتۆتەخوارەوە، (صدیق،٢٠٠٢:٣٨٩).

هەروەها دابەزینی ئەم سورەتە لەکاتێکدایە کە مسوڵمانان مشتومڕیان لەسەر دەستکەوتەکانی جەنگی بەدرە، ئایا حەڵاڵە یان حەرام؟ چونکە هەڵگرتنەوەی کەلوپەلی بەجێماوی شەڕکەران لەپێش ئاینی ئیسلامدا حەرامبووە. هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (اعطیت خمساً

**لم يعطيهن احد من قبلي فذكر الحديث الى ان قال، وأحلت لي غنائم ولم تحل لأحد قبلي** ) ( **أبن كثير ١٩٩٨ : ٢٧٣٠** )

بۆیە کاتێك لەیەکەم رووبەڕووبوونەوەدا حاڵەتێکی لەم جۆرە دێتە پێشەوە موسوڵمانان دەربارەی ئەم دەستکەوتانە پرسیار دەکەن(**يسألونك عن الأنفال**) ، خوای گەورەش وەڵامی دانەوە(**قل الأنفال لله والرسول أي حينها احلت الغنائم والأنفال**) (سابوریی، ٢٠٠١: ٨) بەو مانایەی کە ئەو دەستکەوتانەتان بۆ حەڵاڵکراوە، بۆیە پرسیارکردنەکەی نیو ئایەتی پرسیارێکە بۆ (قتوادان) نەك داواکردن)، (صدیق،٢٠٠٢: ٧).

پاش حەڵاڵبوون شتێکی تر دێتە ئاراوە ئەویش چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو دەستکەوتانەیە، بۆیە خوای گەورە لەئایەتی (٤١)ی هەمان سورەتدا چۆنیەتی دابەشکردنەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە (**واعلموا انما غنتم من شئ فأن لله وللرسول والذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل ان كنتم امنتم بالله وما انزلنا على عبدنا يوم الفرقان يوم التقى الجمعان والله على كل شئ قدير**)( **سورة الأنفال، آية : ٤١** )

شێخ محمد حسنین مخلوق دەڵێت خوای گەورە دەسکەوتەکانی جەنگی (بەدر)ی بەئەنفال ناوبرد، چونکە زیادەیەك بوو کە خوای گەورە بەخشییە موسوڵمانەکان، لەکاتێکدا لەشوێنکەوتووانی ئاینە ئاسمانییەکانی پێشو حەرامکرابوو؛ ( **سميت الأنفال لأنها زيادة خص لله التعالى بهذه الأمه اذا كان محرم على قبلهم من الأمه** )( **مخلوق**، ١٩٨٢ : ٢٣٣) . هەروەك (**ابن كثير**) لەتەفسیرەکەیدا ئەم رایە دەهێنێتو دەڵێت: (**هو الشيء خصهم لله تعالى هذه أمه فهذه أحل النفل** )(**ابن كثير**، ١١٩٩٨: ٢٧٢).

لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ئەنجامەی هەرچەندە وشەی ئەنفال بەمانای زیادە دێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی شوێنکاتەوە لەجێگایەکدا دادەبەزێت کە ڕەوایەتی دەدات بەدەستکەوتی بەجێماوی شەڕی کافران، دەبینین لەزۆربەی کاتدا لەڕووی زاراوەییەوە لەبەرامبەرو وەك چەمکی (غەنیمە[1]) بەکاردێت. هەر ئەمەشە وایکردووە لەزۆربەی کتێبە ئیسلامییەکاندا چەمکی ئەنفال بەغەنیمە

ناوبرێت. بەم مانایە لەبنەڕەتدا لێکچوون و گونجانێکی جەوهەریی نییە لەنێوان چەمکی ئەنفال و هەڵگرتنەوەی کەلوپەلی بەجێماوی شەڕکەراندا، بەڵکو گونجانێکی مێژوویی هەیە لەنێوانیاندا کە تیایدا لەڕێگەی چەمکی ئەنفالەوە بەخشش و زیادەیەك دەدرێت بەموسوڵمانان کە پێشتر بۆ شوێنکەوتووانی هیچ ئاینێك حەڵاڵ نەبووە: کە (غەنیمەیە). لەدوای ئەم رووداوەوە دەبینین ئەنفال مانای راستەقینەی خۆی وندەکات، ئەم رووداوە مێژووییە زاڵدەبێت بەسەریداو دەبێتەهۆی ئەوەی مانایەکی نوێ وەربگرێت لەزهنی خەڵکیی بەگشتی و موسوڵمانان بەتایبەتی، کەچی بەدوای تێپەڕبوونی(١٤٠٦) ساڵ بەسەر دابەزینی سورەتی ئەنفالدا جارێکی دی ئەم وشەیە لەکات و شوێنێکی جیاوازداو لەلایەن دەسەڵاتێکی جیاوازو بەسەر بەرامبەرێکی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت. بەمەش ئەم زاراوەیە مانایەکی نوێ وەردەگرێت جیاواز لەبنەڕەتی وشەکەو جیاواز لەبنەڕەتی وشە مێژووکردەکەی یەکەمیشی، بۆیە لێرەبەدواوە کە باسی ئەنفال دەکرێت مەبەست لێی ئەنفالی بەعسە کە ماناو مەدلولی تایبەتی خۆی هەیەو دابڕاوە لەهەموو مەدلول و مانایەکی ئیسلامیی بەبەڵگەی ئەوەی لەهێرشەکانی ئەنفالی حیزبی بەعسدا (٣١١٠) مزگەوت تەختکراون و هەزاران نووسخەی قورئانیش سوتێنراون، (عەبدول،١٩٩٨: ٦٦)، ئەمە جگەلەوەی (١٥٧)شوێنی ئاینی وێرانکراون (ئەبوبەکر، ٢٠٠٠: ٥٩).

ئەمەش کاتێکە کە حکومەتی عیراقی لەژێر ناوی (**عمليات الانفال**) ساڵی ١٩٨٨ پرۆسەی قڕکردنی کوردی لەکوردستانی عیراقدا جێبەجێکرد[٢].

ئەنفال ناوی ئەو زنجیرە پەلامارەیە کە حکومەتی عیراقی لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستانی عیراقدا پێی هەستا. بەبەشداریی فەیلەقەکانی (یەك، دوو، پێنج)ی سوپای عیراقی و (ئەمنی عامە، قووە تەواری و ئیستخبارات)و (٢٠٠)هێز لەهێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی کە نزیکەی (٢٥٠٠٠٠) کەس دەبوون (رەئوف،٢٠٠٢: ٢)و لە٢٣ی شوبات تاکو ٦ی ئەیلولی ساڵی (١٩٨٨)ی خایاند (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ١٤٧)و بوو بەهۆی بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە(١٨٢٠٠٠)گەنج و منداڵ و پیر لەهەردوو

ڕەگەزەکە[٢] و ڕوخاندنی (٤٠٠٠)گوندو (٣٠) ناحیەو(٣١١٠) مزگەوتو (١٠٠) کڵێساو بەتاڵانبردنی (٢٠٠٠٠٠٠)سەر مەڕوبزن (عەبدول،١٩٩٨: ٣٦).

میدڵ ئیست وۆچ سەبارەت بەئەنفال دەڵێت: (ئەنفال ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش‌وپەلاماری چڕوپڕی سەربازیی کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لەشەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوەچوو. فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکە لەدەستی نووسینگەی باکوری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدابوو کە بنکەکەی لەشاری کەرکوك بوو، لەمارتی (١٩٨٧)و لەلایەن عەلی حەسەن ئەلمەجیدەوە سەرۆکایەتی دەکرا (موفتی زادە،١٩٩٩: ١٢).

ئەنفال پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراوو سیستماتیزەکراوی ڕژێمی بەعسە (دزەیی،٢٠٠١: ٣٢) کە تیایدا پێشوەختو بەوردی ئەو ناوچانە دیاریکراوە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم هێرشەوە. هەربۆیە ڕژێم بەبەیاننامەیەك سەرکەوتنی خۆی لەهەر یەکێك لەو قۆناغانە ڕاگەیاندووە بۆ نموونە کاتێك کردەی ئەنفالی ناوچەی سەرگەڵوو بەرگەڵو کۆتایی پێدێنێت، ڕژێم لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە سەرکەوتنی خۆی ڕادەگەیەنێتو بەئەنفالی یەك ناوزەدی دەکات، دواتر کاتێك ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ دەکرێت ڕژێم ناوی دەنێت ئەنفالی دوو، بەم شێوەیە سەرجەم قۆناغەکانی ئەنفال دوابەدوای یەکتر دێن[١] لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەکی خێرا بەقۆناغەکانی ئەنفال بکەین کە سەرجەمیان هەشت قۆناغەو بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

<u>ئەنفالی یەك/</u> لەشەوی ١٨\١٧ی شوباتی ١٩٨٨دا یەکەمین هێرشی ئەنفال بۆ سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی دەستیپێکردو سنووری قەزاو ناحیەکانی(دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچوالان، سورداش)ی گرتەوە، پاش بەکارهێنانی جۆرەها چەکی کۆکوژی وەك چەکی کیمیایی‌و بایۆلۆژیی‌و فسفۆڕیی، بەگرتنی سەرگەڵو لەشەوی ١٩\١٨ی ئازاری ١٩٨٨کۆتاییهات (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەنفالی دووێ لە٢٢ی ئازاری ١٩٨٨دەستپێکرد بۆ سەر ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان)و لە٢٨\٢٩ی ئازاری١٩٨٨ کۆتایی پێهات (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەنفالی سێ/ ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ)ی گرتەوەو لەنیسانی ١٩٨٨دا دەستپێکردو لە١٧\١٨ی نیساندا کۆتایی پێهات (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەنفالی چوار/ ناوچەکانی (ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، ئاوشوان، دەشتی کۆیە، تەقتەق)ی گرتەوەو لە٢٠ی نیسان تاکو ٧ی ئایاری ١٩٨٨ی خایاند (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەنفالی پێنجو شەش و حەوت/ ناوچەکانی (ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، زاخۆ، دهۆک)ی گرتەوەو لە٢٥ی ئابی١٩٨٨ تاکو ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٨ی خایاندو تیایدا (٤٥٠)گوند وێرانکران (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەنفالی هەشت (دواقۆناغ)/ ناوچەی بادینانی گرتەوەو لە٢٥ی ئابەوە دەستپێکردو تاکو ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ی خایاند، (میدڵ ئیست وچ، ١٩٩٩: ٤٣٧)، بەکۆتاییهاتنی ئەم قۆناغە سەرجەم قۆناغەکانی ئەنفال کۆتایی هاتو رژێم لەڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بڕیاری ژمارە(٧٣٦)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەرکردو لێبوردنێکی گشتیو فراوانی بۆ تەواوی کوردە عیراقییەکان راگەیاند (میدڵ ئیست وچ،١٩٩٩: ٤٩١)، بەمەش کۆتایی بەو کردەوە سەربازییە هات کە نزیکەی ٧مانگی خایاندو لەو ماوەیەدا لە(٧٥٪) تاکو (٨٥٪)ی کۆمەڵگەی کوردیو زیاتر لە(٤٠٠٠)گوند وێرانکران (دزەیی،٢٠٠٢: ١٥٥)و دەیان هەزار کەس لەپیرومناڵو گەنج بێسەرو شوێن کرانو پاشماوەی خەڵکی ناوچەکان دەربەدەرو ئاوارەبوونو زۆربەیان لەئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێی ناچاریی کرانو چی سەروەتو سامانی ناوچەکە هەبوو تالانکراو دەستیان بەسەردا گیرا، (ئەبوبەکر،٢٠٠٠: ٥٨).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم باسەدا بەتایبەتی قسەی لەسەر بکەین قۆناغی سێیەمی شالاوەکانی ئەنفالە کە بەئەنفالی گەرمیانیش ناو دەبرێت[٥] لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەئەنفالی سێ یان ئەنفالی گەرمیان هەموو ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە لەچوارچێوەی ئەو پەلامارەدا کەوتنە بەر شالاوەکەو ئەو ناوچانەی تری گەرمیان ناگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی ئەم قۆناغەی شالاوی ئەنفال.

## ٢- کاریگەریی کۆمەڵایەتی:

*ا-کاریگەریی:* بریتییە لەو شوێنەوارانەی کە هۆکارەکان و دەرەنجامەکان بەجێی دەهێڵن لەسەر شتێکی تر، ئەم کاریگەرییەش هەندێکجار شێوەیەکی پۆزەتیڤ وەردەگرێت و هەندێکجاریش شێوەیەکی نێگەتیڤ وەردەگرێت (مارشاڵ،٢٠٠٢: ٢٢٣).

بەم مانایە کاریگەریی بریتییە لەو هێزەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لەشتێکداو دەیگۆڕێت بۆ شتێکی تر لەئەنجامی ئەمەشەوە کۆمەڵێك دەرەنجام و هەلومەرجی نوێ دێنە کایەوە.

*ب-کۆمەڵایەتی:* مەبەست لەکۆمەڵایەتی راستییەکە، یان رەفتارێکە کە پەیوەستە بەکۆمەڵێك یان کۆمەڵگەیەکەوەو پەیوەستە بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕانەی کە لەنێوان تاکەکاندا هەیە (سلیم،١٩٨١: ٨٩٢).

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەکۆمەڵایەتی بریتییە لەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵێك یان کۆمەڵگەیەکی تایبەتی تێیدایە لەکاتێکی دیاریکراودا لەڕوەکانی بژێویی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەکردنی مناڵ، بەڕێوەبردنی خێزانەوە.

لێرەوە مەبەست لەکاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو دەرەنجام و بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەسەر لایەنەکانی (بژێویی، پەروەردەکردنی منداڵ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕێوەبردنی خێزان) دەرکەوتوون لەژیانی رۆژانەی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا.

## ٣-ژنانی پاشماوەی ئەنفال:

**أ-ژن:** وشەی ژن لەرووی زمانەوانییەوە لەبنەڕەتدا لەوشەکانی (زان، گیان، ژیـان)ەوە سـەرچاوەی گرتـووەو بـەو کەسـە گوتـراوە کـە منـاڵی دەبێـت (عومەر،٢٠٠١: ٧).

ئەم وشەیە لەزمانی کوردیدا هاوواتایە لەگەڵ وشەی (زەنە)ی پەهلەویی و (زن)ی فارسـی و تـاجیکی و (زەنـی) ئـەفغانیی و (ژنـا)و (ژنیشـیا)ی روسـی و (ژیـن)ی تاڵیشـیدا (عومـەر،٢٠٠١ :٧)، بـەڵام وشـەی ژن لـەزمانی عـەرەبیدا لەوشـەی (مـراء)و (مـراة)ەوە هـاتووە، چاوگی وشـەکە لـەزمانی سامی کۆندا لـە (مـراة)ەوە هـاتووە کـە بـەمانای بـەڕێز یـان گـەورە دێـت، لەتێکسـتە ئارامییـە کۆنەکانیشدا ئەو وشەیە بەمانای خاوەن ڕێز هاتووە، هەروەها لەزمانی سریانی کۆندا (مار) نازناوێك بووە بۆ پیاوانی ئاینیی، بەمشێوەیە ماناو دەربڕینـی ئەم وشەیە لەزمانی عەرەبیشدا گەشەی کردووە بۆ (مرء)و (مرءة)ەی عەرەبی، واتا پیاووژن، هـەروەها کـۆی وشـەی بریتییە لـە (النسـاء)، لـەڕووی زاراوەییشـەوە وشەی ژن لەزمانی کوردیدا بەدوو مانا بەکاردێت:

١- رەگەزی مێی مرۆڤ (موکریانی،١٩٩٦: ٣٩٩).

٢-جوتی پیاو (هاوسەر) ( موکریانی،١٩٩٦: ٣٩٩).

لەڕاسـتیدا لـەنێو بـەکارهێنانی ڕۆژانـەی خـەڵکیدا ئـەم وشـەیە بەهـەردوو ماناکەی بەکاردێت، بەڵام بەجیاوازیی مەبەست و پێگـەی قسـەکردن ماناکـەی دەگۆڕێت، لـەم ڕووەشـەوە وشـەی (ژن)ی کوردی هـەمان واتـای (زنـی)ی فارسـی ئەدات بەدەستەوە کـە لـەیـەك کـاتدا هـەردوو ماناکـەی سـەرەوە لـەخۆدەگرێت (عمیـد،٢٠٠٠: ٧٣٩)، بـەڵام لـەزمانی روسیدا بـۆ هـەر یـەکێك لـەو واتایانـە وشـەیەکی سـەربەخۆ بـەڵام نزیـك بەیـەك هەیـە، لەبەرئـەوەی وشـەی (ژنـا) لـەو زمانەدا بەمانای هاوسـەر دێت (جوتـی پیـاو)، بەڵام وشـەی (ژنیشـیا)بـەمانای رەگەزی مێینە دێت (عومەر،٢٠٠١: ٧)، دیارە مانـای دووەم فراوانترە لـەمانای یەکـەم، چونکـە مـەرج نییـە هـەموو مێینەیـەك هاوسـەرداربێت، لـەنێو ژیـانی ڕۆژانـەی کوردەوارییـدا هـەندێکجار لـەبری وشـەی (ژن) وشـەی ئـافرەت

بەکاردەهێنرێت، ئەم وشەیە چ لە(ئافرۆدیتی یۆنانیەوە)هاتبێت کە واتای خوای جوانیی خۆشەویستی گەیاندووە یان لە(فراو)ی ئەڵمانییەوە هاتبێت کە مانای (Msis)ی ئینگلیزیی و (سیدە)ی عەرەبیی دەگەیەنێت، یاخود لە(عفریت)ی عەرەبییەوە هاتبێت دوورە لەڕەگوریشەی زمانی کوردییەوە (ژیلا،٢٠٠٠: ١). لەگەڵ ئەوەی ئەم وشەیە توانیویەتی ببێتە هاوواتای (ژن)، بەڵام نەیتوانیوە بەرامبەروشەیەکی یەکجار کۆنی وەك ژن بووەستێتەوە، بۆیە لەهەندێك باردا کەمتر بەکاردەهێنرێت (عومەر،٢٠٠١: ٧). لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت وشەی ئافرەت بەمانای جوتی پیاو(هاوسەر) نایەت، لەمەدا لەوشەی (ژن) جیاوازە.

*ب-پاشماوەی ئەنفال:*

ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کەسێك یان زیاتر لەخێزانەکانیان بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون و بێ سەروشوێن کراون و تائێستا هیچ سۆراغێکیان نییە (تاڵەبانی و محمد،٢٠٠٢: ١٦٧).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەژنی پاشماوەی ئەنفال ئەو ژنانەیە کە بەقۆناغی هاوسەریدا تێپەربوون و کەسێك یان زیاتریان بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون و بێ سەرو شوێنکراون، زیاتر لەمە ئەم چەمکە کورتدەبێتەوە بەرامبەر ئەو ژنانەی لەپرۆسەی ئەنفالدا هاوسەرەکانیان بێسەروشوێن کراون و ئێستا بەبێ هاوسەر ماونەتەوە یان ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا پێکهێناوەتەوە.

## ٤-جینۆساید:

وشەی جینۆساید لەرووی زمانەوانییەوە لەدوو وشە پێکهاتووە:

ا-وشەیەکی گریکی (genos)بەواتای رەگەز یان بنەچە.

ب-وشەیەکی لاتینی (caeders) بەواتای کوشتن یان فەوتاندن دێت.

بەلێکدانی هەردوو وشەکە فەوتاندنی بنەچە(genocide)پێکدێت (گول،١٩٩٧: ١٩)، هەروەها کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

پشتی بەدادگای (نیوربێرگ )[٦] بەستووە لەپێناسەکردنی جینۆسایددا، هەروەك لەبەندی شەشەمی ئەو دادگایەدا هاتووە (جینۆساید بریتییە لەرەتکردنەوەی ماڤ بوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی، چونکە فەوتاندنی مرۆڤ مانای لەناو بردنی ماڤ ژیانە، ئەوەش سوکایەتیکردنە بەکۆمەڵگەی بەشەریی و دژی بنەما پیرۆزە یاسایی و رەوشتییەکانە، هەروەها بەتەواویی پێچەوانەی مەبەست و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە (خدر،١٩٩٩: ٢٣٤).

جینۆساید لەفەرهەنگی زمانەوانیدا بەمشێوەیە پێناسەکراوە (لەناوبردنی یەك رەگەز یان یەك کۆمەڵگە بەهۆی کوشتاری گشتییەوە یان بەهۆی هێنانەکایەی بارودۆخێکی وا کە بەردەوامیی ژیان تیایدا ئەستەم بێت)، (asgeharmantzem,1995: 532).

یان بریتییە لەکوشتنی بەئەنقەستی تەواوی گروپێك یاخود رەگەزێك لەخەڵك، (longman,1978: 1995). هەروەها جینۆساید بەمانای هەریەك لەم کردەوانەی خوارەوە دێت کە بەنییەتی (intent)لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لەگروپێکی نەتەوەیی و ئیتنی (ethic) رەگەزیی ئاینیی (assuch) ئەنجامبدرێت، لێرەوە جینۆساید بەم مانایانەی خوارەوە دێت:

ا- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

ب- زیان گەیاندنی جەستەیی و زەینی بەئەندامانی کۆمەڵگە.

ج- بەئەنقەست دانانی گروپێك لەژێر بارودۆخێکی ئەوتۆ کە بەبڕاردە تەواوی گروپەکە یان بەشێکی لەباری فیزیکی لەناو ببات.

د- داسەپاندنی ئیجرائاتی وا کە بەمەبەستی رێگرتن بێت لەمناڵبون لەناو گروپەکەدا.

ە- بەزۆر راگواستنی مناڵانی گروپەکە (شێخ صدیق،٢٠٠٢: ٢١٦).

# بەشی دووەم

# لایەنی تیۆریی

## تەوەری یەکەم: ئەنداڵ و پرۆسەی جیوۆساید لەکوردستاندا

باسی یەکەم: ئەنداڵ وەک بەشێک لەپرۆسەی جیوۆسایدکردنی گەلی کورد

باسی دووەم: شاڵاوەکانی جیوۆسایدی بەعس لەکوردستانداو سەرەتایەک بۆ ئەنداڵ

باسی سێیەم: پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنداڵ لەگەرمیاندا

## تەوەری دووەم: ژن لەپرۆسەی ئەنداڵدا

باسی یەکەم: ژن و ڕۆڵی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا

باسی دووەم: ژن لەگوندنشینی کوردیدا

باسی سێیەم: بارودۆخی ژن لەئەنداڵی سێ دا

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەرەی یەکەم:

# ئەنفال و پرۆسەی جینۆساید لەکوردستاندا

## باسی یەکەم : ئەنفال وەک بەشێک لەپرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد

پێش ئەوەی باس لەو رایەلانە بکەین کە ئەنفال ئەبەستێتەوە بەجینۆسایدەوە، جێگای خۆیەتی کەمێك لەبارەی جینۆسایدەوە بدوێین و خەسڵەتەکان و تایبەتمەندییەکانی بخەینەڕوو بەو مەبەستەی کە لەژێر رۆشناییدا تاوانی ئەنفال تاوتوێ بکەین و بزانین پرۆسەی ئەنفال دەکەوێتە کوێی جینۆسایدەوە.

وشەی جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن دادوەری بەرەگەز پۆڵۆنی و هەڵگری ناسنامەی ئەمریکی (رافایل لمکین) بەکارهێنرا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لەکاتێکدا کە راوێژکاری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بوو، (لمکین)ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا بەو مانایەی کۆمەڵە کارێکە بەمەبەستی وێرانکردنی زەمینەی سەرەکیی ژیانی کۆمەڵە مرۆڤێك تاوەکو قەلاچۆ بکرێن، ئەویش بەداڕمان و وێرانکردنی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەلایەتی، کلتوریی، زمانەوانیی و تێکدانی هەست و سۆزی نیشتیمانیی و ئایینیی و ئابووریی، ئەو کارانەش کە لەدژی کۆمەڵە کەسانە (گوڵ،۲۰۰۰: ٤٧).

لەدوای ئەم ئاماژانەی (لمکین)ەوە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە جینۆسایدوەك چەمکێك هاتە نێو فەرهەنگی یاساناس و سیاسییەکانەوەو باس وخواسێکی زۆری لەسەرکرا، لەبەرئەوەی ئەم کارانە پێشێلکردنێکی

تەواوی مافی مرۆڤەو تاوانێکی ترسناکە لەدژی مرۆڤایەتی (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (کۆمەڵەی گەلان))لە١٩٤٦/١٢/١١ بڕیاری ژمارە (٩٦)ی دەرکرد بەوەی کە جینۆساید تاوانێکە سیماکانی یاسای نێودەوڵەتیی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە (دزەیی،٢٠٠١: ٣٩). لێرە بەدواوە هەڵوێست گرتن لەسەر تاوانی جینۆساید شکڵێکی جیهانیی وەرگرت، هەربۆیە لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار لەسەر ئەم مەسەلەیە کرا تاکو لە١٩٤٨/١٢/٩ ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیی لەدژی ئەم تاوانە مۆرکرا کە بەپەیماننامەی سزادان و قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید ناودەبرێت، (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٥٠)، هەرچەندە ئەم پەیماننامەیە لەم ساڵەدا مۆرکرا، بەڵام لە(١٩٥١/١/١٢) وە کەوتە کار.

تاوانی جینۆساید وەك لەم ڕێکەوتنەدا پێناسەکراوە (بریتییە لەو کارانەی بەمەبەستی تێکدان و هەڵتەکاندنی (گشتی یان بەش بەش)ئەنجامدەدرێت دژ بەکۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئتنیکی، نەژادیی، ئایینیی و شتی لەم چەشنە). ( میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٥٠)، هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپەیماننامەی ژمارە (٢٦٠)ی خولی ئاسایی سێیەمیدا لە(١٩٤٨/١٢/٩)لەبەندی دووەمدا ئەم تاوانە بەمشێوەیە پێناسە دەکات: (هەر کارێك کە بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لەکۆمەڵێ مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت لەڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ڕەگەزیی، نیشتمانی و ئایینیی)، (دزەیی،٢٠٠١: ٤٠).

لەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت مەبەست لەجینۆساید لەناوبردنی کۆمەڵێك مرۆڤە کە بەرنامەی پێشوەختی بۆ داڕێژراوە، جا ئەگەر کۆمەڵەکە بەتەواویی یان بەشێکی بگرێتەوە، ئەم کارەش بەپاڵنەری ڕەگەزپەرستی، ئایینیی، ڕۆشنبیریی، رامیاریی، عەشایەریی، کۆلۆنیی، ئەنجامدەدرێت (دزەیی،٢٠٠١: ٤١).

جینۆساید لەیاسای تازەی نێودەوڵەتیدا وەك تاوانێکی سەربەخۆ دیاریکراوە کە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانەکانی دیکەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم تاوانە بەدوو تایبەتمەندیی و خەسڵەتی دیاریکراو دەناسرێتەوە:

١- لەڕووی مەبەستەوە ئەم تاوانە جیاوازە لەتاوانەکانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکیی جینۆساید فەوتاندنی بەشێك یان کۆمەڵە مرۆڤێکە (گول،١٩٩٧: ١٤)، واتە لەگەڵ بوونی تاوانەکەدا مەبەستێکی ئاشکراو دیاریکراو هەیە لەپشت پرۆسەکەوە، بۆ نموونە لێکۆڵەرێکی وەك (ڤان برۆنەنسن) کوشتاری خەڵکی دەرسیم ١٩٣٧-١٩٣٨ بەجینۆساید دانانێت، چونکە بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە کە نیەتی دەوڵەتی تورکیا بۆ لەناوبردنی گەلی کوردی تێدا تۆمار کرابێت (پور،٢٠٠٠: ١١).

٢-لەبەرئەوەی مەبەست لەم کارە فەوتاندنە ژمارەی قوربانی لەبەرچاوناگرێت (گول،١٩٩٧:١٤)، واتە ئەگەرچی دەبێت بەرامبەر بەکۆمەڵێك ئەنجامبدرێت، بەڵام زۆرو کەمیی ژمارەی ئەو کۆمەڵە بەهەند وەرناگیرێت، هەرچەندە مێژوو سەلماندویەتی کە هەمیشە جینۆساید کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری گرتۆتەوە (دزەیی،٢٠٠١: ٤١)، دەبێت ئەوەش بڵێین کە جینۆساید تەنها لەفەوتاندنی فیزیکیی کۆمەڵە خەڵکێکدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو بەچەند شێوەیەکی تریش دەردەکەوێت، لەم ڕووەوە ئەتوانین جینۆساید بکەین بەچەند جۆرێکەوە:

١- جینۆسایدی فیزیکیی: کوشتن بەهەرجۆرێك بێت (ئیعدامکردن، گوللەبارانکردن، هێرشی سەربازیی، بەکۆمەڵ کوشتن، بەکارهێنانی چەکی قرکەری وەك چەکی کیمیایی و فسفۆری و ژەهرو..(گول،١٩٩٧: ١٢).

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژیی: بەربەستکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك لەپێشکەوتن و زیادبوون وەك بەربەستکردنی منالبوون و زیادکردن یان لەیەك دابڕینی پیاوو ئافرەت و دابەشکردنی کەسانی خێزان لەیەکتر بۆ ماوەیەکی زۆر (گول،١٩٩٧: ١٢).

٣- جینۆسایدی کلتووریی و نەتەوەیی: وەکو قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیریی و شێواندنی مێژوو فەوتاندنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی نێوان خەڵك و وێرانکردنی سەرچاوە دێرینەکان، (گول،١٩٩٧: ١٢).

٤- جینۆسایدی ئابووریی: واتە وێرانکردنی سامان وسروشت وبەروبوومی ناوچەکان و تالانکردن و فەرهودکرنی ماڵ وسامانی خەڵکیی (گول،١٩٩٧: ١٢)،

ئەمسەرەڕای وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا (ئیکۆساید)کە ئەنجامەکەی بەجینۆسایدێکی گشتی دەشکێتەوەو بەوێرانکردنو فەوتاندنی ژینگە ناسراوەو دەبێتەهۆی وێرانکردنی ژینگە (بیۆساید)، واتە فەوتاندنی ژیان، بەم مانایە ئەم جۆرە لەجینۆساید نەك هەر مرۆڤ، بەڵکو بەتەواویی ژیان لەو ناوچەیە دەسڕێتەوە (گوڵ،١٩٩٧: ١٢) لەبەر گەورەیی ئەم تاوانەو ئەو ترسەی کە لەسەر پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی دروستیکردووە، دەوڵەتان کۆك بوون لەسەر قەدەغەکردنو سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە، هەربۆیە بەندی شەشەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ پرنسیپی سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید دەچەسپێنێو دەڵێت (تاوانبارانی جینۆساید لەلایەن دادگایەکی ئەو وڵاتەی کە جینۆسایدی لێ ئەنجامدراوە یان لەلایەن دادگایەکی یاسایی نێونەتەوەییەوە سزادەدرێنو دەبێت لایەنەکانی بەشداریی ئەو پەیماننامەیە هاوکاریی ئەو دادگایە بکەن (گوڵ،١٩٩٧: ١٢).

دوای خستنەڕووی تاوانی جینۆسایدو خەسڵەتەکانیو جۆرەکانی دەتوانین بڵێین کە هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد بەشێك یان قۆناغێك بوو لەدرێژەی ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمی عیراقی بەرامبەر ئەم گەلە پیادەی کرد، چونکە سەرجەمی تاوانەکانی لەچوارچێوەی سیاسەتێکدا ئەنجامدران، کە توانایەکی زۆری بەبەرنامەو پلانی بۆ تەرخانکرابوو بەپێی بڕیارو مەرسوومەکانی ناوخۆی عیراقو بەکردەوەش تاوان لەدژی گەلی کورد وەك کارێکی ڕەواو قانوونیی ئەنجامدراوە وەك(کوشتن بەتاكوکۆمەڵ، وێرانکردن، دەرکردن، دەستبەسەراگرتنی ماڵو موڵك، زیندانیکردن، بەزۆر ڕاگواستن، شێواندنو تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکیی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی، سوپایەکی بەتواناو مۆدێرن)، هەموو ئەم کارانە ئاسەوارێکی زۆر ترسناکیان بەجێهێشت لەسەر بوارەکانی ژیان لەکوردستاندا بەتایبەت سڕینەوەی مافی ژیان بۆ مرۆڤەو هەموو زیندەوەرێكو شێواندنو تێکدانی ژینگەش (گوڵ،٢٠٠٠: ٤٦-٤٧).

بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەنفال جگەلەوەی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە لەهەمانکاتدا تەواوی جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا جێبەجێکراوە، چونکە لەیەك کاتدا لەناوبردنی فیزیکیی ژمارەیەکی زۆری خەڵکیو خاپورکردنی سەدان

گوندو بەتالانبردنی هەزاران سەر ئاژەڵو سەدان دۆنم زەویی و ڕێگرتن لەگەشەی سروشتی دانیشتوانو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتیو فەوتاندنی بەشێکی گەورە لەکلتوورو کەلەپورو سرینەوەی داب‌ونەریت دەگرێتەوە(٧).

گرنگترین بەڵگە کە وا دەکات پرۆسەی ئەنفال لەچوارچێوەی تاوانەکانی جینۆسایددا خۆی ببینێتەوە بریتییە لەڕوونیی و ئاشکرایی مەبەست لەجێبەجێکردنی ئەم تاوانەدا، چونکە یەکێك لەخەسڵەتە گرنگەکانی تاوانی جینۆساید بوونی مەبەستی تاوانکارییە (گوڵ،١٩٩٧: ١٥).لەم ڕووەوە بەڵگەنامەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عیراقیو مەرسومە ڕەسمییەکانی حکومەتی عیراقی لەبارەی پرۆسەی ئەنفالەوە باشترین بەڵگەن لەسەر مەبەستی ڕژێم لەئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیەدا(٨).

هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانێکی پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالو سەرنجی ورد بدەین لەسیاسەتی حکومەتی عیراقی دەبینین کە ئەنفال قۆناغێکە لەسیاسەتێك کە پێشتر پیادەکراوەو نەخشەی بۆ کێشراوە، بۆیە بەتەواوی وشیاریی و ئاگاییەوە ئەنجامدراوە (گوڵ،٢٠٠٠: ٤٧). خۆ ئەگەر لەخودی پرۆسەکە وردببینەوە ئەوا دەبینین بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراوو زۆر بەوردی قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێکراوە، لەم ڕوەشەوە گێڕانەوەکانی تەیمور(٩)، باشترین بەڵگەن لەو چاوپێکەوتنەیدا کە لەگەڵیدا کراوە لەلایەن نووسەری عێراقی (کەنعان مەکی)ەوە(١٠).

رواڵ هیلبیرگ لەکتێبەکەیدا لەسەر (هۆلۆکۆست) سێ هەنگاوی یەك لەدوای یەك دیاریدەکات بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی جینۆساید، ئەوانیش بریتین لە (پێناسەکردن- کۆکردنەوە (گرتن)-لەناوبردن)و پێیوایە ئەمە بنچینەی پێکهێنانی پرۆسەی جینۆسایدە. چونکە ناتوانرێت گروپێك لەناوببرێت بەبێ کۆکردنەوەو گرتنی قوربانییەکانو ناشتوانرێت قوربانییەکان جیابکرێنەوە پێش ئەوەی بکوژەکە دەستنیشانی ئەوە نەکات کە کێ سەر بەگروپەکەیە(میدڵ ئیست وچ،٢٠٠٠: ٢٤).

لەم ڕووەوە ئەگەر سەیر بکەین پرۆسەی ئەنفال بەتەواوی مانا ئەم یاسایەی هیلبیرگی بەسەردا دەچەسپێت بەتایبەتی ئەنفالی سێ (ئەنفالی گەرمیان). بۆ

نموونە پێش هەموو شت ڕژێم پێناسەی ئەوانەی کرد کە دەکەونە بەر ئەم شاڵاوە، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری نووسینگەی باکور دەردەچێت بەئیمزای (علی حسن المجید)کە تیایدا هەموو ئەو کەسانەی بەوردی دیاریکردووە کە دەکەونە بەر ئەم شاڵاوە لەڕووی شوێن و تەمەن و وردەکارییەکانی ترەوە[11]، پاش ئەم هەنگاوە قۆناغی دەستپێکردنی شاڵاوەکە دێت و لە(٨)ی ئاب تاکو(٢٠)ی ئاب دەخایەنێت لەو ماوەیەدا خەڵکی زیاتر لە(٥٠٠)گوندی ناوچەکە بەژن و پیاو منداڵەوە راپێچی مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەی خەڵك دەکرێن (دزەیی،٢٠٠١: ١١)و لەچوار بنکەی جیاوازدا کۆدەکرێنەوە کە (لەیلان و عەلیاوا و قادر کەرەم و چەمچەماڵ)بوون (میدڵ ئیست وۆچ،٢٠٠٠: ٢٧٨)، بەمەش هەنگاوی دووەمی بەئەنجامگەیاند. پاشان لەقۆناغی سێیەمدا بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی کۆیکردبووەوە بەئیڤا ڕەوانەی بیابان کران و بەپێی گوتەی دەربازبوویەکی نێو بیابان (تەیمور) لەچاڵی گەورەدا هەموویان گوللەبارانکراون و پاشان بەشۆڤڵ داپۆشراونەتەوە (مەکیە،٢٠٠٠: ١١٢). بۆیە وەك (میدڵ ئیست وۆچ) دەڵێت جینۆسایدی کوردەکان لەساڵەکانی (١٩٨٧-١٩٨٨)داو لەشاڵاوی ئەنفالدا بەتەواوی پڕ بەپڕی نموونەکەی (هیلیبرگ)ە (میدڵ ئیست وۆچ،٢٠٠٠: ٣٤-٣٥).

## باسی دووەم/ شاڵاوەکانی جینۆسایدی بەعس لەکوردستانداو سەرەتایەک بۆ ئەنفال:

ئەنفال روداوێك نییە لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، بەڵکو مێژوویەکی درێژی مامەڵەکردنی دڵڕەقانەی بەعسی بەرامبەر بەکورد لەپشتەوەیە کە دەکرێت بیرێتەوە بۆ رێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)و تەنانەت بۆ کۆنتریش (مەکیە،١٩٩١: ١١٠).

لێرەوە ئێمە پێویستمان بەوەیە کە ئاوڕێکی خێرا لەو مێژووە پڕ لەکوشتوبڕە بدەینەوە کە حیزبی بەعس لەماوەی دەسەڵاتیدا ئەنجامی داوەو لەئەنفالدا گەیشتە لوتکە (عەبدولڕەحمان،١٩٩٥:١٥). ئەگەرچی گەلی کورد لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەجینۆسایدکردن، بەڵام بەتەواوی دوای دەسەڵات گرتنەدەستی حیزبی بەعس بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو رووبەڕوی قرکردن و پاکتاوکردن بۆتەوە (رەئوف،٢٠٠٢: ٢٤). بۆیە گرنگە سەربوردەیەکی خێرا بەمێژووی کوردقڕانی ئەم حیزبەدا بکەین، چونکە دواجار ئەنفال پرۆسەیەکە بەرهەمی بەعسەو لەهەناوی بەعسیزمەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات، بەعسییەکان بەشێوەیەکی نوێ و دڕندانەتر کوردقڕانیان پیادەکرد، وەك ئەو تالانی و کوشتوبڕەی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣کە لەناوچەی کەندیناوە کردیان و چەندین گوندیان بەمزگەوت و قوتابخانەوە سوتاند، چەندین کەسی بێتاوانیشیان کوشت و ئەشکەنجەداو ماڵ و سامانیان بەتاڵان دن، لەناوچەی دبزیش ٢١ گوندیان روخاندو ١٥٠٠خێزانیشیان دەربەدەر کردو دەستیانکرد بەتەعریبی ناوچەکە (دزەیی،٢٠٠١: ٥٨)، ئەمە قۆناغی یەکەمی تەعریبی ناوچەکەبوو. قۆناغی دووەم لەساڵی ١٩٧٥داو قۆناغی سێیەمیش لەساڵی ١٩٧٨ەوە دەستیپێکرد و سەرجەم ١٥٣گوندیان تەعریبکرد (گوڵ،١٩٩٧: ٢٤).

هـەروەها لـە۱۰/۷/۱۹٦۳(٤۰۰۰۰)کـوردی دەوروبـەری شـاری کـەرکوك دەربەدەرکران و لەجێگەیان عەرەبی خێڵەکیی دانران (گول،۱۹۹۷: ۲٤). پاش کودەتاکەی ساڵی ۱۹٦۸حیزبی بەعس، سیاسەتی قڕکردنی کورد قۆناغێکی نوێـی بەخۆیـەوە بیـنی، کـە زیـاتر بەبـەرفراوانیی و سیسـتماتیزەکراوی دەناسرێتەوە. ئەگەرچی لەسەرەتای کودەتاوە ئەم رژێمە زمانی توندوتیژیی شۆڤێنی پێوە دیارنەبوو سەرەبارەت بەکوردو وایان دەخستەڕوو کە کورد وەك شەریك قبوڵ دەکەن (میدڵ ئیست وۆچ،۲۰۰۰: ٤۹-٥۰)، بەڵام زۆری نەخایاند کە بەعس ئەم ماسکەی لەسەر رووی خۆی لاداو کەوتە جێبەجێکردنی بەرنامە نەخشە بۆ داڕێژراوەکانی خۆی بۆ قڕکردنی گەلی کورد، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لەرووی تیۆرییەوە فەوتاندنی گەلی کورد لەبەرنامەی حیزبی بەعسدا جێگیربووە (گول،۱۹۹۷:۲٦)، لەم رووەوە ئەو وتـە شـۆڤێنییەی میشـل عەفلـەق باشـترین بەڵگەیە کە دەڵێت "گەلی کورد بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب"(گول،۱۹۹۷: ۳٦).

راپۆرتـی ژمـارە ۲٤ی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی لە لەندەن تاوانەکانی رژێمی عیراق لەنێوان ساڵەکانی ۱۹٦۰-۱۹۷۰بەم جۆرە دیاریدەکات لەو ماوەیەدا رژێم ٤۰۰۰۰ ماڵی کوردی لە۷۰۰ گوندداویرانکردووەو ۳۰۰۰۰۰ کەسیشی ئاوارە کـردووەو ٦۰۰۰۰۰ کەسـیش بریندارـبوون و کـوژراون (رەئـوف،۲۰۰۲: ۲۲)، لەسـەرەتای حەفتاکانـەوە رژێمی عیراقی بەپلان و بەرنامەوە کەوتـە دەرکردنـی خـەڵکی کوردسـتان و ئاوارەکردنیـان بـۆ نموونـە لـەماوەی سـاڵانی ۱۹۷۰-۱۹۸۰ئـەم تاوانانـەی خـوارەوە بەرامبـەر بـەکورد لەسـەر دەسـتی ئـەم رژێمـە رویداوە.

۱-دەرکردنی ٤۰۰۰۰ کوردی فەیلی رووەو ئێران و سەندنەوەی ناسنامەی عیراقی لێیان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان، ئەگەرچی ئەم ژمارەیە تاکو ساڵی ۱۹۸۰ گەیشتە ۲۱٥۰۰۰ کـەس (گول،۱۹۹۷: ۲٦). ئەمـە جگەلـەوەی زیاتر لە۱۰۰۰۰ کوردی فـەیلی لـەنێوان تەمەنی ۱٤-٤٥ساڵیدا بێسەرو شوێن کرد (خدر،۱۹۹۹: ۱٥۸).

۲-هـەزاران کرێکـارو فەرمانبـەرو خێزانـەکانیان لەکـەرکوك و خانـەقین دەرکران(گول،۱۹۹۷: ۲۷).

٣-لەناوەڕاستو کۆتایی حەفتاکاندا بەمەبەستی دروستکردنی پشتێنەی ئەمنیی بەدرێژایی سنووری لەگەڵ تورکیاو ئێراندا ڕژێم لانی کەم ٢٥٠,٠٠٠ کەسی گوێزایەوەو ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکانی کردن (ڕەئوف،٢٠٠٢: ٣١).

٤-لە٢٤/٤/١٩٧٤دا ڕژێم بەفڕۆکە شاری قەڵادزێی بۆردومانکردو ١٢١ کەسی لەو شارەدا شەهیدکرد کە زۆربەیان قوتابی زانکۆبوون (خدر،١٩٩٩: ٢٥٧).

٥-ساڵی ١٩٧٥دەیان هەزار کەسی بەرزانی لەناوچەکانی خۆیان هەڵکەندو بەزۆر ڕەوانەی بیابانی کردنو لەباشوری پارێزگای دیوانییە لەخواری عیراقدا نیشتەجێیکردن، دوای ٥ساڵ ژیان لەو بیابانەدا ساڵی ١٩٨٠ گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگای قوشتەپەو بەحرەکەو دیاناو هەریر(میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ١٠٥).

٦-هەروەها دوای هەرەسهێنانی بزوتنەوەی کوردی لەساڵی ١٩٧٥دا (٢٥٠٠٠)یەزیدی لەسنجارەوە ڕاگوێزران (گوڵ،١٩٩٧: ٢٧).

بێگومان ئەمە بەشێکی زۆر کەمی ئەو کارانەیە کە حکومەتی عیراقی لەماوەی ئەو ١٠ساڵەدا ئەنجامی داون، تەنانەت هەندێکیشیان لەوکاتانەدا بووە کە لەگەڵ بزوتنەوەی کوردیدا لەدانووستاندا بووە.

هەروەها بەسێ ساڵ دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێران وعیراق لە٣٠/٧/١٩٨٣دا ڕژێم ٨٠٠٠ پیاوی بەرزانی سەرنگومکرد (خدر،١٩٩٩: ٢٦)، ئەگەرچی دواتر سەدام حسێن لەوتارێکدا دانی نا بەچارەنووسیانداو بەڕاشکاوانە وتی"ئەوانە خیانەتیان لەوڵاتو لەپەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بەسزای سەختمان گەیاندنو بۆ دۆزەخمان ناردن"(ڕەئوف،٢٠٠٢: ٥٢).

هەروەها لەئێوارەی ١٦/٤/١٩٨٧دوانزە فڕۆکەی نارده سەر ناوچەی بالیسانو شێخوەسانانو بەکیمیایی ئەو ناوچەیەی بۆردومانکردوو لەئەنجامدا نزیکەی (١١٠)کەس کوژران کە ٣٣ لەوانە منداڵی خوار چوار ساڵان بوون (بالیسانی،١٩٩٣: ٦)؛ بەڵام بەپێی مەزەندەی میدڵ ئیست وۆچ ئەوانەی لەئەنجامی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەم کیمیابارانەدا گیانیان لەدەستدا ٢٢٥ کەس بوون (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ١٥٥)،

هەروەك بەساڵێك کەمتر دوای رووداوەکەی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان رژێم لە١٦/٣/١٩٨٨دا بە(٥)فڕۆکەی هێرشبەر کە هەریەکەیان چوار بۆمبی ٥٠٠کگم کیمیاییان هەڵگرتبوو هەڵەبجەیان بۆمب بارانکردو ٢٠٠ تەن گازی ژەهراویی بەسەر شارەکەدا باراند (سامەرائی،١٩٩٦: ١٠٤)، لەئەنجامی ئەم هێرشەدا زیاتر لە٥٠٠٠ کەس کوژران و٥٠٠٠ کەسی تریش بریندار بوون، ئەم کارەساتەش لەوکاتەدا لەزۆرێك لەڕاگەیاندنەکانی جیهانەوە پەخشکراو پیشانی خەڵکیی درا(رەئوف،٢٠٠٢: ٥٠).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە جینۆسایدی دژ بەگەلی کورد لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەچەند شێوەیەك پیادە کراوە وەك:

١-کوشتنی تاك بەبێ هیچ دادگاییکردنێك.

٢-کوشتنی بەکۆمەڵ و داسەپاندنی سزای بەکۆمەڵ.

٣-زیندانیکردنی بەکۆمەڵی ژن و پیرو منداڵ بەبێ هیچ تۆمەتێکی دیاریکراوی یاسایی.

٤-بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیایی لەزۆربەی هێرشەکانی ئەنفالدا بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی وەك سێوسێنان (قەرەداغ)، گۆپتەپە(ئاغجەلەر)، بالیسان، سەرگەلو، بەرگەلو،سێکانیان، پلنگیان (دۆڵی شاوری سەر بەڕانیە)، ناوچەکانی بادینان.

٥-ئەشکەنجەدانی دەروونیی و جەستەیی بەکۆمەڵی زیندانەکانی نوگرەسەلمان و تۆپزاوا دبز.

٦-ئاوارەکردنی بەکۆمەڵ بۆ تورکیاو ئێران سەرەڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

٧-کۆچپێکردنی زۆرەملێی و بەکۆمەڵ و نیشتەجێکردنی بەزۆر لەئۆردوگاکاندا (عەبدولڕەحمان،١٩٩٥:١٦).

لەڕاستیدا ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، بەشێکی کەمی ئەو تاوانانەیە کە ڕژێمی بەعس تاکو پێش کارەساتی ئەنفال ئەنجامی داوە دژ بەگەلی کورد لەماوەی ٢٥ساڵ لەتەمەنی فەرمانڕەوایی خۆیدا[١٢].

هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە تواندنەوەو قڕکردنی کورد شتێك بووە لەبەرنامەی حیزبی بەعسدا جێگیربووە، ئەوەتا دەستوری کاتیی عیراق ژمارە ٧٩٢ی ساڵی ١٩٧٠کە ئاراستەکەری سیاسەتی عیراق بووە دەڵێت العراق جزء من الدولة العربية) (الساعدي، ١٩٩٠: ١٩٩)لێرەوە دەردەکەوێت کە جگە لەنەتەوەی عەرەب هیچ کەمە نەتەوەیەکی دیکە لەپێکهاتەی گەلانی عیراقدا شوێنی نەگرتووە وەك لەمادەی ٥ی بڕگەی (ا)دا دەڵێت: (العراق جمهورية ديمقراطية شعبية ذات سيادة، هدفه الأساسي تحقيق دولة العربية الواحدة) (الساعدي ١٩٩٠، ١٩٩) کەواتە کوردیش دەبێت بەشێك بێت لەنەتەوەی عەرەب و ئامانجی سەرەکیی هێنانەکایەی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتووبێت، ئیتر ماف نەتەوایەتی بۆ کورد دیاری نەکراوەو جگە لەجینۆساید هیچی تری بۆ کورد لێناخوێنرێتەوە (ڕەئوف،٢٠٠٢: ٢٧).

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئێران عیراق جینۆسایدی گەلی کورد چووە قۆناغێکی دیکەوەو هەر لەسەرەتاوە ئەوەی لێدەخوێنرایەوە کە ڕژێمی بەعس پلانێکی گەورەو ئامادەکراوی بەدەستەوەیە، لەم ڕووەوە ساڵی ١٩٨٣لەکاتێکدا مفاوەزاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەعس دەستپێکرد (تاریق عەزیز) بە(فەرەیدون عبدولقادر) دەڵێت "ئێمە ناڕوخێین، چونکە دونیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێدەکات، ڕۆژێکیش دێت ئەم شەڕە تەواودەبێت، ئەگەر ئێستا بێن و لەگەڵماندا پێکبێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵدا دەکەن کە هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژەپێبدەن دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران سەد هەزار کوڕ اوتان بۆ تەرخان دەکەین، خاکتان بەتورەکە دەبێژینەوەو تەفروتوناتان دەکەین" (ئەمین،١٩٩٩: ٧).

ئەم گوتەیەی تاریق عەزیز لەساڵی ١٩٨٣دا ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەو پلانەی کە ڕژێم خۆی بۆ ئامادەکردبوو، بۆیەکاتێك لەشەڕی ئێران عیراقدا سەرکەوتوودەبێت و دڵنیا دەبێت ئێران توانای هێرشی گەورەی نەماوە،

بەشێکی سوپاکەی لەمەیدانی جەنگ دەکێشێتەوە بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەی کوردو جێبەجێکردنی پەلاماری ئەنفال(ئەمین،١٩٩٩: ١٤١). لێرەوە دەردەکەوێت کە سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیە رووی لەدەرکەوتن کرد بەتایبەتی کاتێك بەپێی بڕیاری ژمارە(١٦٠)ی رۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ی ( بەئیمزای خودی (سەدام حسێن)عەلی حەسەن ئەلمەجید کرا بەبەرپرسی نووسینگەی باکوری حیزبی بەعس و دەسەڵاتێکی رەهای درایە لەو ناوچەیەدا، کە هاوتای دەسەڵاتی سەرەك کۆمار خۆی بوو (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ١٣٤-١٣٥). پاش مانگێك لەدەست بەکاربوونی ئەلمەجید دەستیکرد بەدروستکردنی ناوچەی دابڕاو لەنێوان خەڵك و ئەو هەرێمانەی پێشمەرگەی لێبوو بەمەبەستی کۆکردنەوەی گوندنشینەکان و بەدوو قۆناغ بەڕێوەچوو:

***قۆناغی یەکەم: لە١٩٨٧/٤/٢١ تاکو١٩٨٧/٥/٢٠***

***قۆناغی دوەم: لە١٩٨٧/٥/٢١ تاکو١٩٨٧/٨/٢٠***

لەم هەڵمەتانەدا زیاتر لە٧٠٠ گوند سوتێنران و بەبلدۆزەر تەختکران(میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ١٨٠-١٨١)، دوای جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە رژێم لەرۆژی ١٩٨٧/٦/٢٠بڕیاری ژمارە٤٠٠٨/٢٨ی دەرکرد کە ئاماژە دەکات بەوەی لە١٩٨٧/٦/٢٢ەوە هەرکەسێك لەدیهاتە قەدەغەکراوەکاندا بگیرێت دەکوژرێت و هەموو ئەو گوندانەش کە تاکو ئەوکاتە ئاوەدانن دەبێت بڕوخێنرێن. بڕیارەکەش لەسەرۆکایەتی نووسینگەی باکوری حیزبی بەعس دەرچووە، ئیمزای عەلی حسن ئەلمەجیدی لەسەرەو ئاراستەی فەیلەقەکانی (یەك- دوو- پێنج)ی سوپای عیراقی کراوە[١٣].

پاشان لە ١٩٨٧/١٠/١٧دا رژێم بۆ جیاکردنەوەی پێشمەرگەو کەس وکارو هاوهەڵوێستەکانیان لەخەڵکانی تر و دابڕانی ناوچە قەدەغەکراوەکان لەناوچەکانی دی ئامارێکی دەستپێکردو بەچەند

ڕۆژێکیش پێش ئامارەکە ئاگادارییەکی دەرکرد بۆ گوندنشینەکانی ئەم ناوچەیەو تیایدا هاتبوو:

١-یان بگەڕێنەوە بۆ ریزی نیشتمانیی و لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێبن لەپێش ١٩٨٧/١٠/١٧دا.

٢-یان ئاسنامەی عیراقییان لەدەست ئەدەن و بەهەڵاتووی سوپا لەقەڵەم دەدرێن، بەمەش بەر ئەحکامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە٦٧٧ی ١٩٨٧/٨/٢٦دەکەون کە بریتییە لەسزای مردن و لەسێدارەدان (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ١٨٠-١٨١).

لەهەمانکاتدا ئەلمەجید وای دادەنا کە کارێکی پەسەند نییە رێگە بەخێزان و کەس وکاری ئەو تێکدەرانە بدرێت کە پەشیمان نەبوونەتەوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بمێننەوە، بۆیە ئەو خەڵکانەی بەزۆر دەرکردو رەوانەی ناوچە قەدەغەکراوەکانی کردن کە کەس وکاریانی لێبوو بۆ ئەوەی هەمان چارەنووسی ئەوانیان هەبێت، جگەلەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٥-٥٠ساڵیدا بوو کە دەبوو دەستبەسەربکرێن (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ١٧٩).

ئەمەش باشترین حاڵەتی خۆئامادەکردنبوو بۆ پیادەکردنی شاڵاوەکە، کە بەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەو کەس وشوێنانە دەستپێکرد کە دەبوو بەر پەلامارەکە بکەون.

## باسی سێیەم: پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەرمیاندا[١٤]

گەرمیان واتە وڵاتی گەرم. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی بەرفراوانی باشورو باشوری خۆرئاواو باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە (محمد،٢٠٠٢: ٢١)، سنوری ئەم ناوچەیە لەڕۆژئاواوە شارێی نێوان شاری پڕ نەوتی کەرکوك- چەمچەماڵە، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداغ و لەباشوریشەوە هەرسێ شارۆچکەی کەلارو کفری و پێبازەو چەقی جوگرافیای ناوچەکە ناحیەی قادرکەرەمە (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٤١).

گەرمیان لەڕووی ئابوورییەوە گرنگیی زۆری هەیە لەبەرئەوەی چاڵە نەوتەکانی کەرکوك و خانەقین دەکەونە چوارچێوەیەوە، هەروەها ناوچەیەکی کشتوکاڵیی بەپیتەو شوێنەواری دێرینی (چەرمۆ)[١٥] دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە، ئەمە جگەلەوەی ناوچەیەکی لەوەڕگای گرنگی هەرێمی کوردستانەو مەڕوماڵاتێکی زۆری تێدا بەخێودەکرێت (تاڵەبانی ومحمد،٢٠٠٢: ٢١). لەم ناوچەیەدا لەساتەوەختی ئەنفالدا دوو قەزاو چوار ناحیەو زیاتر لە٦٠٠ گوندو نزیکەی ٢١١٩٢ خانوو ٢٣٧٩٩ خێزان و ١٤٤ قوتابخانەو ٣٣ نەخۆشخانەی تێدا بووەو زیاتر لە١٢٠٠٠٠ کەسی تێدا ژیاوە (عەبدولرەحمان،١٩٩٥: ١٢٤)، پەلاماری ئەنفالی سێ کە لە٧ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ەوە دەستیپێکردو لە٢٠ی نیساندا کۆتایی پێهات، ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ)ی گرتەوە (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٤١).

لەپەلاماری گەرمیاندا ڕژێم لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەکەیدا، لەلای باشورەوە: لەشارۆچکەی کەلار، لەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە ڕێگای سەرەکیی نێوان کەلارو پێباز-دەربەندیخان دەگرێتەوە تاکو دەگاتە زنجیرە چیای قەرەداغ، لەباکوریشەوە لەزنجیرە چیای سەرگرمەوە دەستپێدەکات تاکو دەگاتە کۆمەڵگای تەکیەو ڕێگای سەرەکیی نێوان چەمچەماڵ کەرکوك، لەڕۆژئاوایشەوە

لەکەرکوکەوە دەستپێدەکات و بەڕێگا سەرەکییەکەی کەرکوک- دوزخورماتوو تێدەپەڕێت تاکو دەگاتە شاری کفری (محمد،٢٠٠٢: ٢٢) بەم شێوەیە دەبینن کە لەپەلاماری گەرمیاندا رژێم لەیەك کاتدا لەهەموو لایەکەوە هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکەو تەوقی داوە.

ئەوەی ئەنفالی گەرمیان لەقۆناغەکانی تری ئەنفال جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم شالاوە بەشێوەیەکی زۆر ورد نەخشەی بۆ داڕێژراوەو پیادەکراوە، ئەوەتا سەعات لەدوای سەعات لەڕێگەی ٣٢ بروسکەی (نهێنیی و بەپەلەوە) بارودۆخی پەلامارەکە بۆ گەورە ئەفسەرانی سوپا دەگوێزرێتەوەو ئالوگۆڕی بروسکەکان باس لەنزیکەی ١٢٠ گوندی ناوچەکە دەکەن کە تاکو ئەوکاتە گیراون و تێکدراون یان سوتێنراون وێران کراون (دزەیی،٢٠٠١: ١٣٠-١٣١).

ئەم بەڵگەنامانە باسی زنجیرەیەك جموجوڵی گەمارۆدانی گەورە دەکەن کە وا رەتڵی هێزەکان لانی کەم لەهەشت شوێنەوە بەدەوراندەوری گەرمیاندا پێشڕەوییان کردووەو ئابڵوقەی شوێنە دەستنیشانکراوەکانی پێشمەرگەیان داوەو رێگەیان بۆ خەڵکە هەڵهاتووەکە کردۆتەوە بچنە ئەو شوێنانەی کە بۆ کۆکردنەوەیان دیاریکرابوو (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٤٥). لەبەر بەرفراوانیی ناوچەکە رژێم بەسێ پلان ئەم پرۆسەیەی ئەنجامدا (رەئوف،٢٠٠٢: ٥٧)، کە ئەمانەن:-

<u>یەکەم / پلانی پەلاماری دووز خورماتوو:</u> بەرەبەیانی رۆژی ١٩٨٧/٤/٧پێشەنگی هێزەکانی سوپاو فەوجەکانی جاش کەوتنە جموجۆڵ و لەبنکەکانیان دەرچوون لەدوزخورماتوو گۆشەی باشووری رۆژئاوای گەرمیانەوەو لەدوو رۆژی دواتردا هێزەکانی تر لەکەرکوك و لەیلان و چەمچەماڵ و سەنگاوەوە دەرچوون و لەهەموو لایەکەوە بەرەو شارۆچکەی قادرکەرەم پێشڕەوییان کرد (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٤٦)، یەکەمیان

لەشارۆچکەی ئەوجونەوە بۆ چەمی ئاوەسپی هێرشی کرد. دووەمیان هێزێکی گەورەتربوو بەرەو رۆژهەڵات پێشڕەویی کرد بەقەراغی چەمدا (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٤٧)، ئەم هێزە لەلیوای ٦٥ی تایبەت و دوو فەوجی بەرگریی نیشتیمانیی (فەوجەکانی ٥٨ و ٢٠٠) پێکهاتبوو. پاش شەڕێکی توند ١٧ گوندی وێرانکرد، لەوانە گوندی وارانی کە ئاگری تێبەرداو خەڵکەکەشی شوێن بزرکران و ماڵ و ئاژەڵەکانیشیان بەتاڵان بردن و ئەوانەی دەربازیشبوون لەیەکەم رۆژی رەمەزاندا (١٧ی نیسان) ئابڵوقەدران و ناچارکران خۆبەدەستەوە بدەن، ئەوانیش راپێچی زیندان کران. لیستێك بەناوی ١٠٢ کەس لەدانیشتوانی گوندی وارانی ئامادەکراوە کە زۆربەیان ژن و منداڵن و بێسەروشوێنکراون (تاڵەبانی،٢٠٠٢: ١٧٢). سێیەمیان هێزێکی گەورەبوو پەلاماری گوندی ئازەشاری دا کە گوندێکی ٢٠ماڵیی ستراتیژیی گرنگ بوو دەکەوێتە سەر رێگای نێوان قادرکەرەم و دوزخورماتوو، لەم پەلامارەدا ئەگەرچی رووبەرووی بەرەنگاریی پێشمەرگە بوونەوە، بەڵام لەبەر لاسەنگیی هێزەکان سوپا توانیی لە ١٩ی نیساندا بەرگرییەکە تێکبشکێنێت و دواتر چەند گوندێکی تری وێران کردو خەڵکەکەشی شوێن بزرکرد، وەك گوندەکانی (کانی قادری خواروو، کانی قادری سەروو، ئاوایی شێخ حەمید) کە ئەمەی دواتریان لەکۆی ٨٥ خێزان ٨٠ پیاوی لێ بێسەروشوێن کراوە. هەروەها چەند گوندێکی دیکەش وێرانکران وەك گوندەکانی کەریم بەسام کە پتر لە ٢٥ کەس و گوندی عەزیز بەگ کە ٩٢ کەسی لێبێسەروشوێن کراوە (دزەیی،٢٠٠١: ١٠٦).

بەپێی گوتەی ئەو شایەتحاڵانەی کە بۆ (میدڵ ئیست ۆچ) دواون دەردەکەوێت کە رژێم لەهەردوو گوندی- ئازەشار و شێخ حەمید-دا کیمیایی بەکارهێناوە (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٤٩--٢٥٠). هەروەها میدڵ ئیست ۆچ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دانیشتوانی ئەو گوندانەی دەستگیرکراون سەربازەکان ژن و پیاویان لێك جیاکردۆتەوەو پیاوەکان رەوانەی بەندیخانەکراون، پاشان ژن و منداڵیش لێك جیاکراونەتەوەو رەوانەی بەندیخانەکان کراون (تاڵەبانی،٢٠٠٢: ١٧٢).

دووەم/ پلانی پەلاماری قادرکەرەم و باکووری گەرمیان: سوپا لە١٠ی نیسانda بەسەرپەرشتی عەمیدی هێزی تایبەت (بارق حاج حنطە)ی فەرماندەی گشتی شالاوی ئەنفالی گەرمیان هێزێکی لەرێگا سەرەکییەکەی نێوان کەرکوک-چەمچەماڵ بەناوچەکەدا بڵاوکردەوە کە پێشتر ئەم ناوچەیە ساڵی ١٩٨٧ وێرانکرابوو خەڵکەکەشی راگوێزرابوونە ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە. هەربۆیە هیچ بەرگرییەك نەهاتە پێشرەوییەکەی سوپا(دزەیی،٢٠٠١: ١٠٦).

لە١١ی مانگدا هێزێکی جاش کە وا سەید جەباری فەرماندەی بوو لەقادرکەرەمەوە دەرچوون بۆ تێکدانی گوندی برایم غولامی عەشیرەتی زەنگەنە. ئەگەرچی خەڵکی گوندەکە پێش شالاوەکە گوندەکەیان چۆڵکردبوو، بەلام لەئەنجامدا ناچاربوون خۆیان بەدەستەوە بدەن و ٥١ کەسیان بێسەروشوێن کرا(تالەبانی،٢٠٠٢: ١٧٤).

لەم قۆڵەی پەلاماری گەرمیاندا ناوچەکانی زەنگەنەو جەباری کە دوو هۆزی گەورەی کوردن بەر کوشندەترین زیان کەوتن. جەباری کە یەکێکن لەهۆزە گەورەکانی ناوچەکە گوندەکانیان دەکەونە تەپۆلکەکانی باکوری ناوچەی زەنگەنە (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٥٤)، بەپێی ئامارێك ناوچەی جەباری ٤٢٩ کەسی ئەنفالکراوە (دزەیی،٢٠٠١: ١٠٦). هەرچی زەنگەنەیە دانیشتووی کۆمەڵە گوندێکی رۆژهەلاتی قادرکەرەم-ن، رەتلێکی گەورەی سوپا بەهاوڕێیەتی دەیان تانك لەناحیەی سەنگاوەوە رووەو رۆژئاوا چوو بەنیازی شکاندنی هێزێکی(puk) لەدۆڵی گۆل باخدا کە بریتیبوون لەتیپی ٥٩و ئەوانەی لەتیپی ٥٥ی قەرەداغەوە هاتبوون. سوپا بەرۆژێك تاکو ئێوارە ئینجا توانیی هێزەکەی پێشمەرگە بشکێنێ، ئەویش دوای ئەوەی ٧ پێشمەرگە لەگەراوی و ٣ لەقەیتوول کوژران، بۆیە بەناچاریی بەرەو باشور پاشەکشەیان کرد(میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٥٩-٢٦٠).

دوای ئەوە سوپا بەسەر گوندەکانی قەیتەوان و باسەرەدا تێپەری و گەیشتە قەیتوول، بەلام خەڵکی گوندی قەیتوول بەدوو هەفتە پێش ئەوەی ئەنفالیان پێبگات چووبوونە هەردەکانی پشت گوندو لەوێدا خۆیان شاردبۆوە، لەدوای راوێژکردن بەیەکتریی گەشتبوونە ئەو رایەی کە رووەو چەمچەماڵ برۆن کە

چەند سەعاتێك لێیانەوە دووربوو، بەڵام لەناو هەردەكەدا هێزەكانی بارق گرتنیان و دوای ناونووسكردنیان بەدوو كاروانی ئیڤا ڕەوانەیان كردن یەكێكیان ڕووەو سلێمانی و ئەویتریان ڕووەو كەركوك، بەشێكی زۆری ئەوانە هەرگیز نەگەڕانەوە(١٦)، هەروەها سوپا توانیی لەناخافڵدا خەڵكی گوندی قیرچەی سەدماڵیی دەستگیربكات كە گوندێكی چەپەكیی دوورەدەست بوو. پەلاماردانی ئەم گوندە لەبەرەبەیانێكدابوو كە هێشتا خەڵك لەخەو هەڵنەسابوو. تەنها ژمارەیەكی كەم دەربازیان بوو، بارق خۆی سەرپەرشتی ئەو هێزانەی كرد كە پەلاماری ئەو گوندەیانداو دوای ئەوەی دایان بەسەر گوندەكەدا تەواوی پیاوەكانیان لەشوێنێكدا كۆكردەوەو كەلەپچەیان كردن. یەكەمجار پیاوەكانیان بەئیڤا ڕەوانەكران، پاشان كۆمەڵێك ئیڤای تر مەڕوماڵاتی خەڵكەكەیان باركرد، دواجاریش ژن و منداڵ و بەساڵاچووەكان ڕاپێچكران، پاش ئەوەی سەربازەكان ماڵەكانیان تاڵانكردن و بە بەرچاویانەوە خانووەكانیان سوتاندو بەبلدۆزەر تەختی زەویان كرد. بەم شێوەیەش لەم گوندەدا ٦٠ كەس بێسەروشوێن كران (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٦٢). لەئامارێكدا كە لە١٤گوندی ناوچەی زەنگەنە ئەنجامدراوە دەركەوتووە لەكۆی ٢٣٩ ماڵ پێش شاڵاوەكان ٧٩٥ كەسیان ئەنفالكراوە و لەم ژمارەیە ٢٥ ماڵ بەتەواویی بنەبڕبوون (دزەیی،٢٠٠١: ٧ ١).

__سێیەم/ پەلاماری باشوری گەرمیان و سەنگاو:__ سەختترین و پڕئازارترین و تراژیدیاترین وێنەكانی ئەنفال لەهەرێمی كوردستاندا لەم ناوچەیەدا ڕوویداوە، بەرادەیەك كە چەندین خێزان و بنەماڵە بەجۆرێك ڕیشەكێش كراون كە هیچ وەچەیەكیان نەماوە. بەبێ گوێدان بەڕەگەزو تەمەن، بەبێجیاوازی گەورە و منداڵ و بەساڵاچووەوە سوپا زۆربەی خەڵكی گوندەكانی ئەم ناوچەیەی ڕاپێچكردووە (تاڵەبانی،٢٠٠٢: ١٢٤). لەباشوری گەرمیانەوە ڕەتڵی یەكەمی هێزەكان لەشارۆچكەی كفرییەوە سەعات ٦,٢٠ی بەیانی ٩ی نیسان كەوتەڕێ، هەر لەهەمان ڕۆژدا ڕەتڵەكانی تر لەكەلارو پێبازو پونگەڵەوە كەوتنەڕێ. بەمەبەستی ئابڵوقەدانی ناوچەكەو بەكۆمەڵگرتنی تەواوی ئەو خەڵكە مەدەنییەی دەوریان داون و ڕوخاندنی گوندەكانیان و كۆكردنەوەی خەڵكەكە بۆ سەر ڕێگاوبانە سەرەكییەكان (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٦٥) یان ئەو شوێنانەی

پێشتر دیاریکرابوو بۆ کۆکردنەوەیان ئەو سوپایەی لەکفرییەوە بەڕێکەوت بەفەرماندەی لیوا سامی بوو کە سەر بەفەیلەقی یەك بوو بەبەشداریی فەوجە پیادەکانی (٤١٧،٤٤٤)؛ هەروەها فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی (جاش)ی ١٩٧،١٣١،١٠٠، پاڵپشتیان بوون (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٦٥). سوپا لەپێشرەویدابوو تاکو گەیشتە گوندی ئۆمەربل، هەرچەند سوپا لەم گوندەدا رووبەڕووی شەڕێکی توندی ١٠٠ کەسی بوویەوە، بەڵام دوای دوو رۆژ لەبەر ناهاوسەنگیی هێزەکان سوپا توانیی گوندەکە داگیر بکات و بەرگرییەکە تێکبشکێنێت، ئەویش دوای ئەوەی توانیی گوندی چوارشاخی داگیربکات (تاڵەبانی و محمد،٢٠٠٢: ٢٤). بەمەش تاکو ١٠ی نیسان سوپا ٢٠ گوندی ناوچەکەی تەختکرد، لەوانە گوندی (توکن، عەلیانی سەروو، دوراجی، بەلەکەی گەورە، بەلەکەی بچووك) (دزەیی،٢٠٠١: ١١١). یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم قۆڵەی ئەنفال سێ بێسەروشوێن کردنی ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵە لەناوچەی هۆزی (داودە)دا (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٦٨).

لە٩ی نیساندا لەکەلارەوە هێزێك هێرشی برد بۆ هەردوو گوندی تیلەکۆی سەروو خواروو لە١١ی مانگدا لەگەڵ کۆمەڵێك گوندی دیکەدا وێرانکران کە سەر بەتیرەی (روغزایی جاف)بوون (دزەیی،٢٠٠١: ١١١).

تیرەی روغزایی جاف دانیشتووی زیاد لە١٠٠ گوندی ناوچەکەبوون و سەرپاکیان ئەنفال رایماڵین (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٦٩)، لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالدا دانیشتوانی ئەم گوندانە بەزۆریی رویانکردە گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان، سەرەڕای ئەوەی سوپا لەگوندی تەپەسەوز تووشی بەرگریی هات، هێزەکە لە١٧ی نیساندا گەیشتنە کوڵەجۆ، خەڵکی کوڵەجۆ لەگەڵ گوندەکانی دیکەدا بڕیاریاندا بەرەو کۆمەڵگەی سمود (رزگاریی ئێستا) بەڕێبکەون، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها رێگای نێوان کەلارو شێری لەبەردەمیاندا مابوویەوەو سوپا رێگەکانی شێری گرتبوو بەناچاریی رویانکردە گوندی ملەسوورە (تاڵەبانی،٢٠٠٢: ١٠٥)، دوای ئەوەی هێزەکە کوڵەجۆی تێکدا، لەوێوە سەرەو باشوور پێشڕەویی کردوو کاروانێك بلدۆزەرو ئیڤای بەتاڵی شوێن خۆی خستبوو زۆری پێنەچوو گەیشتە هەوارە بەرزەو کونەکۆتر، ئەگەرچی خەڵکی

گوندی کونەکۆتر پێش ئەوەی سوپا پێیان بگات هەڵهاتبوون، بەڵام کەوتنە ناو دەوریبەیەکی سەربازەوەو بەرەو ملەسوورەیان خوارکردنەوە (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٧٢)، خەڵکە راپێچکراوەکەی گوندەکان دوو رۆژیان لەملەسوورە بەسەربردو نەیاندەتوانی بۆ هیچ لایەك برۆن، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەو دەشتەدا کۆبوونەوە، لەرۆژی سێیەمدا سەربازەکان گەیشتنە گوندی ملەسوورەو خەڵکەکەیان راپێچی ناو ئیڤاو تراکتۆر کردوو رەوانەی قەڵای قۆرەتوویان کردن (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٧٣). بەپێی مەزەندەکان تەنها لەرۆژی ٤/١٤ نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس لەهەردوو گوندی ملەسوورەو کولەجۆوە رەوانەی قەڵای قۆرەتوو کراون (دزەیی،٢٠٠١: ١١٣).

لەلایەکی ترەوە ئەو رەتڵە سەربازییەی لەکەلارەوە هێرشیانکرد لە١٥ی نیساندا گەیشتنە کۆتایی ناوچەی کردارەکەیان، کە گوندی (قولیجانی)نزیك ئاوەسپی بوو(دزەیی،٢٠٠١: ١١٢)، هێزێکی دیکەی سوپا لەپێبازەوە بەفەرماندەیی (محمد ناظم حسن)توانیی هێزەکانی پێشمەرگە لەهەردوو گوندی سۆفی رەحیمو عەلی وەسمان تێکبشکێنێت. پاشان بەرەو گوندەکانی تر پێشرەویی کردو دوای ئەوەی ١٤ گوندی وێرانکرد گەرایەوە شوێنی خۆی، بەڵام هێزە هاوبەشەکەی پونگەڵە کە١٥میلێك لەدەربەندیخانەوە دوورەو دەکەوێتە لای باشوریەوە لەگوندی شێخ تەویل لەلایەن پێشمەرگەوە رووبەرووی بەرگرییەکی توند بۆوە لەگەڵ ئەوەی سوپای رژێم بەفرۆکەو تانكوتۆپی قورس پشتگیریی دەکرا، بەڵام شکاندنی ئەو هێزەی پێشمەرگە ٥ رۆژی خایاند کە ژمارەیان ٥٠ کەسبوو (تاڵەبانی،٢٠٠٢: ١٧٦). لە١٣ی نیساندا پێشمەرگەکان فەرمانیان بۆ هات کە بکشێنەوە، دوای کشانەوەی پێشمەرگە سوپا رێگای بۆ خۆشبوو بچێتە قوڵایی ناوچەی روغزاییەوە (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٧٦).

دوا سەنگەری بەرگریی پێشمەرگە لەزەردەلیکاودا بەرپا بوو. سەدان کەسی خەڵکی ئەم گوندانە رویانکردە گوندی فەقێ مستەفای ئەوێش سەربازو جاش دەوریان دانو گرتنیانو بەئیڤا رەوانەیان کردن. ئەگەرچی بەشێك لەخەڵکەکە رویانکردە شاخەکانو رزگاریانبوو، بەم شێوەیە رەتڵەکانی کفریو کەلار بەماوەی ١٠ رۆژ ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێکرد، لەلای رۆژهەڵاتیشەوە

هێزەکانی پێباز هەمان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٧٤). هەروەها هێزەکەی پونگەڵە لە٢٠ی نیساندا دوای ئەوەی ئەو ئەرکەی بۆی دیاریکرابوو جێبەجێکرد گەڕایەوە شوێنی خۆی (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٧٧).

بەمەش سوپا کۆتایی بەئەنفالی سێ هێنا لەناوچەکانی گەرمیانداو گەورەترین و بەرفراوانترین زیانی بەناوچەکە گەیاند لەڕووی ماددیی و مرۆییەوە، لەم هێرشەدا ٤ ناحیەو زیاتر لە٥٠٠ گوند وێرانکراو زیاتر لە٣٠٠٠٠ پیرومناڵ و گەنج لەهەردوو رەگەزەکە بێسەروشوێن کران[١٧]. سەرەڕای شوێن بزرکردنی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵکیی هەرچی سەروەت وسامانی ناوچەکە هەبوو تالانکران و دەستیان بەسەردا گیرا، بۆ نموونە لەم پرۆسەیەدا نزیکەی ٧٤٢,٧٧٠سەر مەڕوبزن و ١٥٠٠٠سەر رەشە ولاخ و (محمد،٢٠٠٢: ٦٠) زۆربەی ئوتومبێل و تراکتۆرو دەڕاسەو کەرەستەی تری خەڵکەکە لەلایەن پیاوەکانی رژێمەوە بەتالان بران، ئەمە جگەلەوەی دەیان هەزار دۆنم زەویی چێنراو بە(گەنم وجۆو نیسک ونۆک)و هەزاران دۆنمیش لەبەروبوومی (تەماتەو بامیەو باینجان و تریێ و قەیسی و رووبەرێکی بەرچاویش لەبەروبوومی سەوزەی هەمەجۆرو شتی تر) کەوتنە بەردەستی سوپا، هەموو ئەمانەش یان تالان کران یان سوتێنران (دزەیی،٢٠٠١: ١١٤). سەبارەت بەتالانکردنی سەروەت وسامانی ئەو گوندانەی کە بەر شالاوی ئەنفال کەوتن، بەشێکی زۆری لەلایەن هێزەکانی بەرگریی نیشتمانییەوە(جاش)تالانکران، چونکە بەپێی راسپاردەی سەرکردایەتی نووسینگەی باکوری حیزبی بەعس ژمارە(س ف/٤٠٠٨ لە٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧)دا بڕیاری ئەوە درابوو" هەرشتێك لەلایەن (مستەشار)ی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی و جەنگاوەرەکانیانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت راستەوخۆ دەدرێتە خۆیان، تەنها چەکی قورس نامناوەندیی نەبێت (میدڵ ئیست ۆچ،١٩٩٩: ٢٩٢).

# تەوەری دووەم/ ژن لەپرۆسەی ئەنفالدا

## باسی یەکەم: ژن و رۆڵی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا

زۆرێک لەرۆژهەلاتناس و گەریدەو نووسەران لەبارەی ژیانی ژنی کوردو شوێن و پایەی ژن لەخێزان و کۆمەڵگادا نووسیویانەو سەرنج و تێبینی خۆیان خستۆتەروو، هەموو ئەم نووسینانەش یارمەتیدەرێکی باشمان دەبن بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخی ژنی کورد. گەر بمانەوێت لەبارودۆخی ژن تێبگەین لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت لەو سستمە کۆمەڵایەتییە بگەین کە کۆمەڵگەی کوردی دەبات بەرێوە. باشترین رێگە کە بتوانین لێیەوە سستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی تێبگەین بریتییە لەخێزان، چونکە خێزان بنەمای سستمی کۆمەڵایەتییەو کارگەرییەکی گەورەی هەیە لەگواستنەوەی داب و نەریتەکان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر(العقراوی،١٩٧١: ١١٠). لەهەمانکاتدا خێزانەکان بەپێی سستمی باوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە پێکدێن و شکڵ دەگرن.

زۆرێک لەخێزانەکان لەکوردستاندا لەسەر رژێمی باوک نشینی دەژین کە تیایدا پشتی باوک، باپیر، باوکی باپیر دەگرێ و کور دوای ژنهێنانی لەماڵی باوکیدا دەمێنێتەوە (هەنسن،١٩٨٠: ١٩٣)، ئەم رژێمە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناوچە لادێ نشینەکان و لەلای بەشێک لەشارنشینەکانیش تاکو ئێستا برەوی هەیە. لەم جۆرە خێزانانەدا بەشێوەیەکی گشتی پیاو سەرۆک خێزانە (العقراوی،١٩٧١: ١١٨)و هەر ئەویش بەرپرسی یەکەمە لەبەخێوکردن و سەرپەرشتیکردن و پاراستنی خێزان.

رژێمی باوک نشینی لەکۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندییەکی تۆکمەی بەهێزی هەیە بەسستمی خێڵایەتییەوەو تاکو ئەمرۆش توانیویەتی پارێزگاریی لەمانەوەی

خۆی بکات و کاریگەریی هەبێت لەبەڕێوەچوونی کایە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانەدا، ئاشکرایە لەسستەمی خێڵایەتیدا بەهۆی ئەو بنەمایانەی لەسەری دامەزراوە پیاو پلەوپایەیەکی زیاتری هەیە بەسەر ژندا. ئەمەش وایکردووە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پیاوەکان خاوەنی دەسەڵات و بڕیارین و لێپرسراریشین لەبەرامبەر ژناندا، هەربۆیە زۆربەی کارە گرنگ و چارەنووسسازەکانی خێزان لەدەستی پیاواندابووە و پیاوان بەو ئەرکانە هەڵساون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە ژن پایەیەکی بەرچاوی هەبووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، هەر لەناو خێزانەوە تاکو دەگاتە یەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر. هەروەها ژنان تاڕادەیەك لەژیانی ڕۆژانەیاندا سەربەستبوون. ئەم سەربەستییەش لەشارەکانەوە بۆ لادێکان گۆڕاوە.

لەبارەی ژنی کوردەوە زۆرێك لەڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان و لێکۆڵەران باسیان کردووە ڕەنگە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان یارمەتیدەرێکی باشبێت بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخ و پایەی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك ئەدمۆنز دەڵێت:" بارودۆخی ژنی کورد ڕەنگە زۆر باشتربێت لەبارودۆخی ژنان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"(ئەدمۆنز،١٩٩٩: ٥٣).

هەروەها د. عبدالستار طاهر شریف دەربارەی پایەی ژنی کورد دەڵێت:"ژنی کورد خاوەنی پلەوپایەیەکی شیاوە لەنێوەندی کۆمەڵگەی کوردیدا" (شریف،١٩٨١: ٢٠). هەروەها مینۆرسکی لەکتێبەکەیدا (کورد، تورك، عەرەب) دەڵێت:" ژنان بەشداریی کۆبوونەوەکانیان دەکرد و بەئازادیانەوە بەشداریی پیاوانیان دەکرد لەگفتوگۆکاندا"(مینۆرسکی،١٩٨٤: ٧٤).

طه هاشم عقراوی لەلێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی ژنی کورد نووسیویەتی:" ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا پشتگیرییەکی گەورەیان لێدەکرێت لەلایەن پیاوانەوە و لەزۆر باردا بەسەریاندا زاڵن" (١٩٧١: ١١١) لەبارەی ئەرکەکان و کاری ڕۆژانەی ژنی کوردەوە دەتوانین بڵێین ژنی کورد جگەلەوەی دایەرانی ئیش وکاری ناوماڵی لەسەربووە لەهەمانکاتدا بەخێوکەر و پەروەردەکەری سەرەکیی منداڵانیش بووە، سەرەڕای ئەمانە ژنان لەکۆمەڵگەی لادێ نشینی

کوردیدا بەشداریی پیاوەکانیان کردووە لەکشتوکاڵو ئاژەڵداریداو بەشێکی زۆری کارەکانی لادێ لەلایەن ژنوپیاوەوە پێکەوە کراون، سەرباری ئەوەی ژن ماڵداریشی لەسەربووە لەگەڵ ئەوەشدا هەر پیاو باڵادەستبووە بەسەر خێزاندا (رسول،١٩٦٠: ١٨٧)، لەم بارەیەوە د.عبدالستار دەڵێت:"ژنان هەستاون بەزۆربەی کارە گرانەکانی ماڵ وەك هێنانی ئاو لەسەرچاوەکانو کۆکردنەوەو دروێنەکردنی گەنمو بەخێوکردنی ئاژەڵان، ئەمە سەرباری بەخێوکردنی منداڵەکانیان"(شریف،١٩٨١: ١٨).

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە باسکران دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەکۆمەڵگەی لادێ نشینی کوردیدا لەبەرئەوەی سستمی خێڵایەتی بڵاوبووە، زۆرێك لەژنان هەر لەمناڵییەوە رووبەڕووی چەندەها جۆر چەپاندنو خەفەکردنو بێبەشکردنو چەوسانەوە بوونەتەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە (بەتایبەتی لەمەسەلەی پاراستنی شەرەفدا) کە دیارە دەرهاویشتەی ... و عەقڵە خێڵەکییەبووە کە لەسەری پەروەردەکراون (العقراوی،١٩٧١: ١١٩)، سەرەڕای ئەم حاڵەتانە لەمێژووی هۆزو خێڵە کوردییەکاندا کۆمەڵێ ژن هەبوون کە توانیویانە رۆڵی بەرچاویان هەبێتو کاروباری خێڵو هۆزەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن لەنموونەی ئەوانەش حەلیمەخان لەهەکاریو عادیلەخان لەهەڵەبجەو کوێخا نێرگز لەشوان (زەکی،١٩٦٩: ٢٧٧).

لەبارەی پلەوپایەو بارودۆخی ژنانەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئیسنۆگرافییەکی وەك هێنی هارۆلد هەنسن هەوڵیداوە لەسەر بنەمای ئابووریو کۆمەڵایەتی دەستنیشانی بارودۆخی ژنان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ژنانی کوردی دابەشکردووە بۆ چوار مەڵبەندی سەرەکییو بۆ هەر مەڵبەندێك کۆمەڵێك تایبەتمەندیی ژنی دەستنیشانکردووە کە جیایدەکاتەوە لەمەڵبەندەکانی تر:

١-مەڵبەندی دەرەبەگی لادێ: جیاترین تایبەتمەندییەکانی ئەم مەڵبەندە ئەوەیە کە ژنان یاخود کچانی پێگەیشتوو کەمتر تێکەڵ بەکۆمەڵ دەبن بەتایبەتی ئەو پیاوانەی کە بێگانەن، ئەم ژنانە کەمتر مەریەستی چوونەدەرەوەو تێکەڵبوونیان هەیە لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندیی بەتێڕوانینی ژنانی ئەم چینەوە هەیە بۆ دەوروبەر و لەلایەکی

تریشەوە پەیوەندیی بەجیاوازیی چینایەتی‌و باری ئابووریی‌و چەندین لایەنی ترەوە هەیە، کۆی ئەم هۆکارانە وایکردووە کە ژنی ئەم مەڵبەندە بکەوێتە چوارچێوەی دیواری ماڵ، بەواتایەکی تر کاری ژن‌و مەیدانی جموجوڵیان لەچوارچێوەی ماڵ‌و کێڵگە نزیکەکانیان تێناپەڕێت (زکی ١٩٦١: ٢٧٧). بەڵام پێویستە ئەوەش بوترێ کە بارودۆخی ئەم چینە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە بارودۆخی ژنانی ئەم مەڵبەندەش گۆڕانی بەسەردابێت (هەنسن،١٩٨٣: ٢٨٠).

٢-مەڵبەندی جوتیاری لادێ: لەم مەڵبەندەدا ژن جیاوازیی زۆری هەیە لەژنانی مەڵبەندی یەکەم، بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە، چونکە ژن لەم مەڵەبەندەدا سەرباری ئیش‌وکارەکانی ماڵ لەگەڵ پیاواندا دەچنە کێڵگەو باخەکان‌و خەریکی کشتوکاڵ دەبن. هەندێ جاریش لەدروستکردنی خانوودا بەشداریی دەکەن، کارکردنی ژن لەم مەڵبەندە وایکردووە ژنان گۆشەگیر نەبن‌و تێکەڵ بەژیانی کۆمەڵایەتی ببن (هەنسن،١٩٨٣: ٢٨٣).

٣-مەڵبەندی نەخوێندەواریی شار: لەم مەڵبەندەدا ژنانی نەخوێندەوار لەچاو ژنانی خوێندەواردا کەمتر بواریان بۆ رەخساوە بۆ تێکەڵاوبوون بەژیانی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەهۆی ئەو رەزیلەیەوەیە کە ژنانی ئەم مەڵبەندە پێی هەڵدەستن، کە خۆی لەماڵداریی‌و پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینێتەوە وا دەکات ژنان لەچوارچێوەی ماڵدا بمێننەوە، تەنانەت پیاوان زۆربەی پێداویستییەکانی ماڵ‌و ژنانیشیان دەکری، لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ژن لەدەرەوەی ماڵ بەهۆی ئەو بارودۆخەی تیایدابوو زۆر پەیوەندییەکی لاوازبووە، چونکە بەشێکی زۆری کاری ژنی نەخوێندەوار لەڕێگەی پیاوەوە ئەکرا. بۆیە پەیوەندیی ژن تەنها لەسەردانی ماڵە خزم‌و دراوسێکاندا کورت ببووەوە ئەمەش پەیوەندیی بەبارودۆخە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکەوە هەیە. چونکە گەر بواری کارکردنی هەبوایە ئەوا لەگەڵ چینە جۆربەجۆرەکانی خەڵکدا تێکەڵدەبوو کاریگەریشی لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتییەکانیان دروستدەکردو لەگۆشەگیریی رزگاریان دەبوو(هەنسن،١٩٨٣: ٢٨٦).

٤-مەڵبەندی نەخوێندەواریی شار: سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ئەرکەی ژن لەسەر شانیەتی لەم مەڵبەندەدا وایکردووە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم مەڵبەندەو سەرجەم مەڵبەندەکانی دیکەدا هەبێت، یەکێک لەو جیاوازییانەش بریتییە لەخوێندەواریی لەلای ژنانی ئەم مەڵبەندە، چونکە خوێندەواریی ئەرك و فەرمانی نوێی بۆ دروستکردون و هەلی چوونەدەرەوەو تێکەڵاوبونی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بۆ رەخساندوون. خوێندن و چوونەدەرەوەی ژن لەم مەڵبەندەدا بۆتەهۆی ئەوەی کوڕو کچ یەکتربببینن و لەم رێگایەوە کار بۆ دارشتنی پرۆسەی هاوسەرێتی بکەن بەویستی خۆیان (هەنسن،١٩٨٣: ٣٨٤)، بەڵام هەموو ئەم سەربەستی و هاتووچۆکردنە دەبێت لەچوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت.

لەگەڵ خستنەڕووی ئەم دابەشکردنەی خاتوو (هێنی هارۆلد هەنسن)دا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم دابەشکردنە لەساڵی ٢٠٠٧ کراوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەوە تاکو ئەمڕۆ گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهاتووە، بۆیە بارودۆخی ژنانیش لەتەواوی ئەو مەڵبەندانە گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیووە بەتایبەتی ژنانی شارنشین لەئێستادا چەندین رێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەیەو ژمارەیەکی زۆریان بەشداریی لەچالاکیی سیاسی و رۆشنبیریی و بوارە جیاجیاکانی دیکەدا دەکەن. ئەم ئاڵوگۆڕە بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لەژیانی ژنی کورددا بەتایبەتی ئەگەر بزانین لەسەردەمی پێشووتردا ژنان لەنێو ماڵەکانیان و بۆ ئەرکە زۆر تایبەتییەکانی خۆیان نەبێت نەیانتوانیوە بەشداریی لەکایە گرنگەکانی تایبەت بەژیان و چارەنووسی خۆیاندا بکەن.

## باسی دووەم: ژن لەگوندنشینی کورددا

لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کارەساتی ئەنفالی سێ لەگەرمیاندا لەناوچەیەکی لادێ نشیندا رویداوە پێش هەموو شتێك پێویست بەوە دەکات کە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجیانەی گوندنشینی کوردی بکەین‌و پێگەی ژنی کوردیش لەو نێوەندەدا دیاری بکەین. دابەشبوونی ناوچەکانی شارولادێ لەعیراقدا بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧ بەو جۆرە دیاریکراوە کە ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی پایتەخت‌و شارەوانییەکان بەناوچەی لادێ دادەنرێن (عبدالهادی،١٩٧٩: ٧٠). بەپێی ئەم پێودانگەی سەرەوە بەشێکی زۆر لەو ناوچەیەی کە بەگەرمیان ناودەبرێت بەناوچەی لادێ نشین دادەنرێت. گەرمیان ناوچەیەکی دەشتایی فراوانەو هەر لەکۆنەوە بەهۆی تەختی و بەپیتی خاکەکەیەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگبووەو چەندەها جۆر دانەوێڵەی تێداکراوە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی لەخۆگرتووە. کە بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٥زیاتر لە٢٠٠ هەزار دانیشتوانی لادێ نشینی تێدا بووەو (عبدالهادی،١٩٧٩: ١٥٠) بەسەر زیاتر لە٦٠٠ گوندی ناوچەکەدا دابەشبوون‌و زۆربەی زۆریان بەکشتوکاڵەوە خەریکبوون (عبدالرحمن،١٩٩٥: ١٢٤).

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەچەند هۆزێکی گەورەی کورد پێکدێن وەك (زەنگەنە، داودە، جەباری، تاڵەبانی، هەمەوەند، جاف) کە هەریەکەیان لەچەند گوندێکی ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، بەم مانایە دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر گوندەکاندا لەم ناوچەیەدا لەزۆر باردا لەسەر بنەمای هۆزبووە، ئەمەش جۆرە دابەشبوونێکە گوندەکانی کوردستان پێی دەناسرێ [illegible]ە، ئەگەرچی [illegible] ڕا ڕێکەوتووە کەسانی دەرەوەی ئەو هۆزە لەو گوندەدا نیشتەجێبن (برۆنەنسن،١٩٩٩: ٧٥). لێرەوە هۆزیش بریتییە لەکۆمەڵێك مرۆڤ کە ڕەچەڵەکێکی هاوبەش (دایکایەتی یان باوکایەتی)گرێیان دەدات بەیەکەوە، هەر ئەندامێك پێیوایە سەر بەو ڕەچەڵەکەیە، واتە ئەندامێتیان پشت بەبەڵگەی

سەلمێنەر نابەستێت، بەڵکو وا باوەڕ دەکەن کە سەر بەو هۆزەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی قەبارەی هۆز (بۆکانی،٢٠٠٢: ٣٢)، هۆز وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەنی دابونەریتو سستمی کۆمەڵایەتی خۆی بووە بەجۆرێك هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانو دەرەوەی خێزان ملکەچی ئەم سستمەبووە.

گەرمیان ناوچەیەکی کشتوکاڵییەو زۆربەی خێزانەکانی لەجۆری خێزانی لێکدراون، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لەخێزان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوورییاندا گونجاوە (بۆکانی،٢٠٠٢: ٤٥). لەنموونەی ئەو خێزانە لێکدراوانە وێنەکانی خێزانی یەکگرتوو خێزانی درێژکراوەیە (سەلمان،١٩٨٠: ٤٣). دیارە ئەم جۆرە لەخێزان یارمەتی داون کە باشتر بەسەر سروشتدا زاڵبنو کارو ئەرکەکانی ژیانی رۆژانەیان راپەڕێنن، لەم جۆرە خێزانانەدا باوك سەرۆکی خێزانەو لێپرسراوە لەبەرامبەر کاروبارەکانی خێزانداو پێویستە لەسەر هەموو ئەندامانی تری خێزان رێزی بگرنو گوێڕایەڵی بکەن، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بەنەریتێکی خێڵەکیی دادەنرێت لەهەمانکاتدا وەك ئەرکێکی پیرۆزی ئاینی سەیردەکرێت (سەلمان،١٩٨٠: ٤٧).

بەشێوەیەکی گشتی خێزان لەلادێدا یەکەیەکی ئاڵۆزترە لەڕووی پێکهاتنەوە بەبەراورد لەگەڵ خیزانی شاردا، ئەم ئاڵۆزییەش زۆربەی جار لەئەنجامی نیشتەجێبوونی هەندێك خزمی نزیکە لەگەڵ خێزانی لادێدا ئەمەش وایکردووە بەشێوەیەکی گشتی خێزانەکان لێکدراوو درێژکراوەبن.

دەسەڵات لەخێزانی لادێدا لەدەستی باوکدایە باوك هەڵدەستێت بەبەڕێوەبردنی کارەکانی خێزانو سەرپەرشتیکردنی، خۆئەگەربێتو باوك بمرێت یان دیارنەمێنێت ئەوا ئەو دەسەڵاتە دەگوێزرێتەوە بۆ کوڕی گەورە بەو پێیەی خێزان لەلادێدا یەکەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەو لەهەمانکاتدا پێداویستییە دەعنەوییەکانی تاکەکان دەستەبەر دەکات (عبدالهادی،١٩٨٩: ١٨٩).

خێزان لەلادێدا بەوە دەناسرێتەوە کە قەبارەی گەورەیەو منداڵبوون تیایدا زۆرە. ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندیی بەسروشتی ژیانی لادێوە هەیە کە

پێویستی بەهێزی کارەو لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی بەتێڕوانینی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە لەناوچە لادێ نشینەکاندا زۆریی ژمارەی منداڵ پایەیەکی کۆمەڵایەتی دەداتە خێزان (عبدالهادی،١٩٨٩: ١٩٥). پێکهێنانی خێزان لەلادێی عیراقیدا بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان خزمە نزیکەکاندابووە بەتایبەتی لەنێوان ئامۆزاکاندا (عبدالهادی،١٩٨٩: ١٨٩)، ئەگەرچی ئەم جۆرە لەپێکهێنانی خێزان لەمڕۆدا تاڕادەیەک لەلادێکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی هاوسەریی لەگوندنشینی کۆندا بەشێکی زۆری پێکهێنانی هاوسەر لەلادێکاندا لەنێوان خزمەکاندابووە .

خێزانەکان لەلادێدا تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بەیەکترییەوەو پەیوەندیی نێوانیان بەسۆزو خۆشەویستی پێکەوە بەستراوە، ئەمەش لەبەرچەند هۆکارێکە، لەوانە پەیڕەوکردنی هاوسەرێتی ناوخۆیی، مانەوەی ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکتردا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەو ئاراستانەی لەلایەن سەرۆکی خێزانەوە پێیاندەدرێت لەم بارەیەوە (عبدالهادی،١٩٨٩: ١٩٠). ژیانی لادێ بەوە دەناسرێتەوە کە ساکارەو بەرهەمهێنانیش خۆبژێوییە. واتە خۆیان پێداویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن و پشت بەدەرەوەی خۆیان نابەستن، لەم چوارچێوەیەدا کەرەستەو ئامێرو پۆشاک دروستدەکەن و خواردن و پێداویستییەکانی تریش دەستەبەردەکەن (بۆکانی،٢٠٠٢: ٤٦).

ژن لەلادێدا کاتێك شوو دەکات و دەبێتە دایک کۆمەڵێك ئەرك و فەرمانی دەکەوێتە سەرشان و دەبێت پێیان هەڵبستێت، لەوانە تەواوی کارو ئەرکەکانی ناوماڵ لەسەر ژنانە، هەر لەبەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەوە تاکو دەگاتە ئاوهێنان، چێشتلێنان و کاروبارەکانی تری ناوماڵ، سەرەڕای ئەمانە ژن بەشداریی زۆربەی زۆری کارەکانی مێردەکەی دەکات وەك جوتکردن و دروێنەو کۆکردنەوەی دەغڵ ودان و هەندێ جاریش دروستکردنی خانو [illegible] ٣٨٢)، تەنانەت ژنان بەزۆر کاری قورس و گران هەڵدەستن کە دەبێتەهۆی ئەوەی کە بەزوویی پیربن و جوانییەکەیان نەمێنێت (نیکتین،١٩٦٧: ٨٧)، لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی ژن لەدەرەوەی خێزاندا بۆتەهۆی ئەوەی کە ژنان لەچوارچێوەی ماڵدا گۆشەگیرنەبن و بواری تێکەڵاوبوونیان بۆ بڕەخسێت.

هەربۆیە ژنانی جوتیار زیاتر کۆمەڵایەتیترن لەچاو ژنانی تردا و سەربەستیی هاتوچۆو سەردانیان هەبووەو بەشداریی پرسەو شاییان کردووە (هەنسن،١٩٨٢: ٣٨٣).

پرۆسەی هاوسەریی لەنێوان کوڕوکچدا زۆربەی کات لەسەر بنەمای خۆشەویستی بووەو ژن تاڕادەیەك ئازادبووەو خۆی بەخاوەنی ماڵ زانیووەو بەهەموو شێوەیەك پارێزگاریی لێکردووە(گاورانی،١٩٣٩ :٢٥٣). جگەلەوەی خێزانی کوردی بەوە ناسراون کە منداڵیان زۆر خۆشدەوێت، چونکە باوەڕیان بەوەیە کە منداڵ دەتوانێت ئاسودەییان بۆ بهێنێت (العقراوی،١٩٧١: ١٢٦).

## باسی سێیەم: بارودۆخی ژن لەئەنفالی سێ-دا

خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان لەدوای ئەوەی بەدەم بانگەوازەکانی رژێمەوە نەچوون و گوندەکانیان چۆڵ نەکردو نەچوونە نێو شارەکانەوە، لەرۆژی ٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ هێزەکانی جاش و یەکە سەربازییەکان لەچەند قۆڵێکەوە دەستیان کرد بەپەلاماردانی ناوچەکانیان، لەبەرئەوە دانیشتوانی ناوچەکە گوندەکانیان چۆڵدەکردو رووەو هەردو شاخەکان رێگایان دەگرتەبەر، هەروەکو ژنێکی گوندی زینانەی خواروو دەڵێت:"هیچ چارەیەکمان نەمابوو، لەترسا بەرۆژ ئەچوینە شاخ و هەردەکان و لەنێو ئەو چەموشیوەدا خۆمان ئەشاردەوەو بەشەویش ئەگەڕاینەوە بۆ ئاوایی" (قوربانی،٢٠٠٢: ٩٨). لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکەکە گوندەکانیان چۆڵکردبوو رووەو شاخەکان رێگایان گرتبووەبەر، بەڵام یەکە سەربازییەکان بەپێشڕەویی جاش لەنێو شاخ و گردۆلکەکاندا دەیان دۆزینەوەو دەستگیریان دەکردن، هەروەك شایەتحاڵێك دەڵێت: "شەو راماندەکردە هەردەکان و خۆمان دەشاردەوە، وتمان جەیش دێت و دێیەکەمان دەسوتێنێ و دەڕوات، بەیانی کە رۆژبۆوە سەیرمانکرد داروبەرد بووە بەجەیش وجاش، کۆپتەر وەك زەردەواڵە بەسەرماندا دەسوڕایەوە، هەروا لەهەردوشیوێکدا خەڵکی گوندێکیان ئەدۆزیەوەو جەیشەکە ئەیدایە پێش، کۆپتەر لەبانەوەو جەیشەکەش لەخوارەوە لەکوێ خەڵکیان بدیایە ئەگەیشتنە سەری، لەبەیانییەوە تاکو عەسر لەو دەشت و دۆڵ و بانەدا خەڵکیان دەگرت، عەسکەر ئێمەیان دۆزیەوە بەژن و منداڵ وزەلام (پیاو)ی فارابیەوە دەورمانیان گرت و دامانیانە پێش و هەر لەوێ هەر لەوەدە گرتیان کردین" (قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٨)، دەشێبەقە کاری جاشەکان تەنیا ئەوەندە بووە کە خەڵکەکە تەسلیمی یەکە سەربازییەکان بکەن، هەروەها رۆڵی گەورەیان هەبووە لەوەی کە خەڵکیی خۆیان بدەن بەدەستەوە گوایە دەبرێنە چەمچەماڵ لەوێ پسولەی جاشێتیان بۆ دەکرێت و دەگەڕێنەوە) (میدل ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٨٠). بەم شێوەیە جاشەکان رۆڵیان هەبووە لەخۆبەدەستەوەدانی خەڵکەکەداو

هێزەکانی جاش و یەکە سەربازییەکان بچوونایەتە سەر هەر گوندو ناوچەیەك دانیشتوانەکەیان بەپیرو منالۆگەنجەوەو بەنێرومێوە دەخستە ناو ئەو ئیڤایانەوە کە بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە بۆ شوێنەکانی کۆکردنەوەی خەڵك لەچەمچەماڵو لەیلانو قادرکەرەمو ئەلیاوا ئامادەکرابوون (قوربانی،۲۰۰۲: ۱۲). هەندێکی تریش هەر کە دەستبەسەرکران، پیاوەکانیان جیاکردنەوەو سواری زیلی سەربازییان کردن بۆ مەعەسکەر خالید لەکەرکوكو لەیلان، ژنو منالەکانیشیان بەچەند زیلێکی تردا رەوانەی چەمچەماڵ کرد(قوربانی،۲۰۰۲: ۹۳)، یەکەمجار پیاوەکانیان بەئیڤا رەوانە کردو تاقمێکی تری ئیڤاش سەروماڵاتی خەڵکەکەیان بارکردو دواجاریش ژنومنالو بەساڵاچووەکان راپێچکران، پاش ئەوەی سەربازەکان ماڵەکانیان تالانکردن، بەبەرچاوی خەڵکەکەوە خانووەکانیشیان سوتاندن (میدل ئیست وۆچ،۱۹۹۹: ۲٦۲). هەموو ئەو خەڵکەی کە لەگوندەکانەوە دەهێنران رەوانەی چەند جێگەیەکی تایبەتکران، سەبارەت بەچۆنێتی گواستنەوەی خەڵکەکە لەگوندەکانەوە بۆ شوێنەکانی کۆکردنەوەی خەڵك، شایەتحاڵ (ئامینە نوری یوسف) دەڵێت: "ئێمەیان بەزیلی عەسکەری هێنا بۆ چەمچەماڵ لەناو زیلەکەدا حەرەسی تایبەت بەدیارمانەوەبوو، هەموو جادەکانیش بەسەرباز گیرابوون، سەیارەی حیمایەش بەدواو پشتی قافڵەی سەیارەکانمانەوەبوو" (قوربانی،۲۰۰۲: ۱٥٦)، لەرۆژانی ۱۱-۱۹۸۸/٤/۱۲خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵ لێشاوی سەیارەی قافڵەیان دەبینی کە پرە لەژنو منالٚ ئیتر لەمەبەستی ئەم کارەی رژێم تێگەیشتن، هەربۆیە خەڵکێکی زۆری شارەکە لەلاوانو خوێندکارانو چینەکانی تر چوونەسەر رێگەی سەیارەکانو توانیان خەڵکێکی زۆری لێ رزگاربکەنو لەناو سەیارەکاندا هەڵبێن (قەرەنی،۲۰۰۱: ۹۱-۹۲)، هەرچەندە پاشتر سەربازەکان کەوتنە تەقەکردنو تەنانەت فڕۆکەی هیلدو هەلیکۆپتەریش هەڵسان بۆ بۆردومانی خەڵکی، بەم شێوەیە بڵاوەیان بەخۆپیشاندەرانکرد دوای ئەوەی (٥) کەسیان کوشتو دوانزەی تریشیان بریندارکرد (میدل ئیست وۆچ،۱۹۹۹: ۲٦۲).

ئەو خەڵکەی لەباکوری گەرمیانەوە هێنرابوون بەزۆریی لەبارەگای لیواکەی چەمچەماڵدا کۆکرانەوە، بۆ ماوەی شەوێك لەو لیوایەدا خەڵکەکە دەهێڵنەوە،

هەروەك شایەتحاڵ (بەهیە ئەحمەد قادر) لەدایكبووی ساڵی ١٩١٣ی خەڵكی زەردەی جەباری دەڵێت: "هەر لەسەرەتاوە خستیانینە ناو حەوشەیەكی گەورەوە كە چواردەوری تەلبەن بوو وتیان ئەمە لیوای چەمچەماڵە، كۆمەڵێ خانووی لێبوو، رەنگە دە ئەوەندەی ئێمە خەڵكی لێبوبێت دایانگرتین و تێكەڵ بەخەڵكەكەی تریان كردین، ئەوانیش خەڵكی ناوچەی سەنگاوو زەنگەنەو بناری گل بوون" (قوربانی،٢٠٠٢: ٩٦).

هەروەها خەڵكی باشوری گەرمیانیش لەچەند مەڵبەندێكی دیكەدا كۆكرانەوە كە پێدەچێت سەرەكییترینیان لەیلان و قۆرەتوو بووبێت، هەروەك ژنێكی گوندی زینانەی خواروی سەر بەقەزای كفری لەبارەی باروودۆخی ژنان و خەڵكەكەوە دەڵێت:" لەملەسووره عەسكەرییە گرتینیان، هەرچی پارەوپول بوو لێیان سەندین و بردیان، بەزۆر بازنگیان لەقۆڵی كچەكانمان داماڵی و لەچكەكانی سەریان لائەداو بەدوای گوارەی ئاڵتوندا دەگەڕان، پاشان خستیانینە ناو زیلی عەسكەرییەوە، لەهەر سەیارەیەكدا چوار سەرباز لەسوچەكانی زیلەكەدا حیمایەبوون، بەقافڵەیەكی درێژ رووەو قەڵای (قۆرەتوو)بردینیان تەماشامانكرد قۆرەتوو پڕكراوە لەخەڵك، دوو شەووڕۆژ لەوێ هێشتیانینەوە، لەماوەی ئەو دووڕۆژەدا بەتراكتۆرو زیلی عەسكەریی بەردەوام خەڵكیان دەهێنا"(قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٢).

وەك دەردەكەوێت كۆكردنەوەی خەڵكەكە لەلیوای چەمچەماڵدا كاتیی بووە، بۆیە لەماوەی شەوورۆژێكدا بەمونشەئەو كۆستەر خەڵكەكەیان دەگواستەوە بەرەو (تۆبزاوا)، هەروەك ژنێكی شایەتحاڵ دەگێڕێتەوە: "ئێمەیان گەیاندە چەمچەماڵ لەبەردەم لیواكەدا تووشی قافڵەیەكی تری سەیارەبووین، هەموی كۆستەربوو، پڕبوون لەپیاو، لەلیواكەی چەمچەماڵەوە رووەو كەركوك ئەبران، لێرەدا پیاوەكانی گوندی خۆمان ناسییەوە كە لەناو ئەو كۆستەرانەدا بوون، بەدوای ئەواندا ئێمەشیان خستە پاسی كۆستەرەوە بەقافڵە خستیانینەڕێ و شەو گەیشتینە معەسكەرێكی گەورە وتیان ئەمە تۆپزاوایە، هەر بەو شەوە

ناویان ئەنووسیو یەکەیەکە پرسیاریان لەخەڵکەکە دەکرد" (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٢٧-٢٢٨).

بەگەیشتنی خەڵکەکە بۆ تۆپـزاواو دورخستنەوەیان لـەچاوی خـەڵکیی قۆناغێکی دیکەی کارەکە دەستیپێکرد، ئەویش جیاکردنەوەی بەندییەکان بوو لەیەکتریی، لەناو زیندانی تۆپزاوادا خەڵکەکەیان دابەشکرد بەسەر چوار بەشداو هەر بەشێکیان بەجیا خستە ناو قاعەی جیاوازەوە، هەروەك شایەتحاڵ (بەسیرە عـەلی ئەحمـەد) لـەدایکبووی سـاڵی ١٩٦٤ی کـەرکوك دەگێڕێتـەوە: "لەناونووسـینەکەدا لەیـەکتریی جیاکراینـەوە، هـەرچی پیـاوێ گـەنج بوایـە ئەیانخستە ریزێکی ترەوەو ئەوەی پیربوایە بۆ ریزێکـی تـرو ژنومناڵ پێکەوەو کچە عازەبەکانیشیان بۆ قاعەیەکی تر برد" (قوربانی،٢٠٠٢: ١٩٤).

جیاکردنەوەی ژن و مناڵو پیاوی گەنجو پیر لەیەکتریی بەشێك بوو لەپیلانی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییـەکاندا وەك لەبەڵگەنامەیەك لەبەڵگەنامـەکانی هێزی سەربازیی عیراقیدا دەردەکەوێت کە لە٢٢/٤/١٩٨٨دا نووسراوەو ژمارە ٢ /م.ج- ی دراوەتـێو فـەرماندەی گشـتی هێزە چەکدارەکانی عیراق ئاراستەی فەیلـەقی یـەکی سـوپای عیراقی کـردووە بـاس لـەپۆلێنکردنی ژمارەیـەك لەبەندییـەکان دەکات لەسەر بنەمای تەمەنو رەگەز[18] (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٩٧).

سەربازگەی تۆپـزاوا قەرەباڵغییەکی گەورە رووی تێکردبوو، چونکـە لەهەموو مەڵبەندە سەرەتاییەکانی کۆکردنەوەی خەڵکـەوە بـەرەو ئـەوێ خـەڵکیان هێنـابوو بەتایبـەتی لەشوێنەکانی کۆکردنـەوە لەقادرکـەرەمو قۆرەتـوو لـەپیلانو چەمچەماڵو شەلیاواو تەقتەقـەوە (میـدڵ ئیسـت وۆچ،١٩٩٩: ٣٦٥). سەبارەت بەبینایەی تۆپزاوا، قاوشەکانی لەچیمەنتۆ دروستکرابوونو زۆر پتەوو قایمبوونو دەرگاو پەنجەرەکانیان بەشێوەی ئاسن گیرابوو، بەڵام شوێنەیان تێدا نەبوو، هەر قاوشێك ٦×٣٠ مەتر دەبوو، سەرەڕای ئەمە زۆر قەرەباڵغبوو، بەدەستەم جێگای قاچ راکێشانی هەبوو (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٣٧٠).

زیندانییەکان لەسەربازگەی تۆپزاوادا ماوەی پێنج مانگ مانەوە، زۆربەی ژنە شایەتحاڵەکانی تۆپزاوا باس لەوە دەکەن کە ماوەی پێنج رۆژ لەو سجنەدا ژنان رووبەڕووی دنیایەك مەینەتیی و ئازار بوونەتەوە، هەر لەجیاکردنەوەی منداڵ لێیان و برسیەتی و تینوێتی و رێگاپێنەدانی ئاوخواردنەوەو ئاوکردنە ژێر بەندییەکان و تادەگاتە مردن و فرێدان و جۆرەها سزای جەستەیی و دەرونیی و تەنانەت دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی ژنان، شایەتحاڵ (رەحمە عبدولکەریم بابا یوسف) لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ خەڵکی گوندی تاوێرەبەرزی قادرکەرەم بەچاوی خۆی لەسەربازگەی تۆپزاوادا دەستدرێژیکردنە سەر ژنی بینیووە هەروەك دەگێڕێتەوە: "کە گەیشتینە تۆپزاوا کچێکی زۆر جوان کە ناوی بەیان بوو خەڵکی یەکێك لەگوندەکانی قەرەحەسەن بوو تەمەنی ١٤-١٥ساڵ دەبوو، عەسکەرەکان پەلاماریاندا، هەر ئەوشەوە لەتاواشێت بوو، دوایی لەقاعەکان بەزنجیر دەیان بەستەوە بەپەنجەرەکانەوە" (قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٦)، هەرسەبارەت بەبارودۆخی ژنان لەتۆپزاوا شایەتحاڵ (سەبریە عومەر ئیسماعیل) دەڵێت: "رۆژی یەکجار کەمێك خواردنیان ئەدا پێمان و یەکجار رێگایان ئەدا بۆ سەر ئاو بچینە دەرەوە، ناو قاعەکانیش ئەوەندە خەڵکیان تێکردبوو خەریکبوو دەتاساین، رێگە نەبوو پێت درێژ بکەی، خێراخێرا خەڵکی تریان ئەهێناو ئەیانکردە ناو قاعەکانەوە وەك جەنازە هەموو بەسەر یەکدا کەوتبوین، لەشەوی سێیەمدا کۆمەڵێك عەسکەری رەش و لەچ ئەستوور هاتن هەرچی منداڵ هەیە بردیان و لەباوەشی ژنەکاندا فڕاندیان، منداڵ هەر زراوی چوو، ئێمەش (ژنەکان)شێت و هاربووین لەتاوا، چونکە رۆژی پێشوو بەچاوی خۆمان گەنجەکانمان بینی، جلەکانیان لەبەر داکەندبوون و چاویان بەستنەوەو بردیان"(قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٣-١٠٤).

سەبارەت بەجیاکردنەوەی منداڵەکان لەدایکیان ژنێکی تر دەڵێت: "کە منداڵە هەوت ساڵەکەیان بردم بۆ بەیانی هێنایانەوە ئەوەندە گریابوو چاوی ببووە خوێن، تاکو دوورۆژ هەر ژێر نەبووەوەو زریکانی هەتا بەو حاڵەوە دوای ئەو دوورۆژە مرد" (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٠٤)، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣-٥ رۆژ خەڵکەکەیان لەزیندانی تۆپزاوا هێشتەوە، ئیتر قۆناغی سێیەمی دابەشکردنەکە

دەستپێکرد بۆ گەنجەکان ئەوانەی لە١٥-٥٠ ساڵ بوون تۆپزاوا دوا قۆناغ بوو بەپێی قسەی ئەو شایەتحاڵانەی کە لەوێدابوون بینیویانە کە چۆن گەنجەکانیان بەڕوتیو بەبێ پێڵاو دوو دوو پێکەوە کەلەپچە کردووەو پاشان خستویانەتە ناو سەیارەی ڕەنگ سپی یان سەوزەوەو بەرەو چارەنووسێکی نادیار براون (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٧٥)، سەبارەت بەکچە عازەبو گەنجەکانیش چارەنووسیان لەتۆپزاواوە نادیارەو نازانرێ بۆ کوێ براون هەروەك شایەتحاڵ (ئەمین جەلال ئەمین) لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٤ خەڵکی گوندی هەیدەربەگی ئاغجەلەر دەڵێت: "کچە جوانو جاهێڵەکانیش کەس نەیئەزانی بۆ کوێیان بردونو چیان بەسەردا هات، ئەوەندە ئەزانین تاکو تۆپزاوا هەمووما‌ن پێکەوەبووینو لەوێ لەیەکتری جیاکراینەوە (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٥١)، هەرچی پیرەمێردو پیرەژنەکانیشە ئەوانەی لەتەمەنی ٥٠-٩٠ساڵیدابوون ڕەوانەی قەڵای نووگرەسەلمان کران (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٣٩٢)، ژنو منداڵەکانیشیان ڕەوانەی دوبز کرد، قەڵای دوبز کە لەدوو بینایەو چەند خانوویەك پێکهاتبوو بەپێی قسەی یەکێك لەگاردەکان کە بەزیندانییەکی وتبوو (٧)هەزار بەندی کوردی تێدابووە کە هەمووی ژنو منداڵ بوون (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٣٨٣).

سەبارەت بەبارودۆخی ژنانو منالان لەزیندانی (دوبز)دا تارادەیەك لەتۆپزاوا باشتربوو، چونکە دەیانتوانی لەسەر ئەرزەکە بەئاسانی بخەون، بەکارهێنانی حەمامو ئاودەست قەدەغە نەبوو، ناو لەبۆرییەکەوە بەئاسانی دەستدەکەوت، خواردنی خراپ بوو، بەڵام لانی کەم لەتۆپزاوا باشتربوو، شۆربای نیسکێنەو برنجو سەمونی وشکیان دەدانێ، هەندێجاریش گاردەکان سابوونو شەکرو چایان بەو ژنانە دەفرۆشت کە هێشتا پارەیان پێمابوو، نێرە ژنان بواری ئەوەشیان هەبوو کە جلو بەرگیان لەهەوشەی بەندیخانەکەدا بشۆنو لەژێر سێبەری دارەکاندا دابنیشن (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٨٣)، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەزیندانی دوبزیشدا هەر ئازاری جەستەییو دەروونیی ژنان بەردەوامبووەو بەدەستی ئەنفالەسەت چەندین نەخۆشیی کوشندەیان لەناودا بڵاوکراوەتەوە وەك ژنێکی شایەتحاڵی ناو زیندانەکەی دوبز دەگێڕێتەوە: "ڕۆژێك هاتن بەفیشقە دەرمانێکیان بەسەرماندا ڕژاند نەمانزانی چیبوو، ڕۆژی

دوای ئەوە داروبەردی ئەو قاعەنەمان بوو بەئەسپێ، منداڵ هەمووی تووشی نەخۆشی بوو، هەموو پێستیان بوو بەبرین، بەهۆی ئەوەوە منداڵ کەوتنە مردن، هەرمنداڵێك بمردایە لەپەنجەرەکانەوە پاسەوانەکانمان ئاگادار دەکرد، ئەوانیش ئەهاتن ئەیانبرد، ئیتر نەماندەزانی چییان لێدەکەن "(قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٨)، هەر سەبارەت بەبارودۆخی ژنان لەزیندانی دوبز شایەتحاڵ (نەزیرە حسێن محەمەد) لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی گوندی حەفتاچەشمەی ناوچەی قەرەحەسەن دەڵێت: "لەتۆپزاوا حاڵمان باشتربوو ڕۆژی دووجار خواردنمان هەبوو، بەڵام خواردنێکی خراپ، ئەگەر ناعیلاجی نەبوایە کەس نەی ئەخوارد، کە بریتیبوو لەسەموونی ڕەقو ئاوی گەرم، چەند ڕۆژ جارێك شۆربایان ئەدا پێمانو ڕۆژی جارێکیش ڕێگەیان ئەدا بچینە سەر ئاو، بەڵام ئەسپێ زۆر سەغڵەتی کردبووین، قوتویەك ئاوت دائەنا پڕ ئەبوو لەئەسپێ نەخۆشییەکی زۆریش بڵاوببووەوە لەماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموومان تووشبووینو زۆربەی منداڵەکان بەو نەخۆشییە مردن، ئەوەندە ئەڕشانەوەو سکیان دەچوو تاکو وشك هەڵدەگەڕانو دەمردن، هەموو ئەو ڕشانەوەو پیسیەش هەر لەناو قاعەکەدابوو، بۆنو بەرامەکەی ئینسانی وڕوکارس دەکرد، زۆرکەس بەو حاڵەوە مردن، جاری وا هەبوو بەجارێك (٥)جەنازەیان خستۆتەسەر عەرەبانەیەكو بردویانەتەدەرەوە" (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٨٨). سەرەڕای هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی لەڕووی جەستەییو دەروونییەوە رووبەڕووی ژنانی ناو قەڵای دوبز ببووەوە لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لەو ژنانە هەر لەناو زینداندا منداڵیان بوو، بەبێچاودێریی تەندروستیو بەبەرچاوی پاسەوانەکانی زیندانو بەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی شایستەو گونجاو، ژمارەی ئەو منداڵانەی لەقەڵای دوبز لەدایکبوون زیاتر لە(٧) منداڵبوون (قوربانی،٢٠٠٢: ١).

دوای پێنج مانگ مانەوە لەدوبز لەڕۆژی (٦)ی ئەیلولی ١٩٨٨ز بەپێی بڕیاری ٧٣٦ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ کوردەکان دەرکرا (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٤٩١). بەپێی ئەو بڕیارەش ئەو زیندانییانەی کە تاکو ئەوکاتە لەدووبزو قەڵای تکریتو نوگرەسەلمان مابوونەوە دوای هەندێك ڕێوشوێنو پرسیارکردن لەشاری سلێمانی یان لەنزیك

عەربەت بەردران، بەشێکی دیکەشیان بردن بۆ چەمچەماڵو لەکۆمەڵگەی شۆڕشدا بەرەڵایانکردن، هەندێکی تریشیان بردن بۆ کەلارو لەناحیەی صمود(رزگاریی) فڕێیان دان (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٥٠٠)، هەروەك شایەتحاڵ (نازدار محمد علی) لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی مامەشەی لەیلان دەڵێت: "لەدوبزەوە بەسەیارەی بچوكو سەرداپۆشراو بەرەو تكریتیان بردین، لەناو ئەو سەیارەیەی ئێمەدا لەدوبزەوە تاكو تكریت (٣) منداڵ لەبرسێتی و تینوێتیدا مردن، چونکە سەیارەکان تەنها کونێك چییە تیایدا نەبوو بۆ هەناسەدان، لەتکریت بردیانینە قاعەیەك، بۆ ماوەی دوو هەفتە لەوێدابووین، پاشان سواری سەیارەیان کردینەوە، بەکەرکوکدا تێپەڕین لایان نەدا، تاکو هانیانینە چەمچەماڵ، لەوێش لایاننەدا، بردیانین بۆ سلێمانی، لەوێوە بۆ عەربەت، لەعەربەت ناویان نووسینو هەریەکەو وەرەقەیەکیان پێداینو گەڕانیانینەوە بۆ چەمچەماڵو لەو دەشتەی نێوان چەمچەماڵو شۆڕشدا بەرەڵایانکردین" (قوربانی،٢٠٠٢: ٨٩).

بەربوونی ئەنفالکراوەکان لەدوای لێبوردنەکەوە تاکو مانگی تشرینی دووەمی خایاند، دوا وەجبەش کە بەربوو بریتیبوون لەو(٥٠٠)ژنەی کە لەدوبزەوە هێنایانن بۆ نوگرەسەلمان، هەرچەندە لەو ماوەیەدا چەندین کەسیان بەهۆی برسییەتیو نەخۆشییەوە لێمرد (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٥٠١).

سەبارەت بەچارەنووسی ژنانی گەرمیان لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی سێوە تاکو کۆتایی بەپێی ئەو بەڵگەو شایەتحاڵانەی لەبەردەستدان بەم شێوەیە بووە، ژمارەیەك لەژنان بەیارمەتی هەندێ موستەشارو جاش توانیان لەناوچە ئابلۆقەدراوەکاندا دەربازبنو لەناو شاروشارۆچکەکاندا لەماڵی کەسو خزمەکانیاندا خۆیان بشارنەوە (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٩٤)، هەروەك بەندییەکی ئەو دەمە دەگێڕێتەوە: "موستەشارەکان بینیان وا ژنوپیاو جیادەکرێتەوە ئیتر زانیان چ کارێك بەدەستەوەیەو بەجارێ تورەبوونو ویستیان ژنەکان بەنهێنی دەربکەن" (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٩٦)، هەروەها ژمارەیەك ژنی تریش لەکاتی گواستنەوەیاندا بۆ مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەی خەڵك کەڵکیان وەرگرتو خۆیان دەربازکرد

(میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٥٢). هەندێکی تریش لەڕاپەرینەکەی شاری چەمچەماڵدا لەڕۆژی ٤/١١ دا بەهاوکاریی خۆپیشاندەران و یارمەتی جاش و شۆفێرەکان توانییان ئاڵۆزی بارودۆخەکە بقۆزنەوەو دەربازیان بێت (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٨٦).

هەروەها لەزیندانی تۆپزاوادا لەدوای ئەوەی دابەشدەکرێن بەسەر چوار بەشدا (ژن و منداڵ، کچی گەنج، کوڕی گەنج (١٥-٥٠)ساڵ، پیرەمێردو پیرەژن (٥٠-٩٠) ساڵ) هەرچی کچە گەنجەکانە بەپێی قسەی زۆربەی شایەتحاڵەکان لەدوای تۆپزاواوە نەیانبینوونەتەوەو چارەنووسیان نادیارە (قوربانی،٢٠٠٢: ٢٥١)، هەروەها لەزیندانی دوبزیشدا چەند جارێک قافڵە دەهاتن ژمارەیەک ژنیان دەبرد، هەروەک شایەتحاڵ (نازدار محەمەد علی) لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی خەڵکی گوندی مامەشەی لەیلان دەڵێت: "هەموو سەری مانگێک بەمونشەئە سێ کاروانیان ئەبرد، هەرجارەی هەشت سەیارەبوون، وامان دەزانی بەریان ئەدەن، بەڵام کاتێ خۆمان بەربووین ئەوجا زانیمان کە ئەوان بەرنەدراون و تاکو ئێستاش هیچ زانیارییەک لەبارەیانەوە نییە" (قوربانی،٢٠٠٢: ٨٦)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەند شایەتحاڵێک بینیویانە کە وا هەندێکجار کۆمەڵێ عەرەب بەسەیارەوە هاتوون ژمارەیەک ژنیان هەڵبژاردوەو بردویانن هەروەک شایەتحاڵ (رەحمە عەبدولکەریم) دەڵێت: "دوو هەفتەبوو برابووینە دووبز، ڕۆژێک کۆمەڵێک سەیارەی جام رەش هاتن، هەمووی عەرەبی دزداشە لەبەربوون بەناو قاعەکاندا ئەگەران، زابتی قاعەکەی ئێمە پیاوێکی باشبوو پێیوتین هەرچی ژنی جوان و جەمیل هەیە لەچکەکانتان لەدەم و چاوتانەوە بئاڵێنن، ئەمانە هاتوون هەرچییەک جوانبێت و ئەقڵیان بیگرێت تەیبەن بۆ خۆیان، کۆمەڵێکیان جیاکردەوەو بردنیان، ئیتر تاکو ئێستا هەواڵی ئەوانیش وەک پیاوەکان بەئەزانراوی ماونەتەوە" (قوربانی،٢٠٠٢: ١٠٩)، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی باروودۆخی ناو زیندانەکەی دوبزەوە بەهۆی نەخۆشیی و ئازاری جەستەیی و دەروونییەوە چەندین ژن مردوون (میدڵ ئیست وۆچ،١٩٩٩: ٢٨٥-٢٨٦). سەبارەت بەو ژنانەی کە لەزیندانی دوبزەوە گواستراونەتەوە بەشێکیان کە هەزاران ژن دەبوون بەرەولایەکی نادیارنبراون و تاکو ئێستا چارەنووسیان بەنادیاریی

ماوەتــەوە (میــدڵ ئیســت وۆچ،١٩٩٩: ٣٨٧). هــەروەك بەشــێکی تریشــیان کــە مەزەندە دەکرێت بە(٣٠٠-٥٠٠)کەس گواستراونەتەوە بۆ قەڵای نوگرەسەلمان (میــدڵ ئیســت وۆچ،١٩٩٩: ٢٨٧)، ئەمانــە لەبەشــێکی جیــای بەندیخانەکــەدا دانرابــوون و هــەموو جــۆرە نزیکبوونەوەیــەکیان لەگــەڵ زیندانییــەکانی تــردا قەدەغەبووە، لەو ماوەیەدا چەندین کەسیان بەهۆی برســیەتی و نەخۆشییەوە لێمــرد (میــدڵ ئیســت وۆچ،١٩٩٩: ٥٠١)، هــەروەك ئــەو پیرەژنانــەی لەگــەڵ پیرەمێردەکاندابوون ژمارەیەکیان بەرگەی بارودۆخی برسییەتی و تینویــەتی و گــەرماو نەخۆشــییان نــەدەگرت و دەمــردن، هــەموو ئەوانــەی کــە لــەزیندانی نوگرەســەلماندا دەمــردن دەخرانــە بــەردەم ســەگە رەشــەکان (میــدڵ ئیســت وۆچ،١٩٩٩: ٣٩٧).

ئەو ژمارەیە لەژنانی گــەرمیان کــە لــەماوەی چــەند مــانگی دەســتگیرکردنیان و بەدرێژایی گواستنەوەیان لەم جێگەیەوە بۆ ئەو جێگە لەقەڵای نوگرەسەلمان و دوبزدا بەزیندوویی مابوونەوە، تەنها ئەوانە توانییان لەزیندان رزگاریان ببێت و لەسەفەری مەرگ بگەرێنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەر لێبوردنی ٦ی ئەیلول کەوتن. ئەم ژمارەیە لەژنان لەدوای زیاتر لە(٥) مانگ لەزیندا هاتنەدەرەوە، بەڵام دوای ئــەوەی کــە زۆربــەیان چــەندین کــەس لەخێزانــەکانیان لــەدایك و باوك و مێردوبراو خوشك و منداڵەکانیان لــەنێو بیابانــەکانی باشــورو لەبــەردەمی ســەگە رەشــەکانی نوگرەسەلماندا بەجێهێشــت، ئــەوان لــەزیندان رزگاریــانبوو، بــەڵام ئەوەی بۆیــان مابویــەوە تەنــها جلــەکانی بــەریانبوو، بۆیــە بەدەســتی بەتاڵــەوە گەرانەوە سەر سفرەی خاڵیی ژیان، دوای ئەوەی لەدەرەوەی زێدی خۆیان و لەو دەشتەدا هەڵیانرشتن و ماڵوحاڵ و خانووەکانیان سوتاندبوون، لێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە رێژەی ئەنفالکراوانی ژنان کەمترە لەپیاوان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەخوار تەمەنی (٥٠)ساڵییەوەبوون.

# بەشی سێیەم
# توێژینەوەکانی پێشوو

باسی یەکەم خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

باسی دووەم گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

باسی یەکەم خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### باسی یەکەم/ خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

**توێژینەوەی دزەیی(٢٠٠١):**

***رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی ئەنفال لەکوردستان***

لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنفال کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی گەلی کورد هەیەو کاریگەریی راستەوخۆی بۆ سەر کەسێتی تاکی پاشماوەی ئەنفال و بارودۆخی ژیانیان هەیە توێژەر هەستاوە بەدیاریکردنی چەند ئامانجێك بۆ توێژینەوەکەی کە بریتین لەدیاریکردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شاڵاوەو هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەریی ئەم ئاسەوارانە لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریی و خستنەڕووی کۆمەڵێك راسپاردەو پێشنیاز بەمەبەستی چارەسەرکردن و راگرتنی ئەم ئاسەوارانە کە بەڕای توێژەر کاریگەریی خراپیان دەبێت بۆ سەر باری کۆمەڵایەتی ناوچە ئەنفالکراوەکان.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەکەس و کارو پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لەسنووری پارێزگای هەولێردا، توێژەر هەستاوە بەوەرگرتنی نموونەیەکی دیاریکراو لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا کە لە(١٥٠)یەکە پێکهاتووەو بەشێوەی رەمەکیی هەڵبژێردراوە بەگوێرەی دابەشبوونی قەبارەی کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال لەشوێنە جیاوازەکانی پارێزگای هەولێردا، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەکەرەستەکانی وەك: چاوپێکەوتن و فۆرمی راپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر نموونەکەی و پرسیارەکانیش بەسەر چەند تەوەرەیەکی جیاوازدا دابەشکراوە، وەك زانیاریی (گشتی، دیمۆگرافیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کلتوریی و سیاسی) بۆ ئەوەی لەهەریەك لەو بوارانەدا زانیاریی لەسەر لێکۆڵراو کۆبکرێتەوە، دواتریش توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و

ڕێـژەی سـەدیی بـەکارهێناوە وەك کەرەسـتەیەکی ئامـاریی بـۆ شـیکردنەوەی زانیارییەکان.

لەئەنجامی توێژینەوەکەوە توێـژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بـەرزترین ڕێژەی پاشماوەی ئـەنفالکراوەکان خـەڵکی سـنووری پارێزگـای کـەرکوکن کـە ڕێژەیان ٦٨٪ ی نموونەکەیە، هەروەها لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کـە ئـەنفال کاریگـەریی ڕاسـتەوخۆی هـەبووە لەبێشـیرازەبوون و پەرتـەوازەبوونی خـێزانی پاشمـاوەی ئـەنفالداو ٧٨,٥٪ی ژنـانی توێژینەوەکـە مێردەکانیـان ئەنفالکراون و بێسەروشوێنن، سەبارەت بەکاریگەرییە دەروونیی و عەقڵییەکانی پرۆسـەی ئـەنفال لەسـەر کـەس‌وکاری پاشمـاوەی ئـەنفال لـەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە ژمارەیەك لەوانە تووشی نەخۆشیی دەروونیی و عەقڵیی بوون وەك دەرەنجـامێکی پرۆسـەی ئـەنفالکردن و بێسەروشـوێنکردنی کەسـانی نزیکیـان، هـەروەها لەئـەنجامی توێژینەوەکـەوە دەرکـەوتووە کـە٩٧,٣٢٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفال لەژیانێکی ناخۆش و بێتواناییدا دەژین، ئەنجامێکی تری توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕێژەی ٦٥٪ی ئەنفالکراوان لەڕەگەزی نێرن، هـەروەك دەرکەوتووە ڕێژەی ٥١,٣٪ی کەس‌وکاری پاشماوەی ئەنفال تووشی نەخۆشیی جەستەیی بوون.

***توێژینەوەی ڕەئوف(٢٠٠٢):**

***ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی ئەنفال:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشنابوون بەئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفال و خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێك بەمەبەستی چارەسەری گیروگرفت و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی پرۆسەی ئەنفال، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەناوچەی گەرمیان و لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەشدا توێژەر نموونەیەکی (١٨٢)کەسی وەرگرتووە کە دابەشبووە بەسەر دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا، هەڵبژاردنی ئەم نموونەیەش بەشێوەی (ڕەمەکیی)بووە، توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا پشتی بە (فۆرمـی ڕاپرسـی)بەستووە وەك کەرەسـتەیەك بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاریی

کە(٢٠)پرسیاری لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سایکۆلۆجی.. لەخۆگرتووەو هیچ کەرەستەیەکی ئاماریی بەکارهاتووی تێدا دیاری نەکردووە، توێژەر لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی ٧١,٢٤٪ی پاشماوەی ئەنفال لەڕەگەزی (مێ)نو ڕێژەی ٦١,٩٨٪ی ئەنفالکراوەکان لەڕەگەزی (نێر)ن، هەروەها لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٩١,٩١٪ ی ئەو ژنانەی مێردەکانیان ئەنفالکراوە، تاکو ئێستا شویان نەکردۆتەوەو ئەوەش دەرکەوتووە کە ئەنفال کاریگەریی گەورەی لەسەر پەرتەوازەبوونی خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفال دروستکردووە.

هەروەك لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتوە کە ڕێژەی ٧٧,٤٧٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفال هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەدراوە لەلایەن حکومەتو ڕێکخراوەکانەوە، لەو توێژینەوەیەدا ئەوەش دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٧٢٪ی کەسوکاری ئەنفالکراوان چاوەڕێی ئەوەن کە ئەنفالکراوەکانیان بگەڕێنەوە.

## *توێژینەوەی تاڵەبانی و محەمەد(٢٠٠٢):

## *ئەنفالی گەرمیان- ڕەوشی دیمۆگرافیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی پاشماوەی ئەنفال

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەدەرخستنی ڕەوشی پاشماوەی ئەنفالو خستنەڕووی کێشەکانیانو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەتوێژینەوەیەکی مەیدانیی کە لەکۆمەڵگەی (ڕزگاریی) بەئەنجامگەیەنراوەو کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەشدا توێژەران هەستاون بەوەرگرتنی نموونەیەك کە بریتییە لە (١١٠)خێزان کە ژمارەیان دەگاتە (٣٧٤)کەسو ئەم نموونەیەش بەشێوەی ڕەمەکیی هەڵبژێردراوە، توێژەران لەکۆکردنەوەی زانیارییەکانیاندا بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتیان بە(فۆرمی ڕاپرسی)بەستووە کە نزیکەی ٢٥ پرسیاری جۆراوجۆری لەخۆگرتووە لەبوارەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافیی و هیچ کەرەستەیەکی ئاماریی دیاری نەکراوە بۆ

شیکردنەوەی خشتەکان، هەرچەندە لەخشتەکاندا دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت بەڕێژەی سەدیی بەستراوە.

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە ئەنفالکراوەکان ڕێژەی٥٣,٥٪یان ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی ٤٦,٥٪ یان ڕەگەزی (مێ)ن، سەبارەت بەوانەی کە لەپاش دەستگیرکردنیان بەجۆرێك لەجۆرەکان ئازادکراون ڕێژەی ٧٠,٤٪ ڕەگەزی (مێ)و ڕێژەی ٢٩,٦٪ ڕەگەزی (نێر)ن، هەروەها ئەوانەی لەپرۆسەی ئەنفالدا دەستگیر نەکراون ڕێژەی ٥٥٪ یان ڕەگەزی (مێ)ن و ڕێژەی ٤٥٪یان ڕەگەزی (نێر)ن، سەبارەت بەکاروپیشەی ژنی پاشماوەی ئەنفال ڕێژەی ٩٧,٨٪ ی مێینە پێش ئەنفال ژن یان کچی ماڵبوون، بەڵام لەپاش ئەنفال ئەم ڕێژەیە بۆ٨٤,٢٪ دابەزیووەو ڕێژەی ٦,٢٪ پیشەیان بۆتە کرێکاریی و ٤.٧٪ پیشەی قوتابیی و ڕێژەی ١٪ پیشەی کارگوزاریی و ڕێژەی ٢,١٪ کاری ڕێکخراوەیی و ڕێژەی ١,٦٪ ئیشوکاری دەستدەکەن، هەروەها دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٧٤٪ مێینە، نەخوێندەوارن و ڕێژەی ٢,٩٪ دەخوێننەوەو دەنووسن و ڕێژەی ١٦,٢٪ قۆناغی سەرەتاییان بڕیووەو ڕێژەی ٦,٩٪ قۆناغی ناوەندیان بڕیووە، هەروەها لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە ڕێژەی ٦٨,٩٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفال کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە، لەم ڕێژەیە ٢٩,٢٪یان لەگەڵ کەس وکاردا دەژین و ڕێژەی ١٢,٣٪ لەخانووی خزم و ڕێژەی ٢٢,٦٪یان لەخانووی کرێ و ڕێژەی ٤,٧٪یان لەخانووی حکومیدا دەژین و ڕێژەی ٣١,١٪یان لەخانووی خۆیاندا دەژین.

*توێژینەوەی صدیق(٢٠٠٢):

*کاریگەریی ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەلایەتی ناو پاشماوەی ئەنفال

ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەئاگاداربوون لەبارودۆخ و ژیان و گوزەرانی پاشماوەی ئەنفالەکان و جوڵانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی هەوڵی جدیی بدەن بۆ چاکردنی باری ژیان و گوزەرانی پاشماوەی

ئەنفالەکان، ئەم توێژینەوەیە لەنێو سنووری پارێزگای کەرکوك ئەنجامدراوەو سنووری ئەو پارێزگایە چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و لەم کۆمەڵگەیەش نموونەیەکی ١٢٥کەسی وەرگرتووەو کاری لەسەر کردووە، لەکۆکردنەوەی زانیارییەکانیشدا بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت بەفۆرمی راپرسیی بەستراوە کە لە٢٥ پرسیار پێکهاتووەو رێژەی سەدیش وەك کەرەستەیەکی ئاماریی بۆ شیکردنەوەی خشتەکان سودی لێوەرگیراوە، لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە کە لە٧٢٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفالدا ژنان ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵیان لەسەرەو سەرۆکی خێزانەکانیانن و رێژەی ٠,٨٪ی ژنی مێرد ئەنفالکراو شوبانکردۆتەوە، هەروەها دەرکەوتووە کە رێژەی ٣٦٪ی نموونەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەنفالکراوەکان دەکەن و رێژەی ١٧,٦٪ ی نموونەکە سەردانی پزیشکی دەروونییانکردووەو رێژەی ٢,٤٪ ی نموونەکە دان بەوەدا دەنێن کە لەبەر نەبوونیی پەنایان بۆ کاری سێکسی بردووە.

## باسی دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

*توێژینەوەی دزەیی(٢٠٠١):

*ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی ئەنفال لەکوردستان

١-ئامانج: ئامانجی توێژەر بریتییە لەدیاریکردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شاڵاوانە لەڕێگای لێکۆڵینەوەی مەیدانییەوەو هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەریی ئەم ئاسەوارانە لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز بەمەستی چارەسەرکردن و ڕاگرتنی ئەم ئاسەوارانە، بەڵام ئەو ئامانجانەی کە توێژەران بۆ ئەم توێژینەوەیەیان دیاریکردووە بریتین لە:

*زانینی ڕەوش و بارودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئێستادا و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ڕەنگیداوەتەوە.

*ڕەوشی خێزانی پاشماوەی ئەنفال لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و پەروەردەییەوەو ڕۆڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وەك سەرۆك لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا.

*خستنەڕووی قەبارەی کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال و ئەو دیاردانەی کە دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفالن لەسەر لایەنی دەروونیی و تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

*خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز بۆ زاڵبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییە سلبییەکانی ئەنفال لەسەر خێزان و ژنی پاشماوەی ئەنفال لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

دوای خستنەڕووی ئامانجەکانی هەردوو توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە شێوازی ئیشکردن لەهەردوو توێژینەوەکەدا زۆر لەیەکترییەوە نزیکن کە ئاشنابوونە بەبارەودۆخ و کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژیانی نموونەکە، بەڵام جیاوازن لەوەدا کە لێکۆڵینەوەی یەکەم ئامانجەکانی لەچوارچێوەی زانینی

کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئەنفالە بەگشتیو لەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، لەکاتێکدا ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەدەوری زانینی کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ڕەوشی ژنی مێرد ئەنفالکراودا دەخولێتەوە.

٢-نموونەی توێژینەوەکە: بریتییە لە١٥٠ یەکەی لێکۆڵراو لەهەردوو ڕەگەزی (نێرومێ) لەئاستە جیاوازەکانی تەمەندا، لەسنووری پارێزگای هەولێر، کە بەڕێگەی ڕەمەکیی هەڵبژێردراوە، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا وەریانگرتووە کە بریتییە لە١٢٥ ژن لەو ژنانەی مێردەکانیان لەپرۆسەی ئەنفالدا شوێن بزربوون لەهەردوو ناحیەی شۆڕشو ڕزگاریدا.

٣-کەرەستەی توێژینەوە: ئەو کەرەستانەی کە توێژەر سوودی لێوەرگرتووە بەشێوەیەکی سەرەکیی بریتییە لەفۆرمی ڕاپرسی (استبیان) لەگەڵ چاوپێکەوتن، ئەمەش هەمان ئەو کەرەستانەیە کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێبەستووە سەرەڕای بەکارهێنانی (تێبینی سادە).

٤-هۆکاری ئاماریی: ئەو هۆکارە ئامارییانەی کە لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتوون بریتین لە:

*ناوەندی ژمێرەیی

*ڕێژەی سەدیی

ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئەو هۆکارە ئامارییانەدا کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێبەستووە کە بەکارهێنانی هەمان کەرەستەی ئامارییە.

٥-ئەنجام: ئەنجامی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژەراندا بەراورد دەکرێت لەبەشەکانی داهاتوودا.

*توێژینەوەی وەلی(٢٠٠٢):

*ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی ئەنفال:

١-ئامانج: ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەناشنابوون بەئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفالو خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێک بەمەبەستی

چارەسەری گرفتەکانی دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفال، بەڵام ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

*زانینی رەوش و باروودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال و ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رەنگیداوەتەوە.

*رەوشی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و پەروەردەییەوەو رۆڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وەك سەرۆك لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا.

*خستنەرووی کاریگەریی قەبارەی پرۆسەی ئەنفال و ئەو دیاردانەش کە دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفالن لەسەر لایەنی دەروونیی و تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

*خستنەرووی کۆمەڵێك راسپاردەو پێشنیاز بۆ زاڵبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییە سلبییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر خێزان و ژنی پاشماوەی ئەنفال لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیدەگات.

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئامانجی ئەم دوو توێژینەوەیە جیاوازن لەیەکتریی، چونکە توێژینەوەی (رەئوف) ئامانجی زانینی ئەو ئاسەوارانەیە کە لەپرۆسەی ئەنفالدا کەوتوونەتەوە لەکاتێکدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاسەواری ئەنفالە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال بەشێوەیەکی تایبەتی.

٢-نموونەی توێژینەوەکە: نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە١٨٢ یەکە لەهەردوو رەگەزی نێرومێ لەئاستە جیاوازەکانی تەمەندا کە لەسنوری ناوچەی گەرمیاندا هەڵبژێردراون بەرێگەی رەمەکیی، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە توێژەران وەریانگرتووە لەکۆمەڵگای رزگاری وشۆڕشدا کە بریتییە لە١٢٥ ژن لەو ژنانەی کە لەپرۆسەی ئەنفالدا مێردەکانیان شوێن بزرکراون.

٣-کەرەستەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بەفۆرمی راپرسی بەستووە، کە تەبایە لەگەڵ ئەو کەرەستەیەی کە توێژەران لەتوێژینەوەکەی خۆیاندا پشتیان پێبەستووە سەرەرای بەکارهێنانی (چاوپێکەوتن و تێبینی سادە).

٤-هۆکاری ئاماریی: هۆکاری ئاماری تێدا دیارینەکراوە.

٥-ئەنجام: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژەراندا گفتوگۆ دەکرێت لەبەشەکانی داهاتوودا.

***توێژینەوەی (تاڵەبانی و محەممەد ٢٠٠٢):**

***ئەنفالی گەرمیان، رەوشی دیمۆگرافیی، ئابووریی کۆمەڵایەتی پاشماوەی ئەنفال:**

١-ئامانج: ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەدەرخستنی رەوشی پاشماوەی ئەنفال و خستنەڕووی کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، لەکاتێکدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

*زانینی رەوش و بارودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال و ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رەنگیداوەتەوە.

*رەوشی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و پەروەردەییەوە و رۆڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وەك سەرۆك لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا.

*خستنەڕووی کاریگەریی قەبارەی پرۆسەی ئەنفال و ئەو دیاردانەش کە دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفالن لەسەر لایەنی دەروونیی و تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

*خستنەڕووی کۆمەڵێك راسپاردەی پێشنیاز بۆ زاڵبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییە سلبییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر خێزان و ژنی پاشماوەی ئەنفال لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیدەگات.

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئامانجی ئەم دوو توێژینەوەیە جیاوازن لەیەکتریی، چونکە توێژینەوەی (تاڵەبانی ومحەممەد)ئامانجی خستنەڕووی رەوشی پاشماوەی ئەنفالە لەکاتێکدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی رەوشی ژنی پاشماوەی ئەنفالە، بەم مانایەش ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخەری ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفالە لەسەر رەوشی ژنی پاشماوەی ئەنفال

بەپێچەوانەی توێژینەوەی (تاڵەبانی و محەمەد)ەوە کە توێژینەوەیەکی فراوانەو سەرجەم پێکهاتەکانی پاشماوەی ئەنفال دەگرێتەوە.

٢-نموونەی توێژینەوەکە: بریتییە لە١١٠ خێزان کە ژمارەی ئەندامەکانیان دەگاتە ٣٧٤ کەسی پاشماوەی ئەنفال لەهەردوو رەگەزی نێرومێ لەئاستە جیاوازەکانی تەمەندا، ئەمەش پێچەوانەی ئەو نموونەیەیە کە توێژەران وەریانگرتووە کە بریتییە لە١٢٥ژن لەو ژنانەی لەپرۆسەی ئەنفالدا مێردەکانیان شوێن بزرکراون لەهەردوو کۆمەڵگای شۆڕش و رزگاریدا.

٣-کەرەستەی توێژینەوە: کەرەستەی توێژینەوە بریتییە لەفۆرمی راپرسی، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەو کەرەستەیەدا کە توێژەران پشتیان پێبەستووە لەم توێژینەوەیەدا، سەرەڕای بەکارهێنانی (چاوپێکەوتن و تێبینی سادە).

٤-کەرەستەی ئاماریی: هیچ کەرەستەیەکی ئاماری تێدا دیارینەکراوە.

٥-ئەنجام: ئەنجامی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژەراندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لەبەشەکانی داهاتوودا.

***توێژینەوەی ( صدیق ٢٠٠٢ ):**

**کاریگەریی ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونیی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفال:**

١-ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەئاگاداربوون لەبارودۆخ و ژیان و گوزەرانی پاشماوەی ئەنفالەکان و جولاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی هەوڵی جددیی بدەن بۆ چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی پاشماوەی ئەنفالەکان، لەکاتێکدا ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

*زانینی رەوش و بارودۆخی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئێستادا و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رەنگیداوەتەوە.

*ڕەوشی خێزانی پاشماوەی ئەنفال لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و پەروەردەییەوەو ڕۆڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وەك سەرۆك لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا .

*خستنەڕووی قەبارەی کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال و ئەو دیاردانەی دەرهاویشتەی پرۆسەی ئەنفالن لەسەر لایەنی دەروونیی و تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

*خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز بۆ زاڵبوون و کەمکردنەوەی کاریگەرییە سلبیەکانی ئەنفال لەسەر خێزان و ژنی پاشماوەی ئەنفال لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە توێژینەوەکە پێیدەگات.

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئامانجی توێژینەوەکان ناچوون یەکن لەگەڵ یەکتریدا، چونکە ئامانجی توێژینەوەکەی (صدیق)گشتگیرترە لەکاتێکدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەسەر توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگایە کە ژنی پاشماوەی ئەنفالە.

٢-نموونەی توێژینەوە: نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە١٢٥یەکە لەکەس وکاری پاشماوەی ئەنفال لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ لەسنووری پارێزگای کەرکوکدا، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە توێژەران وەریانگرتووە، هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە وەکو یەکە، بەڵام نموونەکەی توێژەران بەتەنها ژنی پاشماوەی ئەنفالی لەهەردوو کۆمەڵگەی شۆڕش و ڕزگاری گرتۆتەوە.

٣-کەرەستەکانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پشتی بەفۆرمی ڕاپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی کە هەمان ئەو کەرەستەیەیە کە توێژەران بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتیان پێبەستووە سەرەڕای چاوپێکەوتن و تێبینی سادە.

٤-هۆکاری ئاماریی: لەم توێژینەوەیەدا ڕێژەی سەدیی وەك هۆکارێکی ئاماریی سودی لێوەرگیراوە، ئەمەش هەمان ئەو کەرەستەیەیە کە توێژەران پشتیان پێبەستووە لەشیکردنەوەی زانیارییەکاندا سەرەڕای بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی.

٥-ئەنجام: ئەنجامی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژەراندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لەبەشەکانی داهاتوودا.

# بەشی چوارەم:
# ڕێوشوێنە میتۆدییەکانی لایەنی مەیدانیی

یەکەم: کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە

دووەم: کەرەستەکانی توێژینەوە

سێیەم: بوارەکانی توێژینەوە

چوارەم: هۆکاری ئاماریی

پێنجەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە

## بەشی چوارەم: ڕێوشوێنە میتۆدییەکانی لایەنی مەیدانی

### یەکەم/ کۆمەڵگەونموونەی توێژینەوە:

١-کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم ئەو ژنانەی کە لەپرۆسەی ئەنفالی سێدا مێردەکانیان ئەنفالکراوەو تاکو ئێستا بەبێ مێرد ماونەتەوە یاخود شوویانکردۆتەوە، لەهەردوو کۆمەڵگای شۆڕشی سەر بەناحیەی چەمچەماڵ‌و ڕزگاری (صمود)ی سەر بەقەزای کەلار، کە ژمارەیان لەکۆمەڵگای شۆڕش ٩٤٥ (١٩) ژن‌و لەکۆمەڵگای ڕزگاریی ١١٣ژنە(٢٠).

٢-نموونەی توێژینەوە: وەرگرتنی سەرجەمی کۆمەڵگای توێژینەوە لەو توێژینەوانەدا کە قەبارەیان گەورەیە کارێکی ئەستەم‌و گرانە، ڕەنگە کات‌وکۆشش‌و تێچوونی توێژەر بوار نەدات بۆ دەستخستنی تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە، بۆیە توێژەران بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بەشێکی دیاریکراو لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەردەگرن، بەمەش دەوترێت نموونەی توێژینەوە، کە گوزارشت لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات‌و دەتوانرێت ئەو ئەنجامانەی لێی بەدەستدەهێنرێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا بگشتێنرێت بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە دەبێت بەشێوەیەکی وردو زانستیانە بێت (السيد،١٩٩٧: ١٤١). لەم توێژینەوەیەدا توێژەران نموونەیەکی دیاریکراویان لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە کە بریتییە لە١٢٥ یەکەی لێکۆڵراو بەڕێژەی (١١,٨١٪)ی سەرجەمی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەهەردوو ناحیەی شۆڕش‌و ڕزگاریدا، هەڵبژاردنی ئەم نموونەیەش بەڕێگەی (ڕەمەکیی سادە)بووەو هەوڵدراوە ڕەچاوی باری جوگرافیی‌و دابەشبوونی ژنی پاشماوەی ئە[illegible]ال بکرێت لەهەردوو ناحیەکەدا بەج[illegible]ک کە چانسی بەشداربوون لەم نە[illegible]نەیە لەبەردەم هەر تاکێکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کراوەبێت (السيد،١٩٩٧: ١٤٣)، بەمەبەستی دەستکەوتنی نموونەیەکی ڕاست‌و دروست.

هەڵبژاردنی ئەم نموونەیە لەلایەن توێژەرانەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

*نەتوانینی وەرگرتنی سەرجەمی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەهۆی زۆریی تێچونی کاتو داراییو کۆششی مرۆیی کە لەسەروو توانای توێژەرانەوە بوو.

*نزیکییو لەیەکچوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەیەکترییەوە بەتایبەتی لەڕووی(ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابووریی)ەوە.

*بەرچاو ڕۆشنی توێژەران لەچوارچێوەو قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەکی دیاریکراو لێیان.

**دووەم/ کەرەستەکانی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوەو کەرەستەکانی توێژینەوە بەدوو قۆناغی بەیەکەوە بەستراو دادەنرێنو ناتوارێت لەیەکتریی داببرێن (دزەیی،٢٠٠٢: ١٨١)، لەبەرئەوە دەبێت لەکاتی هەڵبژاردنی کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەکە لەبەرچاو بگیرێتو ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت کە دەبێت ئەو کەرەستەیە هەڵبژێردرێت کە لەگەڵ جۆری بابەتەکە گونجاوبێت، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران پەنایان بردۆتە بەر چەند کەرەستەیەکی دیاریکراو کە ئەمانەن:

<u>١-فۆرمی ڕاپرسی کراوە:</u> توێژەران بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکەیانو گەیشتن بەڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتەکەو وەرگرتنی ڕاوسەرنجی پسپۆڕان لەم بارەیەوە فۆرمێکی ڕاپرسی کراوەیان ئامادەکرد[٢١] کە لەچەند پرسیارێکی کراوە پێکهاتبوو بواری وەڵامدانەوەشی سەربەست بوو، ئەم فۆرمە بەسەر چەند پسپۆڕێکی جیاجیا لەبوارەکانی کۆمەڵناسیو دەروونناسیو یاساییو چەند ڕێکخراوێکی ژنانو ئافرەتانو ژمارەیەك دامەزراوەی پەیوەندیدار دابەشکرا، دوای وەرگرتنی وەڵامەکانو تاوتوێکردنیان، توێژەران توانیان ڕوکسار(ملامح)ەکانی کارەکەیان بۆ ئاشکرابێت.

<u>٢-چاوپێکەوتن:</u> یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت لەلێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ

لەنێوان توێژەرو لێتوێژراودا ئەنجامدەدرێت و کارلێکی راستەوخۆ دروستدەبێت لەنێوانیاندا (السید،١٩٩٧: ٨١). لەسەر ئەم بنەمایە توێژەران سەرەڕای فۆرمی راپرسی کراوە سودیان لەچاوپێکەوتن وەرگرتووە بەمەبەستی:

*ئاشنابوون بەبارودۆخی ژنان لەپێش پرۆسەی ئەنفال لەگوندنشینی کوردی و لەکاتی پرۆسەی ئەنفالداو بارودۆخی ژیانیان لەئێستاداو گواستنەوەی ئەو حاڵەتە لەسەر زاری خۆیانەوە.

*ئامادەکاریی بۆ دروستکردنی فۆرمی زانیاریی داخراو؛ بەمەبەستی ئاگاداربوون لەهەموو گرفتەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال، بۆ ئەوەی لەفۆرمی زانیاریی داخراودا جێگایان بکرێتەوە، لەبەئەنجامگەیاندنی ئەم کارەشدا سوود لەدەنگ هەڵگر(مسجل)وەرگیراوە.

٣-تێبینی سادە: سەرەڕای ئەو ئامرازانەی سەرەوە توێژەران لەڕێگەی تێبینی سادەوە کۆمەڵێك زانیاریی وردیان سەبارەت بەبارودۆخی نموونەی توێژینەوەکە کۆکردۆتەوە، تێبینی سادەش بریتییە لەتێبینیکردنی دیاردەیەك بەو شێوەیەی کە روئەدات لەڕەوشی سروشتی خۆیدا بەبێ ملکەچکردنی دیاردەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیستییانەو بەبێ بەکارهێنانی کەرەستەی پێوانەیی ورد(حسن،١٩٧١: ٤٦٣-٤٦٤).

٤-فۆرمی زانیاریی داخراو: توێژەران لەکۆکردنەوەی زانیاریدا بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتیان بەفۆرمی زانیاریی داخراو بەستووە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم کەرەستەیە لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکەو جۆری توێژینەوەکە دەگونجێت و تاڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە بەدەستبهێنرێت (الحسن والحسنی،١٩٨٢: ٤٨٢).

دوای ئەوەی توێژەران لەئەنجامی وەڵامەکانی فۆرمی راپرسی کراوەو چاوپێکەوتنەکانەوە کۆمەڵێك زانیاریی پێویستیان دەستکەوت، هەروەها بەسودوەرگرتن لەفۆرمی زانیاریی چەند توێژینەوەیەکی پێشوو لەو بوارەدا[22]،توێژەران فۆرمێکی زانیاریی داخراویان بەشێوەیەکی سەرەتایی

ئامادەکرد[٢٢] و خستیانە بەردەم سەرپەرشتیارو چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ لەبوارەکانی کۆمەڵناسیو دەروونناسیو یاساییو چەند بوارێکی تردا[٢٤].

دوای ئەوەی لەلایەن سەرجەم ئەو مامۆستایانەوە تێبینی پێویست خرایەڕوو زیادوکەمیی بۆ کرا، توێژەران جارێکی تر شکڵی کۆتایی فۆرمەکەیان داڕشت[٢٥]. سەرجەم فۆرمەکان راستەوخۆ لەلایەن توێژەرانەوە لەنێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا پڕکراونەتەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی نموونەکە نەخوێندەواربوون.

**تەوەری پێنجەم:** پرسیارەکانی ئەم تەوەرەیە تایبەت بوو بەکاریگەریی ئەنفال بۆ سەر رەوشی خێزان.

**تەوەری شەشەم:** تایبەتە بەپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال‌و ئاستی خۆگونجاندنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەگەڵ کۆمەڵگاو ئەو ژینگە نوێیەی کە لەدوای ئەنفال بۆی راگوێزراوە.

**تەوەری حەوتەم:** پرسیارەکانی ئەم تەوەرەیە تایبەت بوو بەپەروەردەی منداڵ‌و ئاستی خوێندەواریی منداڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال‌و رادەی گوێڕایەڵیی‌و چوونە نێو ژیانی هاوسەرییەوە لەلای منداڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

**تەوەری هەشتەم:** لەکۆمەڵێک پرسیار پێکهاتبوو دەربارەی کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری دەرونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

**تەوەری نۆیەم:** ئەم تەوەرە لەکۆمەڵێک پرسیار پێکهاتبوو سەبارەت بەرادەی هاوکاریی‌و یارمەتی حکومەت‌و رێکخراوەکان بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال‌و داواکاریی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەحکومەت‌و رێکخراوەکان.

**تەوەری دەیەم:** کۆمەڵێک پرسیاری لەخۆگرتبوو سەبارەت بەئاستی تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال‌و ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال.

## سێیەم/ کەرەسنە ئامارییەکان:

١-رێژەی سەدیی: ئەم ئامرازە سوودمەندە بۆ دیاریکردنی رێژەی هەر بەشێك لەچاو بەشەکانی تردا (الحسن،١٩٨٢: ١٠١).بەپێی ئەم یاسایە:

بەش \ کۆ×١٠٠= رێژەی سەدیی

٢-ناوەندی ژمێرەیی: کرۆی ئەو زانیارییە ئامارییانەیە کە پەیوەندیی بەبابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە وەك رێژەی کرێ یان نمرەو تەمەن (الحسن،١٩٨٢: ١٠٢-١٠٣) بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

سَ =ص+ت س÷ن×م

سَ =بەهای ناوەندی ژمێرەیی

ص=خاڵی سەرەکیی هەڵبژێردراو

ت س=بەها لێکدراوە دوبارەبووەکان

ن=کۆی چەند یەکەیەکی دیاریکراو

م=ئاست(فئة)

چوارەم/ ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەک گیروگرفتو ئاستەنگی دێتەڕێ، ئەم توێژینەوەیەش وەک توێژەران چاوەڕێیان دەکرد کۆمەڵێک ئاستەنگو گرفتی هاتەڕێ کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:

١-دووریی توێژەران لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەوە، کە وایکردبوو توێژەران بەئاسانی دەستیان نەگاتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٢-نەبوونی هۆکاری گواستنەوەی تایبەتی بۆ ئەو شوێنە دورانە، ئەمەش وایکرد کارەکان تاڕادەیەک بەسستی بچنە پێشەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەی کە توێژەران چاوەڕێیان دەکرد ببێتە کۆسپ لەبەردەمیاندا بەپێچەوانەوە لەئەنجامی ئامادەکاریی و بەکارهێنانی چەند ڕێوشوێنێکی گونجاو توانییان پێشوازیی ژنی پاشماوەی ئەنفال بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەدەستبهێنن.

# بەشی پێنجەم
# ختنەڕووی خشتەکان و شیکردنەوەیان

تەوەری یەکەم: زانیاری گشتی

تەوەری دووەم: کاریگەری ئەنفال لەسەر خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری سێیەم: باری ئابووریی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری چوارەم: کاریگەریی کارکردن لەسەر منداڵ و ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری پێنجەم: کاریگەریی ئەنفال لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری شەشەم: کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری حەوتەم: کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری تەندروستیی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری هەشتەم: ئاستی خزمەتگوزاریی حکومەت و رێکخراوەکان بۆ خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

تەوەری نۆیەم: کاریگەریی ئەنفال لەسەر پەروەردەی منداڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال

## تەوەری یەکەم: زانیاریی گشتی

### خشتەی ژمارە(١) تەمەن و ساڵی هاوسەرایەتی نموونەکە دەخاتەروو[٢]

| ساڵی لەدایکبوون | ١٩٤٠ بەرەو خوار | | ١٩٤١-١٩٥٠ | | ١٩٥١-١٩٦٠ | | ١٩٦١-١٩٧٠ | | ١٩٧١ بەرەو سەر | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵی هاوسەرایەتی | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ١٩٤١-١٩٥٠ | ١ | ٠٫٨ | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ١ | ٠٫٨ |
| ١٩٥١-١٩٦٠ | ١ | ٠٫٨ | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ** | ١ | ٠٫٨ |
| ١٩٦١-١٩٧٠ | ١ | ٠٫٨ | ٤ | ٣٫٢ | ٤ | ٣٫٢ | ** | ** | ** | ** | ٩ | ٧٫٢ |
| ١٩٧١-١٩٨٠ | ٢ | ١٫٦ | ٨ | ٦٫٤ | ٣٧ | ٢٩٫٦ | ١٢ | ٩٫٦ | ** | ** | ٥٩ | ٤٧٫٢ |
| ١٩٨١-١٩٨٨ | ** | ** | ** | ** | ١٥ | ١٢ | ٣٧ | ٢٩٫٦ | ٣ | ٢٫٤ | ٥٥ | ٤٤ |
| کۆی گشتی | ٥ | ٤ | ١٢ | ٩٫٦ | ٥٦ | ٤٤٫٨ | ٤٩ | ٣٩٫٢ | ٣ | ٢٫٤ | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت ڕێژەی ٨٤٪ی نموونەکە ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٥١-١٩٧٠لەدایکبوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی زۆری ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەسەردەمی پرۆسەی ئەنفالدا لەپێش تێپەڕینی تەمەنی منالبوونەوەبوون، هەروەها لەخشتەکانی پاشترەوە دەردەکەوێت ٩٦٪ی ئەم ژنانە شوویان نەکردۆتەوە، لێرەشەوە هەست بەو ئەنجامە دەکەین کە لەپشت پرۆسەی ئەنفالەوە ئامانجی دیمۆگرافیی و کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان هەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا. هەر لەهەمان خشتەدا دەردەکەوێت ڕێژەی٠,٨٪ی نموونەکە ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٤١-١٩٥٠ دا چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە ٠,٨٪ی نموونەکە ئەوانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٥١-١٩٦٠چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوەو ڕێژەی ٧,٢٪ی نموونەکە ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٦١-١٩٧٠چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوەو ڕێژەی ٤٧,٢٪ی نموونەکەش ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٧١-١٩٨٠چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوەو ڕێژەی ٤٤٪ی نموونەکەش ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی ١٩٨١-١٩٨٨دا چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە، واتە ڕێژەی ٩١,٢٪ نموونەکە ئەو ژنانەن کە لەماوەی سالانی١٩٧٠-١٩٨٨ شوویان کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژنی پاشماوەی ئەنفال بەڕێژەیەکی گەورە ئەو ژنانە پێکدەهێنێت کە تاڕادەیەك خێزانەکانیان نوێبوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال لەپلەی یەکەمدا کاریگەریی هەبووە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزانی نوێو بێشیرازەبوونو هەڵوەشاندنەوەی ئەو خێزانانە، هەروەها دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٩,٦٪ی ئەو ژنانەی ماوەی لەسالانی ١٩٦١-١٩٧٠دا لەدایکبوون، لەماوەی سالانی ١٩٧١-١٩٨٠ شوویانکردووەو ڕێژەی ٢٩,٦٪ ی ئەو ژنانەی لەماوەی سالانی١٩٥١-١٩٦٠ لەدایکبوون، لەماوەی سالانی١٩٨١-١٩٨٨ شوویان کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی زۆری ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەتەمەنی ١٩ سالیدا چوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە، شوکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەم تەمەنە زووەدا پەیوەندیی بەداب‌ونەریتی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە کە تاڕادەیەك لەتەمەنێکی زوودا کچانیان خستۆتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە.

خشتەی ژمارە(٢) ئاستی خوێندەواریی نموونەکە پیشان دەدات

| ئاستی خوێندەواریی | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| نەخوێندەواریی | ١١٢ | ٨٩,٦ |
| سەرەتایی | ٧ | ٥,٦ |
| ئامادەیی | ٦ | ٤,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٨٩,٦٪ی نموونەکە خوێندەوارییان نییە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بەشی هەرەزۆری ژنی مێرد ئەنفالکراو نەخوێندەوارەو ئەم نەخوێندەوارییەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی بواری خوێندن لەلادێکانی گەرمیاندا بەتایبەتی بۆ کچان کە تاکو رادەیەکی زۆر داب ونەریت لەکۆندا ڕێگەی بەخوێندن نەدابوو هەروەها دەرخەری ئەو راستییەشە کە حکومەتی عیراق وەکو پێویست بایەخی بەخوێندن نەداوە لەگوندەکانی گەرمیاندا، دیارە نەخوێندەواریی لەلای ژنی مێرد ئەنفالکراو کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر ئاستی وشیاریی و پەروەردەکردنی منداڵ و گونجانی لەگەڵ باروذۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە لە٥,٦٪ی ژنی مێرد ئەنفالکراو دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخساوە کە قۆناغی سەرەتایی بڕن و لە٤,٨٪ی ژنی مێرد ئەنفالکراو تاکو قۆناغی ئامادەییان بڕیوە، ئەم ڕێژە کەمەش لەژنانی مێرد ئەنفالکراو دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخساوە کە لەو دوو ناحیەدا کە ئێستا تیایدا دەژین کارو وەزیفەی ئیداریی و ڕێکخراوەیی و تەنانەت سیاسیش بگرنەدەست.

خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەکە لەدوای پرۆسەی ئەنفال ڕوندەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| ١-٣ | ٤١ | ٣٢,٨ |
| ٤-٦ | ٦٠ | ٤٨ |
| ٧-٩ | ٢٣ | ١٨,٤ |
| ٩-١٢ | ١ | ،٨. |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |
| ناوەندی ژمێرەیی | ٤,١٦ | |

لەخشتەی ژمارە(٣)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣٢,٨٪ی نموونەکە ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لەنێوان (١-٣)دایەو ناوەندی ژمێرەیی بۆ ئەندامانی خێزانی نموونەکەش (٤,١٦)یە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قەبارەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال مام ناوەندییە.

خشتەی ژمارە (٤)پلەی خزمایەتی لەنێوان نموونەکەو مێردە (ئەنفالکراوەکانیان)ڕوندەکاتەوە

| پلەی خزمایەتی | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| ئامۆزا | ٢٦ | ٢٠,٨ |
| خزمی نزیك | ٦١ | ٤٨,٨ |
| خەڵکی یەك گوند | ٨ | ٦,٤ |
| بێگانە | ٣٠ | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی لە٢٠,٨٪ی نموونەکە لەڕووی پلەی خزمایەتییەوە لەگەڵ مێردە ئەنفالکراوەکانیاندا ئامۆزان، ئەمەش بەدیویێکدا دەرخەری ئەو جۆرەیە لەهاوسەرایەتی کە هاوسەرایەتی داخراوەو

لەگوندنشینی کوردیدا باوبووە، بەدیوێکی تریشدا ئەم نزیکییە کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر پەیوەندییە دەرونییو کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی ژنی مێرد ئەنفالکراو. هەروەها لەهەمان خشتەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٤٨,٨٪ی نموونەکە خزمی نزیکی یەکتربوونو ڕێژەی ٦,٤٪ی نموونەکە لەگەڵ مێردی ئەنفالکراودا خەڵکی یەك گوندبون، بەلام ڕێژەی ٢٤٪ی نموونەکە لەگەڵ مێردە ئەنفالکراوەکانیاندا هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتیان نەبووە.دیارە بوونی ئەم نزیکایەتییە لەنێوان ژنانو مێردە ئەنفالکراوەکانیاندا کۆمەڵێك دیاردەو کێشەی نوێی لێکەوتۆتەوە بەتایبەتی بەهۆی ئاڵۆزیی بەیەکداچوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە.

خشتەی ژمارە (٥) شوێنی نیشتەجێبونی نموونەکە پێش پرۆسەی ئەنفال روندەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| گوند | ١١٩ | ٩٥,٢ |
| ناحیە | ٦ | ٤,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٩٥,٢٪ی نموونەکە پێش پرۆسەی ئەنفال لەگونددا ژیاونو ڕێژەی ٤,٨٪ی نموونەکە پێش پرۆسەی ئەنفال لەناحیەدا ژیاون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی زۆری ئەو خێزانانەی بەر پەلامارەکانی شالاوی ئەنفال کەوتوون گوندەکانی ناوچەی گەرمیان بوونو بەپلەی یەکەم گوندنشینەکان زیانمەندبوون لەم پرۆسەیەدا. ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئەنفال کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر تێکدانی ژینگەی سروشتیو کۆمەلایەتی ئەو خێزانانە، چونکە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە هەموو ئەو خێزانانە لەشوێنی بنەرەتیی خۆیان هەڵکەنراونو پەستێوراونەتە ئۆردوگا دوورە دەستەکانەوەو تائێستاش لەنێو ئەو ئۆردوگایانەدا ژیان دەبەنەسەر، دیارە کە باس لەگۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی

گوند بۆ ئۆردوگا دەکەین ئەوە ئاشکرایە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا هەیە، ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەرهەڵدانی هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتیو تەنانەت دیاردەی دزێویش لەنێوان ئۆردوگاکاندا، ئەم گواستنەوەیە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە خەڵکەکەی لەگەڵیدا راهاتوون بۆ ژینگەیەك کە لەوەوپێش پێی ئاشنا نەبوون، سەرەڕای دروستکردنی نەگونجانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا پاڵنەریشبوو بۆ دەرکەوتنو سەرهەڵدانی چەندین گرفت کە هەموویان بەسلبی بەسەر ژیانی ئەو خێزانانەدا شکاونەتەوە، ئەگەر چی لەقۆناغی دواتردا نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە هەڵگری کۆمەڵێك ئیجابیاتیش بووە وەك: رەخساندنی هەل کرانەوەو تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیو.. هتد، کە دیارە گەر بەسلبیاتەکانی بەراوردی بکەین ئەوا ئەم ئیجابیاتانە زۆر کەمترن.

**خشتەی ژمارە(٦) جێگای نیشتەجێبوونی نموونەکە لەڕووی خاوەندارییەوە دەخاتەڕوو**

| جۆری خاوەنداریی | خانوی کەس وکار | خانوی کرێ | هی خۆ | خانوی حکومەت | لەگەڵ کەسوکاردا دەژی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤٣ | ٣٧ | ٢٩ | ١٤ | ٢ | ١٢٥ |
| ڕێژە٪ | ٣٤,٤ | ٢٩ | ٢٣,٢ | ١١ | ١,٦ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٦)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣٤,٤٪ی نموونەکە لەخانوی کەس وکارو ڕێژەی ٢٩٪ لەخانووی کرێو ڕێژەی١١٪ لەخانووی حکومیدا دەژین، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە یەکێك لەکێشە گەورەکانی نموونەکە بریتییە لەنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش بەچەندین شێوە بەسەر ژیانی خێزانە ئەنفالکراوەکاندا ڕەنگدانەوەی سلبی هەبووە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین لەڕووی چۆنێتیشەوە زۆربەی ئەو خانوانەی کە خێزانی ژنی مێرد ئەنفالکراوی تێدا دەژی سادەو ساکارنو هیچ مەرجێکی تەندروستیو ئەندازیاریان تێدانییەو لەباشترین حاڵەتدا لەدوو ژوری بەبەردوگەچ یان بەبلۆکوگەچ دروستکراوەو پێکدێتو سەربانەکانیشیان بەگڵ داپۆشراوە.

## تەوەری دووەم:

## کاریگەریی ئەنفال لەسەر خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

خشتەی ژمارە (٧) ژیان و رەوشی نموونەکە روندەکاتەوە

لەڕووی شێوازی ژیانەوە لەپێش پرۆسەی ئەنفال و پاش پرۆسەی ئەنفال

| ژیانی نموونەکە پێش ئەنفال | | | ژیانی نموونەکە پاش ئەنفال | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژیان لەماڵی سەربەخۆ | ژمارە | ڕێژە٪ | ژیان لەگەڵ منالّی خۆ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| | ٩٥ | ٧٦ | | ٩٤ | ٧٥,٢ |
| باوکی مێرد(خەزور) | ٣٠ | ٢٤ | کەس‌وکاری خۆ | ٢١ | ١٦,٨ |
| | | | کەس‌وکاری مێرد | ٤ | ٣,٢ |
| | | | مێردی تازە | ٥ | ٤ |
| | | | تەنیا | ١ | ٠،٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ | کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٧)دا دەردەکەوێت کە ٧٦٪ی نموونەکە پێش ئەنفال لەماڵی سەربەخۆدابوون و ٢٤٪یان لەگەڵ ماڵی خەزووریان بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ژنی مێرد ئەنفالکراو لەپێش ئەنفالدا تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ماڵوحاڵی خۆیان هەبێت و خاوەنی خێزانی سەربەخۆی خۆیانبن لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت و ئەم ژنانە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە هاوسەریی ژیان لەدەست دەدەن. لەئەنجامی ئەمەدا ٧٥,٢٪ یان لەگەڵ منالّەکانیاندا ژیان بەسەر دەبەن و لە ١٦.٨٪یان دەگەڕێنەوە لای کەس‌وکاریان و لە ٣,٢٪یان دەچنە ناو خێزانی مێردەکانیانەوە و لە ٤٪یان شودەکەنەوە و لەگەڵ مێردی تازەدا ژیانیان دەگوزەرێنن و لە ٨،٠٪ یان بەتەنیا دەژین، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ئەنفال لەڕووی شێوازی ژیانەوە بەتەواویی کاری کردۆتەسەر خێزانی ژنی مێرد ئەنفالکراوو شێوەو شکڵی دیکەی پێبەخشیووە، لەئەنجامی ئەمەشدا

ئەم خێزانانە رووبەڕووی چەندین کێشەی جۆربەجۆر بوونەتەوەو زۆرجاریش بۆتەهۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزانەکانیان تێکبچێتو دەستی کار (بژێویی پەیداکەر)کە لەکۆمەڵگەی کوردیداو بەتایبەتی لەو سەردەمەی پرۆسەی ئەنفالدا (١٩٨٨) کە باوک بووە لەخێزاندا نەمێنێت، ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی بووە لەکۆمەڵگای کوردیدا.

**خشتەی ژمارە(٨) رەوشی نموونەکە سەبارەت بەپێکهێنانەوەو پێک نەهێنانەوەی ژیانی هاوسەریی دیاریدەکاتو هۆکارەکانیان دەخاتەڕوو**

| شوکردنەوە | | هۆکارەکانی | ژمارە | ریژە٪ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥ | دەستپێکردنەوەی ژیانی نوێ | ٤ | ٢٨٥ |
| | | رزگار بوون لەتەشەری خەڵکی | ٣ | ٢١٤ |
| | | گونجاوی تەمەن | ٣ | ٢١٤ |
| ریژە٪ | ٤ | دابینکردنی بژێوی ژیان | ٢ | ١٤٣ |
| | | ناچارکردن بەشوکردنەوەلەلایەن ماڵەخەزوورانەوە | ١ | ٧١ |
| | | خۆپاراستن لەلادانی کۆمەڵایەتی | ١ | ٧١ |
| کۆی گشتی | | | *١٤ | ١٠٠ |
| **شونەکردنەوە** | | **هۆکارەکانی** | **ژمارە** | **ریژە٪** |
| ژمارە | ١٢٠ | پەروەردەی منداڵ | ٩٠ | ٣٨٦ |
| | | چاوەروانی مێردی ئەنفالکراو | ٨٠ | ٣٤٣ |
| | | داب ونەریت وتەشەری خەڵکی | ٢٩ | ١٢٤ |
| ریژە٪ | ٩٦ | بەسەرچونی تەمەن | ٢٥ | ١٠٧ |
| | | نەبونی داواکاری | ٨ | ٣٤ |
| | | گرفتی یاسایی | ١ | ٠.٣ |
| کۆی گشتی | | | □ ٢٢٣ | ١٠٠ |

*لێرەدا زیاتر لەهۆکارێك هەبووە بۆ شوکردنەوە

□ لێرەدا زیاتر لەهۆکارێك هەبووە بۆ شوونەکردنەوە

لەخشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت ڕێژەی ٩٦٪ی نموونەکە لەدوای پرۆسەی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی مێردەکانیان تاکو ئێستا شوێیان نەکردۆتەوەو بەبێ مێرد ماونەتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەشی هەرەزۆری ژنی مێرد ئەنفالکراو نەیتوانیووە یاخود نەیویستووە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا پێکبهێنێتەوە وەکو دەردەکەوێت ٣٨,٦٪ ی نموونەکە هۆکاری شوونەکردنەوەیان بەهۆی پەروەردەکردنی منالەوەیەو ڕێژەی ٣٤,٣٪ بەهۆی چاوەڕوانیکردنی مێردەکانیانەوەیەو لەلای١٢,٤٪ی نموونەکە دابونەریت ڕێگربووە لەبەردەم ئەم کارەیانداو ڕێژەی لە١٠,٧٪ بەهۆی بەسەرچوونی تەمەنی شوکردنەوەبووە، ئەمەش لەکاتێکدا بەتەنها ٤٪ی نموونەکە لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە شویان کردۆتەوە هۆکاری ئەم شوکردنەوەیەش بۆ چەند پاڵنەرێك دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك ٢٨,٥٪ی نموونەکە پێیانوابووە لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ژیانێکی نوێ دەستپێبکەنەوەو ڕێژەی لە ٢١,٤٪ هۆکاری شوکردنەوەیان بۆ هەریەکە لەگونجاویی تەمەن و ڕزگاربوون لەتەشەری خەڵکیی دەگێڕنەوە.

خشتەی ژمارە (٩)سەرۆکی خێزانی نموونەکە پێش ئەنفال و پاش ئەنفال دیاریدەکات

| سەرپەرشتیکەری خێزان | پێش ئەنفال | | پاش ئەنفال | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە ٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| مێرد | ١١٨ | ٩٤,٤ | ****** | ****** |
| باوکی مێرد | ٤ | ٣,٢ | ١ | .،٨ |
| باوکی ژن | ٢ | ١,٦ | ٧ | ٥,٦ |
| خۆت | ١ | .،٨ | ١٠٣ | ٨٢,٤ |
| برا | ****** | ****** | ١ | .،٨ |
| منالّ | ****** | ****** | ٨ | ٦,٤ |
| مێردی تازە | ****** | ****** | ٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٩)دا دەردەکەوێت لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا ٩٤,٤٪ی نموونەکە مێرد سەرۆکی خێزان بووەو ڕێژەی ٨.،٪ی نموونەکەش خۆیان سەرۆکی خێزان بوون، کەچی لەدوای پرۆسەی ئەنفال ئەم ڕێژەیە بەتەواویی

گۆڕانی بەسەردادێت و ڕێژەی ٨٢,٤٪ی نموونەکە خۆیان دەبنە سەرۆکی خێزان، ئەمەش ئەو کاریگەرییە نیشاندەدات کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە لەخێزان و دەسەڵاتی ناو خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رووی داوەو وایکردووە کە بەڕێژەیەکی زۆر ژنان ببنە سەرپەرشتیاری خێزان، لەکاتێکدا لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا وەك دەردەکەوێت لەزۆربەی خێزانەکاندا پیاو سەرپەرشتیکەرو سەرۆکی خێزان بووە، کە حاڵەتێکی سروشتی نێو کۆمەڵگەی کوردی بووە، پاشان باوکی مێرد دێت بەپلەی دووەم بەهۆی نیشتەجێبونی کورو ژنی کور لەگەڵ ماڵی باوکی کە تاڕادەیەك لەگوندنشینی کوردیدا باوبووە، هەروەك لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا تەنها ٨,٠٪ی ژنان سەرۆکی خێزانەکانیان بوون، بەڵام دوای پرۆسەکە ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێت بۆ ٨٢,٤٪ی ژنان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جێگۆڕکێیەکی گەورە لەخێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا رویداوە بەنسبەت سەرۆکی خێزانەوە، چونکە لەدوای ئەم پرۆسەیە ژنان ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتی خێزانیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا حاڵەتێکی ئاسایی نییە. هەر لەبەر ئەم نائاساییی بوونەشە کە ژنان لەم ئەرکەیاندا رووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی و دەبنەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە منالیش بەشێکی گەورەی ئەم ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆ، هەروەها بەهۆی گەڕانەوەی ژنی پاشماوەی ئەنفال بۆ نێو کەس وکاری خۆی لەدوای ئەنفالکردنی مێردەکەی سەرۆکایەتی باوکی ژن بۆ خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەدوای ئەنفال زیاد دەکات بۆ ٥,٦٪.

**خشتەی ژمارە (١٠) گرفتی خێزانی نموونەکە دەخاتەڕوو**

| گرفتی خێزان | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون | ١٠٤ | ٨٣,٣٢ |
| خراپیی باری ئابووریی | ٩٩ | ٧٩,٢ |
| بێشیرازەبوونی خێزان | ٢٤ | ١٩,٢ |

*لێرەدا ئەندامانی نموونەکە زیاتر لەگرفتێکیان دیاریکردووە، هەروەها ڕێژەکان بەپێی ژمارەی نموونەکە دەستنیشانکراوە.

لەخشتەی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٨٣,٣٢٪ ی نموونەکە گرفتی خێزانەکانیان بریتییە لەنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گرفتی سەرەکیی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال یان ئەو خێزانەی کە ژنی پاشماوەی ئەنفال سەرپەرشتی دەکات بەپلەی یەکەم بریتییە لەنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، کە بەپێداویستییەکی گرنگی ژیان دادەنرێت، هەروەها گرفتی دووەمی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال بریتییە لەخراپیی باری ئابووریی کە ٧٩,٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال دەگرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم خێزانانە بژێویی پەیداکەری سەرەکیی خێزانیان لەدەستداوە (کە تاکو ئێستا ئەم ئەرکە لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر شانی مێردە)، هەروەها ئابلۆقەی چەندجارەی سەرعیراق و ناوچەکەو دەست نەکەوتنی کار بۆ ئەم ژنانەو تەنانەت بۆ منداڵەکانیشیان هەموو هۆکارن بۆ خراپیی باری ئابووریی لەلای ژنی پاشماوەی ئەنفال هەروەک دەردەکەوێت گرفتێکی دیکەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال بریتییە لەبێشیرازەبوونی خێزان و تێکچوونی سستمی نێو خێزانەکانیان، ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەمە پەیوەندیی بەو گۆڕانە کتوپڕەوەبێت کە لەئیدارەو دەسەڵاتی ناو خێزاندا ڕویداوە بەدیارنەمانی باوک لەخێزاندا.

## تەوەری سێیەم:

## باری ئابووریی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

### خشتەی ژمارە(١١)پیشەی نموونەکە پێش و پاش شاڵاوەکانی ئەنفال روندەکاتەوە

| پیشەکان | پێش ئەنفال | | دوای ئەنفال | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | رێژە٪ | ژمارە | رێژە٪ |
| کاری ماڵەوە | ٨١ | ٢٩,٨ | ٩٩ | ٥٥ |
| جوتیاریی | ٧٦ | ٢٧,٩ | ١٠ | ٥,٦ |
| ئاژەڵداریی | ٨٥ | ٣١,٣ | ١٥ | ٨,٣ |
| کرێکاریی | ٩ | ٣,٣ | ٢٥ | ١٣,٩ |
| کاری دەستیی | ٢١ | ٧,٧ | ١٦ | ٨,٩ |
| فەرمانبەریی | ****** | ****** | ١٥ | ٨,٣ |
| کۆی گشتی | ٢٧٢* | ١٠٠ | ١٨٠* | ١٠٠ |

*هەریەکێك لەئەندامانی نموونەکە زیاتر لەپیشەیەکیان کردووە.

*هەریەك لەئەندامانی نموونەکە زیاتر لەپیشەیەك دەکەن.

لەخشتەی ژمارە(١١)دا دەردەکەوێت کە لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا ژنی پاشماوەی ئەنفال بەرێژەیەکی زۆر لەدەرەوەی ماڵ کاری جوتیاریی و ئاژەڵداریی و کاری دەستییان کردووە، دیارە هەموو ئەم پیشانە لەگەڵ پیشەی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی گوندنشینی گەرمیان گونجاون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژنی مێرد ئەنفالکراو لەپێش ئەنفالدا تارادەیەکی زۆر هاوکارو یارمەتیدەری پیاوبوون لەئیش و کاری ئابووریی خێزاندا، کەچی رێژەی ئەم پیشانە لەدوای پرۆسەی ئەنفال و راگوێزانیان لەگوندەکانەوە بۆ ئۆردوگاکان دەگۆڕێت و شێوەی تر وەردەگرێت بەجۆرێك ٥٥٪ی نموونەکە تەنها کاری ماڵەوە دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە لەسەر گۆڕینی پیشەی ژنی پاشماوەی ئەنفال کە

لەگرنگترین ئاماژەکانی زیادبوونی کاری ماڵەوەیە لەلای ژنی پاشماوەی ئەنفال و کەمبوونەوەی پیشەی جوتیاریی و ئاژەڵداریی و زیادبوونی ڕێژەی کرێکارییە لەدوای پرۆسەی ئەنفال و پەیدابوونی پیشەی فەرمانبەرییە وەك دەرهاویشتەی ژیانی ئیداریی نێو ئۆردوگا، دیارە ئەم گۆڕانە کاریگەریی سلبی هەبووە لەسەر بارودۆخی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و تەنانەت جەستەیی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

**خشتەی ژمارە (١٢) سەرچاوەی داهاتی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دەخاتەڕوو**

| سەرچاوەی داهاتی خێزان | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| یارمەتی حکومەت | ١٢٠ | ٥٦ |
| کرێکاریی | ٣٧ | ١٧ |
| یارمەتی ڕێکخراوەکان | ٢٣ | ١١ |
| موچەی فەرمانبەریی | ١٥ | ٧ |
| یارمەتی پێشمەرگەیی | ٨ | ٤ |
| داهاتی کاری دەستیی | ٦ | ٣ |
| یارمەتی کەس وکار | ٥ | ٢ |
| کۆی گشتی | *٢١٥ | ١٠٠ |

*لێرەدا زیاتر لەسەرچاوەیەکی داهات هەیە.

لەخشتەی ژمارە (١٢)دا دەردەکەوێت یارمەتی حکومەت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالەو بڕی ئەم داهاتەش لە٢٠٠ دینار تێناپەڕێت، ئەم بڕە داهاتەش ناتوانێت لانی کەمی پێداویستییەکانی ئەو خێزانانە پڕبکاتەوە، لەدوای ئەمیش کرێی کار وەك دووەم سەرچاوەی داهات دێت و ڕێژەی ١٧٪ی داهاتی نموونەکە پێکدەهێنێت، هەروەها ڕێژەی ١١٪ی نموونەکە سود لەیارمەتی ڕێکخراوەکان وەردەگرن و

لەرووی سەرچاوەی داهاتی ئەو خێزانانەوە بەپلەی سێیەم دێت دوای ئەویش مووچەی فەرمانبەریی بەرێژەی ٦٪ داهاتی ئەم خێزانانە پێکدەهێنێت، ئەمانەش کۆمەڵە سەرچاوەیەکی دارایین کە لەپێش پرۆسەی ئەنفالداو لەگوندنشینی گەرمیاندا بوونیان نەبووە.

خشتەی ژمارە(١٣)داهاتی مانگانەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە

رووندەکاتەوە

| داهاتی مانگانەی خێزان بە(دینار) | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| ٢٠٠-٤٠٠ | ١٠٢ | ٨١,٦ |
| ٤٠٠-٦٠٠ | ١٥ | ١٢ |
| ٦٠٠-٨٠٠ | ٥ | ٤ |
| ٨٠٠-١٠٠٠ | ٢ | ١,٦ |
| ١٠٠٠بەرەو ژوور | ١ | ٠,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |
| ناوەندی ژمێرەیی | ٢٥٥,٥ | |

لەخشتەی ژمارە(١٣)دا دەردەکەوێت کە بەرزترین رێژەی داهاتی مانگانەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەنێوان (٢٠٠-٤٠٠)دیناردایە کە رێژەیان لە٨١٪ی کۆی نموونەکە دەبێت. هەروەك ناوەندی ژمێرەیی بۆ داهاتی مانگانەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال ٢٥٥,٥ دینارە بۆ هەرخێزانێك، ئەمەش ئەو بارودۆخە خراپە نیشاندەدات کە ئەو خێزانانە هەیانە لەرووی ئابوورییەوە. دیارە ئەو برە پارەیە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانێت لانی کەمی پێداویستییەکانی خێزان پڕبکاتەوە. بێگومان خراپیی ئەم حاڵەتە ئابوورییە راستەوخۆ لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو خێزانانە رەنگدانەوەی سلبی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ خۆیدا چەندین دیاردەو گرفتی تر دەهێنێت.

**خشتەی ژمارە(١٤) کەسی ئیشکەر لەخێزانی نموونەکە دیاریدەکات**

| کەسی ئیشکەر لەخێزاندا | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| خۆت | ٤٢ | ٣٣,٦ |
| مناڵ | ٤٠ | ٣٢ |
| هیچ کەس | ٢٥ | ٢٠ |
| باوك | ٧ | ٥,٦ |
| برا | ٦ | ٤,٨ |
| مێردی تازە | ٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(١٤)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣٣,٦٪ی نموونەکە خۆیان کەسی ئیشکەرن لەخێزاندا، ئەمەش مانای وایە کە لەبەشێکی گەورەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ژنان بژێویی پەیداکەری یەکەمی خێزانن، دیارە ئەمە کاریگەرییەکی دیکەی پرۆسەی ئەنفالە کە وای کردووە بەرپرسیارێتی پەیداکردنی بژێویی خێزان بکەوێتە ئەستۆی ژن، لەکاتێکدا لەپێش پرۆسەی ئەنفالداو لەگوندنشینی کوردیدا ئەم ئەرکە بەپلەی یەکەم لەئەستۆی پیاو(مێرد)دابووە. هەروەها دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣٢٪ی نموونەکە کەسی ئیشکەر لەخێزانەکانیاندا منالە، لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە منال لەنێو خێزانی پاشماوەی ئەنفالدا ڕووبەڕووی چ ئەرکێکی قورس و گران دەبێتەوە، کە شاندانە بەر کاری قورس و پڕ مەترسییە لەپێناوی دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزاندا، هەرلێرەشەوە دەتوانین درك بەوە بکەین کە منال لەخێزانی پاشماوەی ئەنفالدا لەچ بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین بەهۆی کارکردنەوە کە دیارە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر لایەنی دەروونیی و کۆمەلایەتی و جەستەیی منالی پاشماوەی ئەنفال و دوریش نییە چوونە مەیدانی کارکردنەوە لەم تەمەنەدا ببێتەهۆی ڕووبەڕوونەوەیان بەچەندین ڕوداوی کارەساتبارو لادانی کۆمەلایەتی.

خشەی ژمارە(١٥)کارکردنی نموونەکە ڕووندەکاتەوە لەدەرەوەی

چوارچێوەی ماڵ

| وەڵام | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| نەخێر | ٨٥ | ٦٨ |
| بەڵی | ٤٠ | ٣٢ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(١٥)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٦٨٪ی نموونەکە لەدەرەوەی ماڵ کار ناکەن و کارکردنیان لەچوارچێوەی ماڵدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرزی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆریان سەرۆکی خێزانن پشکیان نییە لەپەیداکردنی داهاتی خێزاندا، لەکاتێکدا لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا لەدەرەوەی ماڵ کاریانکردووە بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لەپەیداکردنی بژێویی خێزاندا، بەڵام ڕێژەی ٣٢٪ی نموونەکە کاردەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕێژەیەك لەژنی پاشماوەی ئەنفال لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن و خۆیان سەرچاوەی یەکەمی داهاتی خێزانەکانیانن، دیارە کارکردنی ژنانیش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی ژنی مێرد ئەنفال کراو کە پشکیان هەبووە لەپەیداکردنی ئابووریی خێزانەکانیاندا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی هەبووە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ژنان بکەونە چوارچێوەی ماڵ، دیارە ئەمەش کاریگەریی لەسەر باری ئابووریی و دەروونیشیان بەجێدەهێڵێت.

خشتەی ژمارە (١٦) جۆری کارەکانی ئەو بەشەی نموونەکە دەخاتەڕوو

کە لەدەرەوە کاردەکەن

| ڕێژە ٪ | ژمارە | جۆری کار |
| --- | --- | --- |
| ٥٠ | ٢٥ | کرێکاریی |
| ٣٠ | ١٥ | فەرمانبەریی |
| ١٤ | ٧ | کاری دەستی |
| ٤ | ٢ | قاچاغچێتی |
| ٢ | ١ | دوکانداریی |
| ١٠٠ | *٥٠ | کۆی گشتی |

*هەندێك لەنموونەکە زیاتر لەکارێك دەکەن.

لەخشتەی ژمارە(١٦)دا دەردەکەوێت کە بەشی هەرەزۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەو کارانە دەکەن کە پێشترو لەگوندا نەبوون یان کۆمەڵێك کار دەکەن کە لەگەڵ پێکهاتەی فیسیۆلۆژیی و جەستەییاندا ناگونجێت وەك کرێکاریی کە٥٠٪ی کاری ئەو ژنانە پێکدەهێنێت یاخود کاری پڕ مەترسین وەك قاچاغچێتی کە٤٪ی کاری ئەو ژنانە پێکدەهێنێت، دیارە ئەم کارانەش ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر تەواوی ژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفال، ئەمە جگەلەوەی بەشێکی زۆری ئەو پیشانە بەنسبەت ژنی پاشماوەی ئەنفالەوە تازەبوونو پێشتر لەگوندا بوونیان نەبورە، بەڵکو ئەوە ژیانی نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان بووە کە ژنانی ناچاری ئەم پیشانە کردووە.

خشتەی ژمارە(١٧) ماوەی کارکردنی ڕۆژانەی نموونەکە نیشاندەدات

| ڕێژە ٪ | ژمارە | ماوەی کارکردن بە(سەعات) |
| --- | --- | --- |
| ٢٥ | ١٠ | ١-٤ |
| ٤٢,٥ | ١٧ | ٥-٨ |
| ٣٢,٥ | ١٣ | ٩..زیاتر |
| ١٠٠ | ٤٠ | کۆی گشتی |
| ٦,٨ | | ناوەندی ژمێرەیی |

لەخشتەی ژمارە(١٧)دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی بۆ کارکردنی رۆژانەی نموونەکە ٦,٨ سەعات–ە، دیارە کارەکانیش جیاوازو جۆراوجۆرن؛ ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر باری دەرونیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ژنی پاشماوەی ئەنفال دەخاتەوە.

## تەوەری چوارەم:

## کاریگەریی کارکردن لەسەر منداڵ و ژنی پاشماوەی ئەنفال

**خشتەی ژمارە(١٨) ئەوە روونەدەکاتەوە ئەو بەشەی نموونەکە کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن لەکاتی کارکردندا منداڵەکانیان لەلای کێ بەجێدەهێڵن**

| ڕێژە٪ | ژمارە | دانانی منداڵ لەلای |
|---|---|---|
| ٥٢ | ٢١ | هیچ کەس |
| ٣٠ | ١٢ | کەس وکار |
| ٨ | ٣ | دراوسێ |
| ٥ | ٢ | منداڵەکان لەماڵ نین |
| ٥ | ٢ | منداڵی نییە |
| ١٠٠ | ٤٠ | کۆی گشتی |

لەخشتەی ژمارە(١٨)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٢٪ی ئەو ژنانەی کاردەکەن منداڵەکانیان تەنیا بەجێدەهێڵن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم منداڵانە رۆژانە کاتێکی زۆریان لەدەرەوەی چاودێریی خێزاندایەو ئەوەش دەگەیەنێت کە ژنی پاشماوەی ئەنفال وەکو پێویست ناتوانێت پەروەردەی منداڵەکانی بکات لەڕووی ئاکاریی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی چاودێرییەوە کە رەنگە ببێتە هۆی خولقاندنی چەندین گرفتی دەروونیی و لەوانەیە منداڵ لەغیابی سەرپەرشتیکەری خێزاندا رووبەڕووی چەندین کارەسات و لادانی کۆمەڵایەتی ببێتەوە.

**خشتەی ژمارە(١٩)ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لەکاتی کارکردنی نموونەکەدا تاچ ڕادەیەک منالەکانیان ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە**

| وەلام | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| نەخێر | ٢٢ | ٥٥ |
| بەڵێ | ١٦ | ٤٠ |
| منالی نییە | ٢ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(١٩)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٥٪ی نموونەکە پێیانوایە بەهۆی کارکردنەوە لەدەرەوەی ماڵ، منالەکانیان ڕووبەڕووی کێشە نەبوونەتەوەو کارکردنیان کاریگەریی نەبووە لەسەر ئەوەی کێشە بۆ منالەکانیان دروستبکات، بەلام ڕێژەی ٤٠٪ی نموونەکە پێیانوایە بەهۆی کارکردنیانەوە لەدەرەوەی خێزان منالەکانیان ڕووبەڕووی گرفتو کێشە بوونەتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت کە کارکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەبووە لەسەر دروستکردنی کێشە بۆ منالی خێزانی پاشماوەی ئەنفالو بۆتەهۆی دروستکردنی چەندین کێشەوگرفتی جۆربەجۆر.

**خشتەی ژمارە (٢٠)جۆری ئەو کێشانە دەخاتەڕوو کە منالانی ئەو بەشەی نموونەکە ڕووبەڕووی دەبنەوە کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن**

| جۆری کێشەکان | ژمارە | ڕێژە ٪ |
| --- | --- | --- |
| شەڕکردن لەگەڵ یەکتر | ٦ | ٢٦ |
| شەڕکردن لەگەڵ کەسانی تر | ٦ | ٢٦ |
| ڕووبەڕووبوونەوەی کارەسات | ٥ | ٢١,٨٢ |
| نەتوانینی خزمەتکردنی خۆیان | ٥ | ٢١,٨٢ |
| ڕووبەڕووبوونەوەی لادانی کۆمەڵایەتی | ١ | ٤,٣٤ |
| کۆی گشتی | *٢٣ | ١٠٠ |

*لێرەدا زیاتر لەکێشەیەك هەیە کە منالان ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

لەخشتەی ژمارە(٢٠)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٢١,٨٢٪ی نموونەکە بەهۆی کارکردن لەدەرەوەی ماڵ. منداڵەکانیان ڕووبەڕووی کارەسات بوونەتەوەو ڕێژەی ٤,٣٤٪ی نموونەکەش منداڵەکانیان ڕووبەڕووی لادانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، ئەمانەش ئاماژەی ڕاستەوخۆو بەهێز لەسەر کاریگەریی نێگەتیڤ و خراپیی کارکردنی ژنانو بەجێهێشتنی منداڵان دەخاتەڕوو لەسەر ڕەوشی پەروەردەکردنو پارێزگاریکردنی منداڵو نەوەی خێزانی پاشماوەی ئەنفال، کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بارودۆخی منداڵانو ڕەوشتو هەڵسوکەوتیان لەئایندەدا، بەمەش منداڵی خێزانی پاشماوەی ئەنفال لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەی پەروەردەییدان کە دەرەنجامی پرۆسەی ئەنفالە.

**خشتەی ژمارە (٢١)ئەوە دەخاتەڕوو کە تاچ رادەیەک نموونەکە لەکاتی کاردا ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە**

| وەلام | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| نەخێر | ٢٥ | ٦٢,٥ |
| بەڵێ | ١٥ | ٣٧,٥ |
| کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٢١)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٣٧,٥٪ی نموونەکە کارکردنیان کێشەوگرفتی بۆ دروستکردوون، ئەمەش مانای وایە کە ژنی پاشماوەی ئەنفال لەکاتی کارکردنیاندا تارادەیەکی زۆر ڕووبەڕووی کێشەوگرفت بوونەتەوە، ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە کەمتریش بێت لەنیوە، بەڵام ڕێژەیەکە تائەندازەیەك قورسایی هەیەو ناکرێت فەرامۆشبکرێت.

خشتەی ژمارە (٢٢)ئەو کێشانە دەخاتەڕوو کە بەشێک لەنموونەکە لەکاتی کاردا ڕووبەڕووی بوونەتەوە

| کێشەکان | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| خراپیی مامەڵەی خاوەنکار | ١١ | ٥٧,٨٩ |
| ناکۆکیی لەگەڵ فەرمانبەروکرێکار | ٧ | ٣٦,٨٥ |
| ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیی | ١ | ٥,٢٦ |
| کۆی گشتی | *١٩ | ١٠٠ |

*لێرەدا هەندێك لەئەندامانی نموونەکە ڕووبەڕووی زیاتر لەکێشەیەك بوونەتەوە.

لەخشتەی ژمارە(٢٢)دا دەردەکەوێت کە گرفتی سەرەکیی ژنی کارکەری پاشماوەی ئەنفال لەکاتی کارکردندا بەڕێژەیەکی گەورە بریتییە لەخراپیی مامەڵەی خاوەن کار یان سەرپەرشتیار لەگەڵیاندا کە ڕێژەی ٥٧,٨٩٪ی نموونەکە دەگرێتەوە، هەروەها دەردەکەوێت کە ژنی پاشماوەی ئەنفال لەکاتی کارکردندا لەگەڵ فەرمانبەرو کرێکارەکان و هاوپیشەکانیاندا ڕووبەڕووی ناکۆکیی دەبنەوە کە ڕەنگە کەمیی فرسەتی کارکردن و ململانێ لەسەر دەستکەوتنی کار هۆکارێکی سەرەکیی ئەو کێشەوگرفتانەبێت، هەروەها لێرەدا ئاماژەیەکی ترسناك و ناڕادەیەك شاراوەی نێو ژیانی ڕۆژانەی ژنانی کارکەری پاشماوەی ئەنفال دەردەکەوێت ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی ٥٪ی ژنی کارکەری پاشماوەی ئەنفالە بەدەستدرێژیی لەکاتی کارکردندا.

## خشتەی ژمارە (٢٣)

## کاریگەریی ماوەی کارکردن لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتیو دەروونیو جەستەیی دەخاتەڕوو

| ماوەی کارکردن | کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی | | بێسەرپەرشت بوونی منداڵ | | ڕێز نەگرتن لەلایەن خەڵکەوە | | تۆمەت شوێنخستن | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ڕێژە٪ | ژ | ڕێژە٪ | ژ | ڕێژە٪ | ژ | ڕێژە٪ |
| ١-٤ | ١ | ١,٢٥ | ٤ | ٥ | ٣ | ٣,٧٥ | ٤ | ٥ |
| ٥-٨ | ٨ | ١٠ | ١١ | ١٣,٧٥ | ٣ | ٣,٧٥ | ٦ | ٧,٥ |
| ٩زیاتر | ١١ | ١٣,٧٥ | ١٣ | ١٦,٢٥ | ٤ | ٥ | ٨ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٥ | ٢٨ | ٣٥ | ١٠ | | ١٨ | ٢٢,٥ |
| ناوەندی ژمێرەیی | ٦,٨ | | | | | | | |

لێرەدا ماوەی کارکردن کاریگەریی لەسەر زیاد لەلایەنێك هەبووە.

لەخشتەی ژمارە(٢٣)دا دەردەکەوێت ئەوانەی کە ڕۆژانە (١-٤)سەعات کاردەکەن کە کارکردن کاریگەریی خراپی لەسەر بەجێهێشتوون، واتە کاریگەریی خراپی کارکردن ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی سەعاتەکانی کارکردندا، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەوانەیان کە لەدەرەوەی خێزان کاردەکەن ئەم کارکردنە لەچەندین ڕووەوە گرفتی بۆ دروستکردوونو بەردەوام ئەم گرفتانە لەزیادبووندان بەزیادبوونی سەعاتەکانی کارکردن، بەتایبەتی کاریگەریی لەسەر باری تەندروستییان بەپلەی یەکەم پاشان بێسەرپەرشتبوونی منداڵەکانیان بەپلەی دووەمو تۆمەت شوێنخستن بەپلەی سێیەم دێتو پاشان ڕێز نەگرتنیان لەلایەن خاوەنکارەوە.

## تەوەری پێنجەم:

## کاریگەریی ئەنفال لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

**خشتەی ژمارە(٢٤) نیگاو نیٚروانینی خەڵکیی سەبارەت بەژنانی پاشماوەی ئەنفال**

| نیگای خەڵکیی سەبارەت بەژنانی پاشماوەی ئەنفال | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| خراپ | ٦٦ | ٥٢,٨ |
| باش | ٤١ | ٣٢,٨ |
| لابەلایی | ١٨ | ١٤,٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٢٤)دا دەردەکەوێت کە ئەوەندەی ژنی پاشماوەی ئەنفال هەستیان پێکردووە نیگای خەڵکیی بەرامبەریان نیگایەکی خراپە، ڕەنگە ئەم هەستکردنە تاڕادەیەکی زۆر لەجێگای خۆیدابێت، چونکە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەپێی دابونەریتو بەهاکان هەمیشە بەگومانەوە سەیری ژنی مێرد مردوو کراوەو پێیانوابووە کە بێوەژن دەبێت جلێکی سەرتاپارەش بکاتە بەریو لەماڵ نەیەتەدەر، سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا بەگومان بوون بەرامبەریو هەمیشە بێوەژن وەك تاوانبارێك سەیرکراوە کە دەبێت چاودێریی بکرێتو بخرێتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەدوای بێسەروشوێنکردنی مێردەکانیان لەپرۆسەی ئەنفالدا بوونە بژێویی پەیداکەرو سەرۆکی خێزان ناچاربوون بۆ پەیداکردنی بژێویی خێزانەکانیان روو لەدەرەوەی ماڵ بکەنو کۆمەڵێك ئیشوکار بکەن کە لەوەوپێشو لەکۆمەڵگەی کوردیدا ژن نەیکردووە وەك کرێکاریی یان قاچاغچێتی، ئەم

چوونەدەرەوەیە لەماڵ بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال ناچاریکردوون بەکردنی کۆمەڵە ئیشێك كە لەوەوپێش تەنها پیاو کردونی، هەموو ئەمانە بوونەتەهۆی ئەوەی کە ژنی پاشماوەی ئەنفال لەلایەن کۆمەڵگەوە بەنیگایەکی خراپ سەیری بکرێت، هەروەك رێژەی ١٤,٤٪ی نموونەکەش پێیانوایە کە نیگای خەڵکیی بەرامبەریان لابەلاییەو بەگومانن بەرامبەریان، هەروەك رێژەی ٣٢,٨٪ی نموونەکە پێیانوایە کە نیگای خەڵکیی بەرامبەریان باشەو خەڵکیی بەچاوی رێزو بەزەییەوە لێیان دەڕوانن، ئەمەش رەنگە زیاتر ئەو ژنانە بگرێتەوە کە لەچوارچێوەی ماڵ دانو بۆ کارکردن ناچنەدەرەوە.

**خشتەی ژمارە(٢٥) هۆکاری خراپو لابەلا سەیرکردنی خەڵکیی بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال دەخاتەڕوو**

| هۆکاری خراپ سەیرکردن | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| هۆکاری کۆمەلایەتی | ٧٨ | ٦٢,٤ |
| هۆکاری دەروونیی | ١٦ | ١٢,٨ |
| هۆکاری پەروەردەیی | ١٦ | ١٢,٨ |
| ئاکارو رەوشتی ژنی پاشماوەی ئەنفال | ٩ | ٧,٢ |
| کۆی گشتی | ١١٩* | ١٠٠ |

*لێرەدا ئەوانە وەڵامیان داوەتەوە کە پێیانوایە نیگای خەڵکیی بۆیان خراپ یان لابەلاییە.

لەخشتەی ژمارە(٢٥)دا دەردەکەوێت کە رێژەی٦٢,٤٪ی نموونەکە هۆکاری خراپو لابەلایی سەیرکردنیان لەلایەن خەڵکییەوە دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری کۆمەلایەتی بەهۆی ئەو تێڕوانینە باوەی کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەرامبەر بەبێوەژنو کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ، هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئەم تێڕوانینە هۆکاری دەروونییەو پەیوەندیی بەسایکۆلۆجییەتی خەڵکییەوە هەیە بەرامبەر بەژنی پاشماوەی ئەنفال وەك رق لێبوونەوە، تۆڵەکردنەوە، حەسودیی پێبردن.. هەروەك دەردەکەوێت هۆکارێکی دیکەی ئەم دیاردەیە پەیوەندیی

بەئاكارو رەوشتی هەندێك لەژنانی پاشماوەی ئەنفالەوە هەیە كە رەنگە لەكاتی پەیداكردنی بژێویدا دوچاری بووبن و ئەم نموونەیەش گشتێنرابێت بەسەر تەواوی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا.

**خشتەی ژمارە(٢٦)ئەوە دەخاتەڕوو ئەندامانی نموونەكە تاكو چەند لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا گونجاون كە دوای ئەنفال لێی نیشتەجێبوون**

| وەلام | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٨٦ | ٦٨,٨ |
| كەمێك | ٢٨ | ٢٢,٤ |
| نەخێر | ١١ | ٨,٨ |
| كۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٢٦)دا دەردەكەوێت كە رێژەی ٦٨,٨٪ی نموونەكە پێیانوایە لەگەڵ ژینگەی ئێستایاندا توانیویانە خۆیان بگونجێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پاش (١٥)ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی پرۆسەی ئەنفال و راگوێزانی خێزانە ئەنفالكراوەكان، بەشی هەرە زۆریان توانیویانە لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی دوای ئەنفال خۆیان بگونجێنن، ئەمەش دەرەنجامێكی سروشتی حاڵەتی كۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤە كە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی كە تێیدەكەوێت، هەروەك دەردەكەوێت كە رێژەی ٢٢,٤٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە هێشتا بەتەواوی لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا نەگونجاون كە لەدوای ئەنفال بۆی گوێزراونەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە كە ئەم رێژەیە لەژنی پاشماوەی ئەنفال نەیانتوانیووە رەگەزەكانی ژیان و پێداویستییەكانیان لەو جێگەیەی ئێستایاندا بدۆزنەوە، هەروەك دەردەكەوێت كە رێژەی ٨,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال نەیانتوانیووە لەگەڵ ژینگەی دوای پرۆسەی ئەنفالدا بگونجێن و ئاسودەنین بەو جێگەیە، ئەمەش هۆكاری زاتی و بابەتیی و خۆیی هەیەو كاریگەریی سلبی خۆشی لەسەر رەوشی ژیانی ئەو خێزانانە جێدەهێڵێت.

**خشتەی ژمارە(٢٧) رادەی هاوکاریی کەس وکاری خێزانیی ئەنفالکراوەکان و خەڵکی گشتی دەخاتەڕوو بەرامبەر بەژنانی پاشماوەی ئەنفال**

| رادەی هاوکاریی | کەس وکاری خێزانە ئەنفالکراوەکان | | خەڵکی گشتی | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ریژە٪ | ژمارە | ریژە٪ |
| زۆر | ٣٥ | ٢٨ | ١٧ | ١٣,٦ |
| کەم | ٢٥ | ٢٠ | ٤٨ | ٣٨,٤ |
| هیچ | ٦٥ | ٥٢ | ٦٠ | ٤٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٢٧)دا دەردەکەوێت کە رادەی هاوکاریی ژنی پاشماوەی ئەنفال و خێزانەکانیان لەنێوان خودی خێزانە کەس وکار ئەنفالکراوەکان و خەڵکی گشتیدا کەمەو لەئاستی پێویستدا نییە، ئەگەرچی وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت هاوکاریکردنی خێزانە ئەنفالکراوەکان لەناو یەکتردا تارادەیەك زیاترە بەبەراورد لەگەڵ خەڵکە گشتییەکەدا، ئەمەش رەنگە پەیوەندیی بەهاودەردیی و بوونی پەیوەندیی خزمایەتییەوە هەبێت لەنێو ئەو خێزانانەدا بەتایبەتی ئەگەر بزانین لەنیشتەجێبوونی خێزانە ئەنفالکراوەکاندا لەکۆمەڵگا زۆرەملێکاندا زۆربەی جار خزمەکان و هاوگوندییەکان لەدەوریی یەکترو تەنانەت لەیەك گەڕەکدا کۆبوونەتەوە، هەروەها کەمیی رادەی هاوکاریی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەلایەن خەڵکیی بەگشتی رەنگە بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە لەوانە: جیاوازیی رادەی هاوکاریی لەنێوان ژیانی گوندنشینی و ژیانی شارستانی لەشارو قەزاو ناحییەکاندا، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە بەشێك لەگەورەیی ئاسەواری ئەم پرۆسەیە لەئاستۆی کۆمەڵگە خۆیدایەو خەڵکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە تاکو ئێستا بەئەرك ورۆڵی خۆیان هەڵنەساون لەئاست دیاردەیەکی لەم جۆرەداو بگرە بەهۆی دروستبوونی کۆمەڵە تێڕوانینێکەوە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال و خێزانەکانیان ئەوەندەی تر برین و گرفتەکانیان قوڵترکردۆتەوە.

## تەوەری شەشەم:

# کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال

### خشتەی ژمارە(٢٨) ئەوەدەخاتەڕوو کە تاچ رادەیەک ئەنفال کاریگەریی لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال بەجێهێشتووە

| وەلام | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٨ | ٩٤,٤ |
| نەخێر | ٧ | ٥,٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٢٨)دا دەردەکەوێت کە رێژەی ٩٤,٤٪ی نموونەکە ئەنفال کاریگەریی گەورەی لەسەر باری دەروونییان بەجێهێشتووە، دیارە کاریگەریی پرۆسەی ئەنفال بۆ سەر باری دەروونیی ٩٤,٤٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ سەنگو قورسایی دیاردەیەکی لەم جۆرە لەسەر حاڵەتی دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال، چونکە ئەنفال لەهەمو روویەکەوە حاڵەتی دەروونیی ژنی کوردی تێکشکاند بەوەی لەیەک کاتدا لەمێردو منداڵو کەس وکارو ماڵوحاڵو زێدو رەزو باخی کردنو لەماوەیەکی کەمدا هەموو ئەوانەی کە مایەی ئاسودەیی بوون لێی سەندنەوە، بەمەش ژنی پاشماوەی ئەنفال تووشی گەورەترین کۆست بوون لەژیانیاندا، سەرەڕای ئەوەی کە هەر خۆشیان بوونە بارهەڵگری هەموو ئەو خەموەمەینەتییانەی کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە کەوتنەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ کاریگەریی پرۆسەیەکی لەم جۆرە لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال کە تاکو ئێستا بەسیمایانەوە دیارەو بۆتە بەشێک لەکەسێتیان، دیارە ئەمەش چەندین دەرەنجامی کۆمەڵایەتیو تەندروستیو... لێدەکەوێتەوەو تەنانەت کاریگەریی لەسەر خێزانو بەڕێوەبردنی خێزانیش جێدەهێڵێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت سەبارەت بەژنی پاشماوەی ئەنفال لەم رووەوە رەنگدانەوەی حاڵەتی

دەروونییانە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کە بەداخەوە زۆرجار ئاڵۆزیی و کێشەو لەیەك نەگەیشتنی دروستکردووە لەمامەڵەیانداو کەمتریش لەلایەن خەڵکەوە موراعاتیان کراوە.

خشتەی ژمارە(٢٩) دروستبوونی گۆڕان لەناخی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دەخاتەڕوو

| ڕێژە٪ | ژمارە | حاڵەتی گۆڕان |
|---|---|---|
| ٣٧ | ٩٢ | دڵەڕاوکێ |
| ٢٥ | ٦٣ | ترس |
| ١٠ | ٢٥ | خەفەت |
| ٩,٧ | ٢٤ | بێئومێدیی |
| ٩,٣ | ٢٣ | بێبەزەیی بوون |
| ٩ | ٢١ | بورانەوە |
| ١٠٠ | ٢٤٨* | کۆی گشتی |

*ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێك ئەندامی نموونەکە لەگۆڕانێك زیاتر بەسەر حاڵەتی دەروونییاندا هاتووە.

لەخشتەی ژمارە(٢٩)دا دەردەکەوێت کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی گەورەی لەسەر باری دەرونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال هەبووەو گۆڕانی گەورەی بەسەر باری دەرونیاندا هێناوە، ئەم گۆڕانەش بەپلەی یەکەم لەدروستبوونی حاڵەتی دڵەڕاوکێدا خۆی دەبینێتەوە لەلای ژنی پاشماوەی ئەنفال، پاشان ترس و بێئومێدیی و خەفەت بەدوای یەکدا.

لێرەوە دەتوانین هەست بەو ناجێگیرییە دەرونییە بکەین کە لای بەشی هەرەزۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال لەنارادایەو تەواوی ژیانی داگیرکردووەو بۆتەهۆی ئەوەی کە هەمیشە سیمایەکی خەماویی هەبێت و لەڕووی دەرونییشەوە لەحاڵەتێکی نائارام و ناهاوسەنگدا بژی، هەروەك ئەوەش دەخاتەڕوو کە سەرەڕای تێپەڕبوونی (١٥)ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا هێشتا

کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال ماوەو تاکو ئێستا ئازاری دەروونیی دەچێژن بەدەستییەوە، هەروەک دەرەنجامێکی دەروونیی پرۆسەی ئەنفال بەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفالەوە بریتییە لەدەرکەوتنی هەردو حاڵەتی بێبەزەییبوون و بورانەوە لەلای ئەو ژنانە.

**خشتەی ژمارە(٣٠) ئەوە دەخاتەڕوو ئەندامانی نموونەکە تاچ رادەیەک چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردە ئەنفالکراوەکانیان دەکەن**

| وەڵام | ژمارە | رێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٤ | ٩١,٢ |
| نەخێر | ١١ | ٨,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٣٠)دا دەردەکەوێت کە رێژەی ٩١,٢٪ی نموونەکە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکانیانن و پێیانوایە رۆژێک دێت مێردەکانیان دەگەڕێنەوە، یان نایانەوێت باوەڕ بەخۆیان بهێنن کە مێردەکانیان ناگەڕێنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مێردی ئەنفالکراو تاکو ئێستا لەیادەوەریی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا زیندوەو چاوەڕێن رۆژێک بێت کە مێردەکانیان بگەڕێنەوە، هەرلەبەرئەوەشە کە بەشێکی زۆری ئەم ژنانە شوکردنەوە رەتدەکەنەوە، هەروەها رەنگە ئەم قەناعەتەش لەوەوە هاتبێت کە تێکەڵاویی و خزمایەتی لەنێوان ئەو ژن و مێردانەدا هەبووەو ئەم نزیکییەش لەڕووی خزمایەتییەوە رێگەیان پێنادات کە بیر لەمردنیان بکەنەوە، هەروەک پەیوەندیی بەنادیاریی چارەنووسیان لەلایەن رژێم و ئەو قسەڵۆکانەوە هەیە لەبارەی مانەوەیان دەخرێتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزیی باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەچاوەڕوانیی و ئەگەری هاتنەوەو نەهاتنەوەدا، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە رێژەی ٨,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە مێردەکانیان مردوون و جارێکی تر ناگەڕێنەوە لەم رێژەیەش ٤٪ یان ئەو ژنانەن کە شویان کردۆتەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە تەنها رێژەیەکی کەمی ژنان هەن کە باوەڕ بەوە بهێنن کە مێردەکانیان جارێکی تر ناگەڕێنەوە.

تەوەری حەوتەم:

## کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفال

خشتەی ژمارە(٣١) ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستی دەخاتەڕوو

| ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستی | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| باش | ٧٢ | ٥٧,٦ |
| خراپ | ٥٣ | ٤٢,٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٣١)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٧,٦٪ی نموونەکە پێیانوایە ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان باشە رازیبوونی ٥٧,٦٪ ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەکەیاندا ئاماژەیە بۆ خزمەتی حکومەت و ڕێکخراوەکان لەڕووی تەندروستییەوە بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال کە لەو ناوچانەدا بەتایبەتی (لەهەردوو ناحیەی رزگاری و شۆڕش)دا چەند ڕێکخراوێك خزمەتی تەندروستی تایبەت بەژنی پاشماوەی ئەنفال پێشکەشدەکەن، هەروەها ٤٢,٤٪ی ژنانی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەکەیاندا لەئاستی پێویستدا نییە، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەگەڵ قەبارەی نەخۆشییەکانی ژنانی ناوچەکەدا هێشتا کەمەو لەئاستی پێویستدا نییە. هەروەك ڕەنگە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە دەرمان و کەلوپەلە تەندروستییەکان لەناوچەکەدا لەئاستی پێویستدا نەبێت و بەشێکی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال بەهۆیەوە نەیانتوانیووە سودی لێوەربگرن.

**خشتەی ژمارە(٣٢) جۆرو قەبارەی ئەو نەخۆشییانە دەخاتەڕوو کە ئەندامانی نموونەکە دوچاریبوون**

| ڕێژە٪ | ژمارە | جۆری نەخۆشی |
|---|---|---|
| ٣٠ | ٥٥ | هەناو |
| ٢٦,١ | ٤٧ | جومگەو ئێسقان |
| ١٥,٥٤ | ٢٨ | قورگو لوتو گوێ |
| ١٢,٦٧ | ٢٣ | چاو |
| ١٠,٥٥ | ١٩ | تایبەت بەژنان |
| ١,٦٦ | ٣ | سەرئێشە |
| ١,٦٦ | ٣ | دەروونیی |
| ١,١١ | ٢ | پێست |
| ١٠٠ | *١٨٠ | کۆی گشتی |

*ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێك ئەندامی نموونەکە لەنەخۆشییەك زیاتریان لەگەڵدایە.

لەخشتەی ژمارە(٣٢)دا دەردەکەوێت کە نەخۆشییەکانی هەناو بەرزترین ڕێژە پێکدەهێنێت بەڕێژەی ٣٠٪لەنێو ژنی پاشماوەی ئەنفالدا، پاشانیش نەخۆشییەکانی جومگەو ئێسقان بەڕێژەی ٢٦,١٪و قورگو لوتو گوێ بەڕێژەی ١٥,٥٥٪و چاو بەڕێژەی ١٠,٥٥٪ دێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بارودۆخی ناو زیندانو لەدەستدانی کەسو کارو ئیشکردنو بەساڵاچوونی ژنی پاشماوەی ئەنفالە.

**خشتەی ژمارە(٣٢) ئەوە دەخاتەڕوو کە تاچ رادەیەک کاریگەریی گرتن لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا بەسەر باری تەندروستی ژنی پاشماوەی ئەنفالەوە دیارە**

| کاریگەریی گرتن لەسەر باری تەندروستی | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| دەستگیر نەکراوم | ٨٩ | ٧١,٢ |
| کاریگەریی خراپی هەبووە | ٣٢ | ٢٥,٦ |
| کاریگەریی نەبووە | ٤ | ٣,٢ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٣٢)دا دەردەکەوێت کە بەشی هەرەزۆری ژنانی پاشماوەی ئەنفال کە لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا دەستگیرکراون کاریگەریی بەندکردن لەسەر باری تەندروستییان دەرکەوتووەو دوچاری چەندین نەخۆشی بوون، ئەمەش بەهۆی خراپیی باری زیندان و قەرەباڵغیی و سزادانی دەروونیی و جەستەیی و نەبوونی هیچ مەرجێکی تەندروستی بووە لەو زیندانانەدا.

## تەوەری هەشتەم:

## ئاستی خزمەتگوزاریی حکومەت و رێکخراوەکان بۆ خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال

**خشتەی ژمارە(٣٤) ئەوە روندەکاتەوە کە یارمەتی حکومەت و رێکخراوەکان بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال لەچ ئاستێکدایە**

| وەڵام | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| مامناوەند | ٩٠ | ٧٣,٧ |
| کەم | ٣٢ | ٢٦,٢ |
| حکومەت یارمەتی نەداون | ٣ | ٢,١ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٣٤)دا دەردەکەوێت کە ئەو یارمەتییەی حکومەت بۆ خێزانە ئەنفالکراوەکان (کە سەرەکیترینیان بریتییە لە٢٠٠ دینار بۆ هەر خێزانێك)، ئەگەرچی بەشێك لەپێداویستییەکانی پرکردونەتەوە، بەڵام هێشتا لەئاستی پێویستدا نییە، بەتایبەتی کە بۆ هەندێك لەو خێزانانە تاکە سەرچاوەی داهاتی ئابوورییە، هەروەك لە ٧٣,٧٧٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە کە ئەو یارمەتییەی حکومەت بۆیان زۆر کەمەو لەئاستی پێداویستییەکانیاندا نییەو ناتوانێت پێداویستییە زەرورییەکانی ژیانیان بۆ دابینبکات، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ئەم برە پارەیە نەیتوانیووە وەك پێویست لەنەهامەتییەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال کەمبکاتەوە، هەروەك رێژەی٢,٤٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال هەتاکو ئێستا بێبەشبوون لەو یارمەتییەی حکومەت، ئەمەش بەدیوێکدا ئەوە دەگەیەنێت کە لەم بریارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو رێژەیە لەژنی پاشماوەی ئەنفال بێبەشن و بەدیوێکی تردا بچووکی رێژەکە ئاماژەیە بەوەی کە بریارەکە زۆربەی ژنانی گرتۆتەوە.

**خشتەی ژمارە(٣٥) ئەو داخوازییانە دیاریدەکات کە ئەندامانی نموونەکە بەپێویستی دەزانن لەلایەن حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوەکانەوە بۆیان دابینبکرێت**

| جۆری یارمەتی | داواکاری لە حکومەت | | داواکاری لەڕێکخراوەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| بڕینەوەی مووچە | ١٠١ | ٣٩,٥ | ٩١ | ٣١,٧٠ |
| خستنەسەر کار | ٢٦ | ١٠,١٥ | ****** | ***** |
| پێدانی کەلوپەل | ****** | ****** | ٥٧ | ١٩,٩ |
| دروستکردنی خانوو | ١٨ | ٧ | ١٠٣ | ٣٥,٨٨ |
| پێدانی زەوی | ١١١ | ٤٣,٣٣ | ****** | ***** |
| دامەزراندنی پرۆژەی کارکردن بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال | ****** | ****** | ٢٣ | ٨ |
| کردنەوەی خولی پیشەیی | ****** | ****** | ١٣ | ٤,٥٢ |
| کۆی گشتی | *٢٥٦ | ١٠٠ | ٢٨٧ | ١٠٠ |

*ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێك ئەندامی نموونەکە لەداخوازییەك زیاتریان هەبووە.

لەخشتەی ژمارە(٣٥)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٤٣,٣٥٪ی نموونەکە داخوازیی گرنگیان لەحکومەت پێدانی زەوییەو ڕێژەی ٣٩,٥٪ی نموونەکە داخوازیی سەرەکییان بڕینەوەی موچەیەو، هەروەها ڕێژەی ٣٥,٨٨٪ی نموونەکە داخوازیی سەرەکیان لەڕێکخراوەکان دروستکردنی خانووەو ڕێژەی ٣١,٧٠٪ی نموونەکە داخوازیی سەرەکییان بریتییە لەبڕینەوەی مووچە، لێرەوە دەردەکەوێت کە داخوازیی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەحکومەتو ڕێکخراوەکان

بریتییه لەپێداویستییه سەرەکییەکان بەتایبەتی شوێنی نیشتەجێبوون‌و داهات، دوای ئەوانیش کەل‌وپەل‌و پێداویستییەکانی ماڵ‌و پاشان خستنەسەر کارو دامەزراندن لەپرۆژەو فەرمانگەکاندا.

**خشتەی ژمارە(٣٦) ئەوە دەخاتەڕوو کە تاچ رادەیەک ڕێکخراوەکان هاوکاریی ژنی پاشماوەی ئەنفالیان کردووە**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٤ | ٧٥,٢ |
| نەخێر | ٣١ | ٢٤,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٣٦)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٧٥,٢٪ی نموونەکە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە هاوکاریی‌و یارمەتیان دراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تارادەیەکی باش ڕێکخراوەکان توانیویانە یارمەتی ژنی پاشماوەی ئەنفال بدەن، ئەگەرچی ئەو یارمەتیانە تاکو ئێستا لەچوارچێوەی کۆمەڵە یارمەتییەکی بچووک تێنەپەڕیوەو بەجۆرێک نەبووە کە بتوانن لەسەر بنەمای ئەو یارمەتییانە بناغەی ژیانێکی نوێ بنیات بنێنەوە، لەهەمانکاتدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٢٤,٨٪ژنی پاشماوەی ئەنفال تاکو ئێستا یارمەتی ئەم ڕێکخراوانەیان وەرنەگرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یارمەتی ڕێکخراوەکان نەیتوانیووە تەواوی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بەسەر بکەنەوەو لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە ئاماژەبێت بۆ کەم‌وکوڕی لەدابەشکردنی ئەو یارمەتیانە بەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفالدا لەلایەن ڕێکخراوکانەوە.

خشتەی ژمارە(٣٧)جۆری ئەو پارەتیانە دەخاتەڕوو کە لەلایەن

ڕێکخراوەکانەوە پێشکەشی ژنی پاشماوەی ئەنفالکراوە

| جۆری پارمەتی | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| پێداویستی وکەل وپەل | ٨٣ | ٥٤,٦٥ |
| چارەسەر بەخۆڕایی | ٢٨ | ١٨,٤٢ |
| برینەوەی مووچە | ٢٢ | ١٤,٤٤ |
| دروستکردنی خانوو | ١٨ | ١١,٨٤ |
| خستنەسەر کار | ١ | .،٦٥ |
| کۆی گشتی | *١٥٢ | ١٠٠ |

*لێرەدا زیاتر لەیارمەتییەك پێشکەشکراوە.

لەخشتەی ژمارە(٣٧) دا دەردەکەوێت کە بەشی هەرەزۆری یارمەتی ڕێکخراوەکان بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەپێدانی کەل وپەلدا خۆی دەبینێتەوەو کەمتر توانراوە پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال پڕبکرێتەوە بەتایبەتی خانوو کە وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت ڕێژەیەکی زۆر کەمی یارمەتییەکان دەگرێتەوە، هەروەك دەردەکەوێت ڕێکخراوەکان دەستیان هەبووە لەخستنەسەر کاری ژنی پاشماوەی ئەنفال، ئەگەرچی بەڕێژەیەکی زۆرکەمیش بێت، ئەمەش بۆ سەرلەنوێ بینیاتنانەوەی ژیانی ژنی پاشماوەی ئەنفال گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا خۆی بگونجێنێتەوە.

## تەوەری نۆیەم:

# کاریگەریی ئەنفال لەسەر پەروەردەی منالی ژنی پاشماوەی ئەنفال

**خشتەی ژمارە(٣٨) ژمارەی منالانی نموونەکەو ئەو منالانە دەخاتەڕوو کە وازیان لەخوێندن هێناوە**

| ڕەگەز | ژمارەی منالی نموونەکە دەخاتەڕوو | | ئەو منالانەی کە وازیان لەخوێندن هێناوە یان نەچوونەتە قوتابخانە | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| کوڕ | ٢٤٠ | ٥٥,٨ | ١٢٣ | ٥١,٢٥ |
| کچ | ١٩٠ | ٤٤,٢ | ١٠٦ | ٥٥,٧ |
| کۆی گشتی | ٤٣٠ | ١٠٠ | ٢٢٩ | |
| بەرکەوتەی خێزان | ٣,٤٤ | | ١,٨٣ | |

لەخشتەی ژمارە(٣٨)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٥,٨٪ی منالانی نموونەکە کوڕن و ڕێژەی ٤٤,٢٪یان کچن و بەرکەوتەی گشتی منال بۆ هەر ژنێك دەکاتە ٣,٤٤، هەر لەهەمان خشتەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥١,٢٥٪ی کوڕانی نموونەکە وازیان لەخوێندن هێناوەو ڕێژەی ٥٥,٧٪ی کچانی نموونەکەش وازیان لەخوێندن هێناوەو لەسەر ئاستی گشتی ڕێژەی ٥٤,٧٥٪ی منالی پاشماوەی ئەنفال یان نەچوونەتە قوتابخانە یان وازیان لەخوێندن هێناوە. بەرکەوتەی گشتی وازهێنانی منال لەپرۆسەی خوێندن بۆ هەر ژنێکی پاشماوەی ئەنفال (١,٨٣)ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منالانی ژنی پاشماوەی ئەنفال نزیك بەنیوەیان وازیان لەخوێندن هێناوە یان نەچوونەتە قوتابخانە، بەم شێوەیەش لەخوێندن بێبەشبوون، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە لەنێو منالانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ڕێژەیەکی زۆر نەخوێندەوار هەیە کە کاریگەریی بۆ سەر پاشەڕۆژی ئەو منالانەو خێزانەکانیان دەبێت، هەروەك لەهەمان خشتەوە

دەردەكەوێت كە ڕێـژەی وازهێنـان لـەڕیزی كچـاندا تـاكو ئەندازەیـەك زیـاترە، زیادیی ئەم ڕێژەیەش لەلای كچان بۆ دابونەریتی كۆمەڵایـەتی دەگەڕێتـەوە كـە زیاتر خۆی بەچاودێر زانیوە بەسەر كچانەوە.

**خشتەی ژمارە(٣٩) هۆكاری وازهێنان لەقوتابخانە لەلای منداڵانی نموونەكە دەخاتەڕوو**

| هۆكاری وازهێنانی منداڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەقوتابخانە | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| خراپی باری ئابووریی | ٦٣ | ٣١,٦٥ |
| كەموكوڕی لەكەلوپەلو پێداویستی قوتابخانەدا | ٥٤ | ٢٧,١٣ |
| كاركردن | ٢٦ | ١٣,٠٦ |
| نەبوونی ئارەزووی خوێندن | ٢٣ | ١١,٥٥ |
| كاری ماڵەوە | ٢١ | ١٠.٥٥ |
| نەبوونی قوتابخانە | ٥ | ٢,٥١ |
| دابونەریتی كۆمەڵایەتی | ٢ | ،.١ |
| باری دەروونیی | ٣ | ١,٥ |
| باری تەندروستی | ٢ | ،.١ |
| كۆی گشتی | *١٩٩ | ١٠٠ |

*ئەم ژمارەیە نزیكە بەژمارەی ئەو منداڵانەی نموونەكە كە وازیان هێناوە.

لەخشـتەی ژمـارە(٣٩)دا دەردەكـەوێت گـەورەترین فاكتـەر بـۆ وازهێنـانی منداڵانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەخوێندن فاكتەرە ئابوورییەكانە‌و خراپیی باری ئـابووریی ئـەو خێزانانەیـە كـە خـۆی لەكەمدەرامـەتیو دابـین نـەبوونی پێداویستییەكانی قوتابخانەو كاركردنی ئەو منداڵانەدا دەبینێتەوە بەتایبەتی كە زۆرێك لەخێزانـەكانی ژنـی پاشمـاوەی ئـەنفال بژێوییـان پشـت بـەكاركردنی منداڵەكانیان دەبەسـتێت، هـەروەك فاكتـەرێكی دیكـەی وازهێنـانی منـاڵی ژنـی

پاشماوەی ئەنفال لەخوێندن کارکردنی ماڵەوەیەو ئەمەش زیاتر کچان دەگرێتەوەو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو ژنانەی ناچاردەبن بۆ کارکردن بچنە دەرەوەو بۆ کەیبانووی ماڵ کچەکانیان لەقوتابخانە دەردەهێنن، هەروەها دابونەریتیش لەدەرهێنانی کچان لەقوتابخانەدا رۆڵی خۆی هەیە کە لەتێروانینی خێڵەکیدا خوێندنی کچان بەتایبەتی دوای باڵقبوون بەشێوازێکی نێگەتیڤ لێی دەروانرێت، هەروەك چەند فاکتەرێکی دیکەش رۆڵیان هەیە وەك نەبوونی ئارەزووی خوێندن کە دەشێت دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخەبێت کە منالی ژنی پاشماوەی ئەنفالی تێدا دەژی، هەروەها نەبوونی قوتابخانەو خراپیی باری دەرونیی و تەندروستی منالی ژنی پاشماوەی ئەنفال هۆکاری ترن بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەیە.

**خشتەی ژمارە(٤٠) ئەوە دەردەخات کە نموونەکە تاکو چەند لەهەڵسوکەوت و رەفتاری منالەکانیان رازین**

| وەڵام | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٧ | ٨٥,٦ |
| نەخێر | ١٦ | ١٢,٦ |
| منالی نییە | ٢ | ١,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٤٠)دا دەردەکەوێت کە رێژەی ٨٥,٦٪ نموونەکە لەهەڵسوکەوتی منالەکانیان رازین، ئەمە ئەوە دەردەخات کە رێژەیەکی گەورە لەژنی پاشماوەی ئەنفال لەهەڵسوکەوتی منالەکانیان رازین، لێرەوە دەردەکەوێت کە ژنی پاشماوەی ئەنفال تاکو ئاستێکی باش توانیویەتی ئەرکی خۆی وەك سەرۆك خێزانێك جێبەجێبکات لەرووی پەروەردەی منالەکانییەوەو توانیویەتی کۆمەڵە منالێك پێبگەیەنێت کە هەڵسوکەوت و رەفتاریان بەو جۆرەبێت کە خۆی دەیەوێت، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەبەڕێوەبردنی خێزاندا هەروەك دەردەکەوێت رێژەی

١٢,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەهەڵسوکەوتی منداڵەکانیان رازی نین و رەفتارو هەڵسوکەوتیان بەپێچەوانەی خواستی ئەمانەوەیەو نارازین لەهەڵسوکەوت و رەفتاریان، ئەم رێژەیەش نزیکە بەو رێژەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا سەبارەت بەتێکچوونی شیرازەی خێزان لەلای ١٠٪ی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو حاڵەتە نێگەتیڤەی کە لەنێو خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا سەریهەڵداوە بەهۆی ئەو گۆرانە کۆمەڵایەتییەی کە پرۆسەیەکی وەك ئەنفال لەخێزانی پاشماوەی ئەنفال بەگشتی و خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا دروستیکردووە.

خشتەی ژمارە(٤١) ئەوە دەخاتەڕوو تا چ رادەیەک منداڵی نموونەکە چوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە

| وەڵام | ژمارە | رێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٣٥ | ٢٨ |
| نەخێر | ٩٠ | ٧٢ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(٤١)دا دەردەکەوێت کە رێژەی ٧٢٪ی نموونەکە تاکو ئێستا منداڵەکانیان نەچوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە، نەبوونی فرسەتی هاوسەرگیریی کوڕوکچی خێزانی پاشماوەی ئەنفال بەم رێژەیە ٧٢٪ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو خێزانانەی ژنی پاشماوەی ئەنفال سەرۆکایەتی دەکەن تارادەیەکی زۆر پرۆسەی هاوسەرێتی تیایاندا وەستاوەو خێزانەکانیان کەمتر توانیویانە فرسەتی شوکردن و ژنهێنان بۆ منداڵەکانیان رێك بخەن، ئەمەش مانای وایە کە لەنێو ئەم جۆرە خێزانانەدا ژمارەیەکی زۆر لەکوڕوکچ پێگەیشتوو هەن کە کاتی هاوسەرێتیانەو تاکو ئێستا نەچوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوە هاوتەریبە کە حاڵەتێکی گشتی هەیە لەکۆمەڵگەدا سەرەرای ئەوەی خراپیی باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئەو خێزانانەش کاریگەریی هەبووە لەزیادبوونی ئەم دیاردەیە لەلای لاوانی خێزانی ژنی

پاشماوەی ئەنفال، هەروەك چوونە ژیانی هاوسەرییەوە لەلای منالی ٢٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەوە دەگەیەنێت کە تاکو ئاستێکی باش لەو خێزانانەدا کە ژنان سەرپەرشتی دەکەن، فرسەتی هاوسەرگیریی بۆ منالەکانیان رێك کەوتووە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەبەرێوەبردنی خێزاندا.

# بەشی شەشەم:
# ئەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوە

یەکەم: ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوە

دووەم: دەرەنجام و ساغکردنەوەی گریمانەکان

سێیەم: پێشنیار و راسپاردەکان

## بەشی شەشەم:

## ئەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوە

یەکەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وشەی (ئەنفال) بەمانای غەنیمە نایەت، بەڵکو بەمانای (زیادە)دێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (رەئوف)و(دزەیی)یە کە پێیانوایە چەمکی ئەنفال بەمانای (غەنیمە)دێت.

دووەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت چارەنووسی ژن لەپرۆسەی ئەنفالدا بەم شێوەیەیە:

*هەندێکیان لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا دەستگیر نەکراون یان دەستگیرکراون و بەشێوەیەك لەشێوەکان رزگاریان بووە.

*هەندێکیان لەماوەی ٥ مانگی زینداندا مردن.

*ژمارەیەکی تریان بەتایبەتی کچە گەنجەکان، وەك هەموو ئەنفالکراوەکانی تر بەرەو چارەنووسێکی نادیار براون.

*ژمارەیەکی زۆریشیان بەرلێبووردنی گشتی کەوتن و لەمردن رزگاریان بووە.

سێیەم/ لەئەنجامی توێژینەوە تیۆرییەکەوە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پرۆسەی ئەنفال سەرەرای ئەوەی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، لەهەمانکاتدا تەواوی جۆرەکانی جینۆسایدی (فیزیکیی، بایۆلۆژیی، کلتوریی، ئابووریی،ئیکۆلۆژیی) تیا بەکارهاتووە، ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی (گوڵ)دا کە پێیوایە سەرجەم جۆرەکانی جینۆساید لەپرۆسەکانی ئەنفالدا پیادەکراوە.

چوارەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە رێژەی ٧٦,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەنێوان تەمەنی ٣٠-٥٠ساڵیدان، هەروەها دەرکەوت کە بەشێکی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال لەماوەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٨٨ شویان کردووە و رێژەی ٩١,٢٪ی سەرجەمی ژنی پاشماوەی ئەنفال دەگرێتەوە، هەروەها

دەرکەوت کە زۆرینەی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەتەمەنی ١٩ساڵیدا شویانکردووە.

پێنجەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە ڕێژەیەکی گەورە لەژنی پاشماوەی ئەنفال خوێندەوارییان نییە کە ٨٩,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێکدەهێنێت، ئەمەش نزیکە لەو ئەنجامەی کە لەتوێژینەوەکەی (دزەیی)دا بەدەستهاتووەو دەرکەوتووە ڕێژەی ٧٤٪ ڕەگەزی مێینە نەخوێندەوارن، هەروەها دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ژمارەی ئەندامانی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال ٤,١٦ یە، هەروەك دەرکەوت ڕێژەی ٦٩,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ئامۆزاو کەسی نزیکی یەکترن.

شەشەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ڕێژەی ٩٥,٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەو ژنانەن کە لەساتەوەختی ڕودانی ئەنفالدا لەگوندەکاندا ژیاون و دوای پرۆسەکە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان گوێزراونەتەوەو ئێستا لەو کۆمەڵگەیانەدان.

حەوتەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا ٧٦٪ ژنی پاشماوەی ئەنفال لەماڵی سەربەخۆدا ژیاون و ڕێژەی ٢٤٪ لەماڵی باوکی مێرد(خەزور)دا ژیاون، بەڵام دوای پرۆسەی ئەنفال لەئەنجامی بێسەروشوێنکردنی مێرد لەخێزاندا ئەم هاوکێشەیە گۆڕاوەو ئێستا ٧٥٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەگەڵ مناڵەکانیاندا دەژین و ڕێژەی ١٦,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفالیش گەڕاونەتەوە بۆ ناو خێزانەکانی خۆیان (زۆرجار بەو منالانەشەوە کە لەمێردە ئەنفالکراوەکەی هەیبووە)، لەهەمانکاتدا شێوازی نیشتەجێبوونی باوکایەتی لەئەنجامی ئەم پرۆسەیەوە دابەزیوە بۆ ٣,٢٪ لەکاتێکدا لەپێش پرۆسەکە ٢٤٪ بووە.

هەشتەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەردەکەوت کە تاکو ئێستا ٩١٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال بەبێوەژنی ماونەتەوەو ژیانی هاوسەرێتییان پێکنەهێناوەتەوە، ئەمەش نزیکە لەو ئەنجامەی کە لەتوێژینەوەی(ڕەئوف)دا بەدەستهاتووەو دەرکەوتووە ڕێژەی ٩١,٩١٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال شویان نەکردۆتەوە، هەروەها نزیکیشە لەو ئەنجامەی کە توێژینەوەی (صدیق)پێی

گەیشتووەو دەرکەوتووە ٩٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال شویان نەکردۆتەوە، هەروەك دەرکەوت هۆکاری سەرەکیی شونەکردنەوەی ژنی پاشماوەی ئەنفال بۆ پەروەردەکردنی منداڵو چاوەروانیی مێرد دەگەڕێتەوە، ئەم ئەنجامەش تەبایە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە(صدیق)پێی گەیشتووەو ئاماژە بەوە دەکات کە بەخێوکردنی منداڵو چاوەروانیی مێرد هۆکاری شونەکردنەوەی ژنی پاشماوەی ئەنفالن.

نۆیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا لە ٩٤,٤٪ خێزانەکاندا پیاوان سەرۆکی خێزان بوونو رێژەی ٠,٨٪ ژن سەرۆکی خێزان بوون، بەلام دوای پرۆسەی ئەنفال بێسەروشوێنکردنی مێرد لەخێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ئەم رێژەیە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردادێت بەجۆرێك لە٨٢,٤٪ی ئەو خێزانانەدا ژن دەبێتە سەرۆکی خێزان، ئەمەش تارادەیەك نزیکە لەو ئەنجامەوە کە لەتوێژینەوەکەی(صدیق)دا بەدەستهاتووە کە لە٧٢٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفالدا ژنانن ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵیان لەسەرەو سەرۆکی خێزانن.

دەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ٨٣,٣٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال خێزانەکانیان گرفتی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە، ئەمەش تارادەیەك نزیکە لەو ئەنجامەوە کە لەتوێژینەوەی (تاڵەبانی ومحمد)دا بەدەستهاتووەو دەرکەوتووە ٦٨,٩٪ی خێزانی پاشماوەی ئەنفال کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە.

یانزەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا ٢٩,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال کاری ماڵەوەیان کردووەو ٢٧,٩٪ جوتیارییان کردووەو ٣١,٣٪ ئاژەڵدارییان کردووە، بەلام لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە ئەم رێژانە دەگۆڕێت و رێژەی ئەو ژنانەی کە کاری ماڵەوە دەکەن بەرزدەبێتەوە بۆ ٥٥٪ و رێژەی جوتیاریی دادەبەزێت بۆ ٥,٦٪و ئاژەڵداریی دادەبەزێت بۆ ٨,٣٪ ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەند پیشەیەکی تر لەدوای پرۆسەی ئەنفالدا لەنێو کاری ژنی پاشماوەی ئەنفالدا روو لەزیادبوون دەکەن کە بریتییە لەکرێکاریی بەرێژەی ١٣,٩٪ کە پێشتر لەگوندنشینی کوردیدا نەبووەو کاری دەستیی کە

پێش پرۆسەکە ٧,٧٪ بووەو لەدوای پرۆسەکە بۆتە ٨,٣٪ ، ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوەی (تاڵەبانی و محمد)ە کە ئاماژە بەوە دەکات کە لەپێش پرۆسەی ئەنفالدا ٩٧,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ژن یان کچی ماڵ بوون، بەڵام لەپاش شاڵاوەکان ئەم ڕێژەیە بۆ ٨٤,٢٪دابەزیووەو ڕێژەی ٦,٢٪ پیشەیان بۆتە کرێکاریی.

دوانزەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ژنی پاشماوەی ئەنفال بریتییە لەیارمەتی حکومەتی هەرێم بەڕێژەی ٥٦٪، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی بۆ داهاتی مانگانەی هەموو خێزانێکی ژنی پاشماوەی ئەنفال بریتییە لە٣٥٥,٥ دینار، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئەنجامەیە کە لەتوێژینەوەکەی (ڕەئوف)دا دەرکەوتووە کە حکومەتی هەرێم یارمەتی خێزانی پاشماوەی ئەنفالی نەداوە.

سیانزەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ٣٣,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال کەسی ئیشکەرن لەخێزانداو لەم ڕێژەیەش ٥٠٪ کرێکاریی دەکەن و ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان لەنێوان (٦-٧)سەعاتدایە.

چواردەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ٥٢٪ی ژنان لەکاتی کارکردنیاندا منداڵەکانیان لەماڵەوە بەتەنیا جێدەهێڵن، لەم ڕێژەیەش ٢٢٪یان منداڵەکانیان ڕووبەڕووی کارەسات بوونەتەوەو ڕێژەی ٤,٣٤٪ ڕووبەڕووی لادانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

پانزەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ڕێژەی ٣٧٪ی ئەو ژنانەی کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە لەکاتی کارکردندا لەم ڕێژەیەش ٥٧,٨٩٪ گرفتەکەیان خراپیی مامەڵەی خاوەنکار بووە لەگەڵیانداو ڕێژەی ٣٦,٨٥٪ لەکاتی کاردا ڕووبەڕووی ناکۆکی بوونەتەوە لەگەڵ کرێکارو فەرمانبەرەکانی تردا و ڕێژەی ٥,٢٦٪ ڕووبەڕووی (تحرش)بوونەتەوە، ئەمەش نزیکە لەو ڕێژەیەی کە(صدیق)پێی گەیشتووەو دەرکەوتووە کە ٢,٤٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بوونەتەوە.

شانزەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ئەو ژنانەی ماوەی کارکردنی رۆژانەیان لەنێوان(١-٤)سەعاتدایە کاریگەریی کارکردن لەسەر لایەنی تەندروستی و کۆمەلایەتی و دەرونیی و پەروەردەیی منال بەرێژەی ١٥٪یە، بەلام ئەوانەی (٥-٨) سەعات رۆژانە کاردەکەن کاریگەریی کارکردن لەسەر ئەو بوارانەی ژیانیان بەرێژەی ٣٥٪، بەلام ئەوانەی رۆژانە ٩ سەعات زیاتر کاردەکەن کاریگەریی کارکردن لەسەر ئەو بوارانەی ژیانیان بەرێژەی ٤٥٪.

حەڤدەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە رێژەی ٤٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە رادەی هاوکاریی خەڵکی بۆیان لەئاستی سفردایەو رێژەی ٥٢٪ی ژنانیش لەو باوەڕەدان کە رادەی هاوکاریی خێزانە ئەنفالکراوەکان لەناو یەکتردا لەئاستی سفردایە.

هەژدەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە رێژەی ٥٢,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە دیدگای خەڵکیی بەرامبەریان دیدگایەکی خراپەو هۆکاری ئەمەش بەلای ٦٢,٤٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفالەوە هۆکارێکی کۆمەلایەتییە.

نۆزدەیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە پرۆسەی ئەنفال بەرێژەی ٦٨,٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال توانیویانە لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەدا خۆیان بگونجێنن کە دوای پرۆسەی ئەنفال بۆی راگوێزراون.

بیستەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە پرۆسەی ئەنفال بەرێژەی ٩٤,٤٪کاریگەریی لەسەر باری دەرونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال دروستکردوەو لەم رێژەیەش ٩٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال بورانەوەی بەردەوامیان لەگەڵدایە. ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە توێژینەوەکەی (دزەیی)پێی گەیشتووەو دەرکەوتووە کە پرۆسەی ئەنفال بۆتەهۆی نەخۆشییە دەرونییو عەقلییەکان لەرێزی کەسانی پاشماوەی ئەنفالدا.

بیست ویەکەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت رێژەی ٩١,٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکانیانن، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی(رەئوف)ە کە لە ٧٣٪ و توێژینەوەکەی(صدیق)ە کە

٣٦٪کەس و کاری پاشماوەی ئەنفال چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکانیان دەکەن، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم توێژینەوەیە لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەنجامدراوە لەکاتێکدا توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال بەگشتی ئەنجامدراوە.

بیست ودووەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ڕێژەی ٣٠,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال نەخۆشی هەناوییان هەیەو ڕێژەی ٢٦,١٪ نەخۆشی جومگەوئێسقانیان هەیەو ڕێژەی ١٥,٥٥٪ نەخۆشییەکانی قورگ و لوت و گوێ و ڕێژەی ١٢,٧٧٪ نەخۆشییەکانی چاویان لەگەڵدایە، سەبارەت بەئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ڕێژەی ٥٧,٦٪ ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەکەیاندا ڕازین.

بیست وسێیەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ٢٥,٦٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال بەهۆی زیندانیکردن و ئازاردانەوە لەناو زینداندا تووشی نەخۆشی بوون.

بیست وچوارەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ڕێژەی ٧٣,٧٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال پێیانوایە کە ئەو بڕە یارمەتییەی لەلایەن حکومەتەوە پێیاندەدرێت کەمەو لەئاستی پێویستدا نییە.

بیست وپێنجەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت داخوازیی ٤٣,٣٥٪ ژنی پاشماوەی ئەنفال لەحکومەت بریتییە لەپێدانی زەوی و داخوازیی ٣٩,٥٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەحکومەت بریتییە لەبڕینەوەی مووچە، هەروەها داخوازیی ٣٥,٨٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەڕێکخراوەکان بریتییە لەدروستکردنی خانوو.

بیست وشەشەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٧٢٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفال تاکو ئێستا هیچ مناڵێکیان نەچۆتە ژیانی هاوسەرێتییەوەو ڕێژەی ٢٨٪ی ژنی پاشماوەی ئەنفالیش مناڵەکانیان(هەموویان یان هەندێکیان) چوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە.

بیست وحەوتەم/ لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت کە ڕێژەی ٥٣,٢٥٪ی مناڵی ژنی پاشماوەی ئەنفال وازیان لەخوێندن هێناوەو لەم ڕێژەیەش لە٥٥,٧٪

کچانو ڕێژەی ٥١,٢٥٪ کوڕانن، هەروەها دەرکەوت هۆکاری وازهێنان لەخوێندن لەلای منالانی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بەڕێژەی ١٢,٠٦٪ بۆ خراپیی باری ئابووریی‌و ڕێژەی ٢٧,١٣٪ بۆ کەم‌وکوڕی لەپێداویستییەکانی قوتابخانەو لە١٢,٦٪بۆ کارکردن‌و ١٠,٥٥٪ بۆ کاری ماڵەوەو ١,٥٪بۆ خراپیی باری دەروونیی‌و عەقڵیی دەگەڕێتەوە.

## دووەم: دەرەنجامی توێژینەوەو ساغکردنەوەی گریمانەکان

*لەنێوان وشەی (ئەنفال‌و غەنیمە)دا لێکچوونێکی تەواوو پڕاوپڕنییە لەڕووی ماناوە، بەڵکو زیاتر پێکەوە بەسترانێکی مێژوویی هەیە لەنێوانیاندا.

*ئەنفال لەچوارچێوەی تاوانی جینۆسایددا مامەڵەی لەگەڵدەکرێت.

*بەشێکی گەورە لەژنی پاشماوەی ئەنفال تاکو ئێستا توانای منالبوونیان هەیەو لەتەمەنی منالبوونندان (          ).

*ژنان دووجار بوونەتە قوربانیی لەپرۆسەی ئەنفالدا بەوەی هەندێکیان لەو پرۆسەیەدا بێسەروشوێنکراون‌و چارەنووسیان نادیارە، ئەوانەشی گەڕانەوە جگە لەماڵ‌وحاڵێکی تالانکراوو خێزانێکی هەڵوەشاوە هیچی تریان بۆ جێنەماوە، بەمەش ژنی گەڕاوە لەسەفەری مەرگی ئەنفال خەمی ژیانی منال‌و مردنی مێردەکان‌و بنیادنانەوەی ماڵ‌و حاڵیش کەوتۆتە ئەستۆیان.

*زۆربەی ئەو خێزانانەی لەپرۆسەی ئەنفالدا زیانمەندبوون خێزانی نوێ‌و تازە دروستبووبوون.

*زوو شوکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال کاریگەریی هەبووە لەسەرئەوەی کە ژنی پاشماوەی ئەنفال منالی زۆربێت.

*زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال نەخوێندەوارن، لەبەرئەوە نەخوێندەواریی لای ئەم ڕێژە زۆرەی ژنی پاشماوەی ئەنفال کاریگەریی سلبی لەسەر خێزان‌و پەروەردەی منال بەجێهێشتووە.

*هاوسەرێتی لەنێوان ژنی پاشماوەی ئەنفال‌و مێردە ئەنفالکراوەکەیدا لەجۆری هاوسەرێتی داخراوبووە کە لەنێوان خزم‌و کەسە نزیکەکاندا

ئەنجامدراوە، کە لەگوندنشینی کوردی بەگشتیو گەرمیان بەتایبەتی بڵاوبووە لەساتەوەختی رودانی ئەنفالدا.

*ئەنفال بۆتەهۆی هەڵتەکاندنی ژینگەی سروشتیو کۆمەڵایەتی ژنی پاشماوەی ئەنفالو خێزانەکانیان، ئەمەش کۆمەڵێك گرفتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیو دەروونیی لەژیانی ئەو ژنانەدا دروستکردووە.

*پرۆسەی ئەنفال بۆتەهۆی هەڵوەشانەوەی خێزانی سەربەخۆو کردنەوەی بەخێزانی لێکدراو، ئەمەش راستی ئەو گریمانەی سەرەتا دەسەلمێنێت کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی هەبووە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزانی نویو کردنەوەی خێزانەکان بەخێزانی لێکدراو.

*زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال بەبێوەژنیی ماونەتەوەو ژیانی هاوسەرێتییان پێکنەهێناوەتەوە، ئەمەش راستی ئەو گریمانەی سەرەتا دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەدوای ئەنفالکردنی مێردەکانیانەوە شویان نەکردۆتەوە.

*هۆکاری سەرەکیی شونەکردنەوەی ژنی پاشماوەی ئەنفال پەروەردەکردنی منداڵو چاوەڕێکردنی مێردە، ئەمەش ئەو گریمانەیەی سەرەتا هاڵدەوەشێنێتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات دابونەریتی کۆمەڵایەتی کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە لەپێکنەهێنانەوەی ژیانی هاوسەریی لەلایەن ژنی پاشماوەی ئەنفالەوە.

*ئەنفال کاریگەریی گەورەی هەبووە لەگۆڕینی سەرۆکی خێزان لەباوکەوە بۆ دایك لەنێو خێزانی پاشماوەی ئەنفالدا. ئەمەش راستی ئەو گریمانەیەی سەرەتا دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات پرۆسەی ئەنفال بۆتەهۆی گۆڕینی سەرۆکی خێزان لەباوکەوە بۆ دایك.

*گەورەترین کێشەی خێزانیی ژنی پاشماوەی ئەنفال بریتییە لەنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون.

*ئەنفال بۆتەهۆی گۆڕینی پیشەی ژنی پاشماوەی ئەنفال، گۆڕینی پیشەش کۆمەڵێك گرفتی زۆری بۆ دروستکردوون.

*داهاتی مانگانەی خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەخوار پلەی پێداویستییەکانی ژیانەوەیە.

*لەبەشێکی زۆری خێزانی ژنی پاشماوەی ئەنفالدا ژنان خۆیان کەسی ئیشکەرن، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیەی سەرەتا دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات ژنی پاشماوەی ئەنفال ژێنەری سەرەکیی خێزانەکانیانن.

*کارکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەدەرەوەی ماڵ کاریگەریی سلبی لەسەرخۆی و منداڵەکانی بەجێهێشتووە، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات ئیشکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال کاریگەریی سلبی لەسەر ژنان و منالان بەجێهێشتووە.

*کارکردنی ژنی پاشماوەی ئەنفال کۆمەڵێك گرفتی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و جەستەیی بۆ دروستکردووە، هەتا ماوەی کارکردن زیاتربێت گرفتەکانیش لەگەڵیاندا زیاتر دەبن، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیەی سەرەتا دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات ئاسەوارە سلبییەکانی کارکردن لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال راستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی ماوەی کارکردندا.

*رادەی هاوکاریی خەڵکیی بەگشتی و کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال بەرامبەر ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئاستێکی لاوازدایە، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات بەهێزیی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا وایکردووە کە هاوکاریی خەڵکیی بۆ ژنی پاشماوەی ئەنفال زۆربێت.

*خەڵکیی بەگشتی بەچاوی گومانەوە دەڕواننە ژنی پاشماوەی ئەنفال و بەگومانەوە لەهەڵسوکەوت و رەفتاریان دەڕوانن، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بەشێك لە قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەلایەتییەکانی ژنی پاشماوەی ئەنفال لەئەستۆی کۆمەڵگەدایە.

*زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال توانیویانە لەگەڵ ئەو ژیگە نوێیەدا خۆیان بگونجێنن کە لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە بۆی راگوێزراوە، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە ئاماژە بەوە دەکات ژنی پاشماوەی

ئەنفال توانیویەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ژینگەی ئێستایدا خۆی بگونجێنێت.

*ئەنفال کاریگەریی لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال بەجێهێشتووە، ئەمەش راستی ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر باری دەروونیی ژنی پاشماوەی ئەنفال.

*زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکانیانن.

*زۆربەی زۆری ژنی پاشماوەی ئەنفال گیرۆدەن بەدەست نەخۆشییەوە.

